

# هیوا و ترس

## مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عیراق

AMNESTY INTERNATIONAL

” لێبووردنی نێونەتەوەیی“ بزووتنەوەیەکی جیهانی 2.2 ملیۆن خەڵکە لە زیاد لە 150 وڵات و هەرێم، کە لە پێناو کۆتایی هێنان بە دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ خەبات دەکات. روانگەی ئێمە ئەوەیە هەموو تاکە کەسێک خۆشی لەو مافانە ببێنێت کە لە ”جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ“ و پێوانە نێونەتەوایەتییەکانی دیکەی مافی مرۆڤدا هاتوون. ئێمە لە هەموو حکوومەتێک، بیروباوەڕێکی سیاسی، سوودی ئابووری یا ئایین سەربەخۆین – و بودجەمان بە شێوەی سەرەکی لە رێگەی ئەندامیەتی و دەسگرۆیی خەڵکەوە دابین دەکرێت.

AMNESTY
INTERNATIONAL


چاپەمەنی لێبووردنی نێونەتەوەیی

یەکەم جار چاپ بووە لە لایەن
Amnesty International Publications
International Secretariat
Peter Benenson House
1 Easton Street
London WC1X 0DW
United Kingdom
www.amnesty.org



© چاپەمەنی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ساڵی 2009



Index: MDE 14/006/2009
زمانی سەرەکی: ئینگلیزی
سکرتاریەتی نێونەتەوەیی، لێبووردنی نێونەتەوەیی،
لە شانشینە یەکگرتووەکان چاپی کردووە



هەموو مافەکان پارێزراون. مافی کۆپی رایتسی ئەم چاپەمەنییە پارێزراوە، بەڵام بۆ ئەرکی پشتگیری کردن، خەبات و هەروەها فێرکردن، دەتوانرێت بە هەر شێوازاێک کە بخوازرێت کۆپی بکرێت بە بێ ئەوەی دراوێکی بۆ بدرێت، بەڵام بۆ فرۆشتنەوە نابێت. بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی رادە ی کارتێکەرییەکانی چاپەمەنییە کە، خاوەنی کۆپی رایتسەکە داواکارن ئەو چەشنە کەڵک وەرگرتنانە لە لای ئەوان تۆماربکرێت. بۆ کۆپی کردن لە هەر بارودۆخێکی دیکەدا، یا بۆ بەکارهێنانی لە چاپەمەنییەکانی تر، بۆ وەرگێڕان یا راگواستن، دەبێ پێشتر بە نووسین ئیجازە لە بڵاوکەرەوە وەرگیرابێت، واهەیە دراوێکیش داوا بکرێت.


وێنەی ڕووبەرگ: پارێزگەی دهۆک لە هەرێمی کوردستان
© لێبووردنی نێونەتەوەیی

# پێڕست


1. ناساندن..........5
2. پێشینە..........7
3. دەور و بەرپرسایەتیی *ئاسایش*..........9
4. دەستبەسەرکردنی هەوەسکارانە..........11

ئامۆژگارییەکان..........16

5. ونبوونی بەزۆر..........17

ئامۆژگارییەکان..........20

6. ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی نالەباری تر..........21

ئامۆژگارییەکان..........24

7. دادگاییکردنی ناعادڵانە و سزای مەرگ..........25

ئامۆژگارییەکان..........30

8. هەڵاواردن و زەبروزەنگ دژ بە ژنان..........31

ڕادەی زەبروزەنگ دژ بە ژنان..........31

هەڵبژاردنی بەربەستکراوی شێوازی ژیان..........32

ڕاگەیاندنی زەبروزەنگ..........34

پێداویستیی باشترکردنی پارێزگاری..........35

ڕاونانی تاوانباران..........38

ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ لە مەترسیدا..........39

ئامۆژگارییەکان..........40

9. هێرشکاریی بۆ سەر ئازادیی دەربڕینی بیروڕا..........42

ئامۆژگارییەکان..........46

پەراوێزەکان..........47

# 1. سەرەتا

هەرێمی کوردستانی عیراق[1]، بە پێچەوانەی پاشماوەی وڵاتەکە، لە کاتی هێرشی ساڵی 2003 بە ڕێبەرایەتی ئەمریکاوە، بە گشتی هێمن بووە. هەرێمەکە گەشەسەندنی ڕوو لە زیادبوونی بەخۆیەوە بینییوە و هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی، بە دامەزرانی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە ناحکوومیی (ئێن جی ئۆ) کانەوە، کە لە بواری برەوپێدان و پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤدا چالاکن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان(ح.ە.ک) لە بواری مافەکانی مرۆڤدا پێشکەوتنی وەدەست هێناوە. لەناوەڕاستەکانی ساڵی 2008دا سەدان دەستبەسەری سیاسی ئازاد کرد، کە بەشی زۆریان بۆ ماوەی چەند ساڵ بە بێ تۆمەتباریی فەرمی و دادگاییکران لە زینداندا ڕاگیرابوون. ئەوە بووەتە هۆی باشتربوونی یاساکانی عیراق بۆ نموونە، یاسای چاپەمەنییەکانی مانگی سپتەمبری 2008 پەرەی بە ئازادییەکانی دەربڕینی بیروڕا دا، و چاککاری لە یاسای باری کەسایەتی کە لە مانگی ئۆکتۆبری 2008دا پەسند کرا، مافەکانی ژنانی بەهێزتر کرد. دەسەڵاتدارییەتی چەندەها کۆڕ و ئەنجومەنیشیان بۆ چاودێری و بەرگریکردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان پێک هێناوە، کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی تایبەت و پەناگەش دەگرنەوە. هەروەها بۆ برەوپێدانی وتووێژ لەنێوان دەسەڵاتدارییەتی، بەتایبەت وەزارەتی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و باس کردن سەبارەت بە دڵنیگەرانی لە مەڕ مافەکانی مرۆڤ، بە زەبروزەنگی دژ بە ژنانەوە، دووانگە دامەزراون.

بەڵام، سەرەڕای ئەم هەنگاوە ئەرێیی و هیوابەخشانە، توند وتیژیی جیددی دژ بە مافەکانی مرۆڤ بەردەوامە و هێشتا دەبێ کاری بۆ بکرێت. بەتایبەت، کردەوەی خێرا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەخوازێت بۆ دڵنیابوون لەوەی خزمەتگوزاریی ئەمنی ناوخۆیی، *ئاسایش*، بە گوێرەی یاسا و بەکردەوەش، بە تەواوەتی بە لێپرسراو بزانرێت لە بەرانبەر لێکۆڵینەوەی تۆمەتی ئەشکەنجە، ونبوونی بە زۆر و توندوتیژیی جیددی دیکەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن *ئاسایش* و هێزە ئەمن و زانیارییەکانی ترەوە. هەروەها، بۆ کۆتاییهێنان بە زەبروزەنگ و هەڵاواردنی دژ بە ژنان، بەرەوپێش چوون لەسەر بنەمای دەستکەوتەکانی تا ئێستا، و پەرەپێدان و گونجاو کردنی توانای بەردەوامبوون و هەڵبژاردنی شێوازی ژیان بۆ ژنان و کچان، پێویستە گەلێک کاری تر بکرێت. سێهەم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، بە ئازادیی میدیاوە، هەنگاو هەڵێنێتەوە، و دەوری گرنگی میدیا لە زانیاریبەخشین بە کۆمەڵانی خەڵک وەک پاسەوانی گشتی بهێنێتە حیساب.

هەر ئەم سێ خاڵەشن کە ناوچەقی ئەم ڕاپۆرتەن.

لە ساڵی 2000بەدواوە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا هەزاران کەس بە هەوەسکاریی گیراون و بە بێ تۆمەتبارکردنی فەرمی و موحاکەمە زیندانی کراون، لە هەندێ حاڵەتدا بۆ ماوەی زیاد لە حەوت ساڵیش. زۆربەی هەرە زۆریان گومانی ئەوەیان لێ کراوە ئەندام یا لایەنگری ڕێکخراوە خۆجێییە ئیسلامییەکان بن. ئەم خاڵە، گرووپی چەکدار و حزبی سیاسیی قانوونیی ئەوتۆش دەگرێتەوە کە توندوتیژی نانوێنن و وەک بەشێک لە دوانگەی سیاسی خۆیان بانگەدەری توند وتیژی نین. هەندێکیان ئەشکەنجە کراون یا لە زیندانا هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵدا کراوە.

گیرانەكان، بە بێ جیاوازی، لەلایەن ئەندامانی ئاسایشەوە بەڕێوە چوون، بە بێ ئەوەی قەراری گیران بە كەسەكە نیشان بدەن و ئەوانەش وا گیراون، دواتر مافی دەستڕاگەیشتن بە نوێنەری یاسایی یا خود لە ماوەی دەستبەسەریدا دەرەتانی بەربەرەكانیكردنی درێژبوونەوەی ماوەی گیرانی خۆیان لە بەر دەم دادگا یا ئەنجومەنێكی یاساییدا نەبووە. هەندێك لە گیرانەكان بە گوێرەی ونبوونی بە زۆر بەڕێوە چوون، كە چارەنووس و شوێنی هەندێكیان ئێستاش ڕوون نەبۆتەوە - بە دوای گیرانیان لەلایەن *ئاسایش* یا خزمەتگوزارییە ئەمنییەكانی دوو حزبی سەرەكی كوردەوە، كەسوكاریان لە چارەنووس و شوێنیان بێ ئاگان و نەیانتوانیوە زانیاریی سەبارەت بە وان، یا پشتڕاستكردنەوەی گیرانیان لەلایەن دەسەڵاتدارییەوە وەدەست بهێنن. لە هەمان كاتدا، چەندەها دەرزەن بەندكراوی دیكەش لەژێر قەراری ئیعدامدان و قەرارەكانیان لە دادگای ناعادڵانەدا دەرچوون.

سەرەڕای هەوڵی جێگەی پەسندی حكوومەت بۆ چارەسەری "تاوانەكانی نامووس" و توندوتیژییەكانی تری دژ بە ژنان، لە ڕێگەی بەراوردكاری داتای پرس وجۆ سەبارەت بە زەبروزەنگی دژ بە ژنان بە گوێرەی ژمارەی كەیسی تۆماركراوی پۆلیس لەسەر توندوتیژیی دژ بە ژنان دەردەكەوێت كە زۆربەی زۆری ڕووداوەكان ڕانەگەیێنراون. تەنانەت كاتێ ژنان كووژراون یا لە هەوڵی كوشتن ڕزگاریان بووە، زۆرێك لە تاوانباران نەدراونەتە دەست دادپەروەری- زۆربەی جار لە بەر ئەوەی لێكۆلینەوەكان نەگەیشتوونەتە ئەوەی تاوانبارەكە دیاری بكەن یاخود لە بەر ئەوەی گومانلێكراو هەڵاتووە.

لە كردەوەدا، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، بە جیددی ڕووی لە كەمبوونەوەی بەردەوام ناوە، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی لەم دواییەدا زیندانیكران بۆ خەتای چاپكردن لەناو براوە. ڕۆژنامەنووسان گیراون و هەندێك جار لێیان دراوە، بە تایبەت كاتێ كە وتاری وایان چاپ كردووە كە تێیدا ڕەخنە لە حكوومەت گیراوە یا ئەوەیان زەق كردووەتەوە كە پێی دەگوترێ گەندەڵی و خاترگرتنی ناو حكوومەت و حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەكان. لێرەشدا هەردەگوترێت دەستی ئاشكرای *ئاسایش* و ڕێكخراوە ئەمنییەكانی تر لە پشت ژمارەیەكی زۆری ئەو هێرشكارییانەوە بێت. ڕۆژنامەنووسێك لە مانگی جولای 2008 لە بارودۆخێكی گومانلێكراودا كووژرا.

ئەم ڕاپۆرتە شرۆڤەی توندوتیژیی بەربڵاو دژ بە مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستانی عیراق لەم ساڵانەی دواییدا دەكات. بە تایبەت، ڕووناكی دەخاتە سەر توندوتیژیی وەك گرتنی هەوەسكارانە و درێژخایەن بە بێ تۆمەتباركردنی فەرمی و دادگاییكردن، ونبوونی بە زۆرەملی، ئەشكەنجە و شێوازەكانی دیكەی هەڵسوكەوتی خراپ، سزای ئیعدام، دادگاییكردنی نادادپەروەرانە، هەڵاواردن و زەبروزەنگ دژ بە ژنان، و هێرشكاریی بۆ سەر ئازادیی دەربڕینی بیروڕا. ڕاپۆرتەكە هەندێك توێژینەوەی كێشەكانیش بۆ دەرخستنی ئەو دەستدرێژییانە دەگرێتە بەر. ڕاپۆرتەكە هەروەها ژمارەیەكی زۆر ئامۆژگاری و پێشنیار دەخاتە بەردەست، كە ئەگەر كەڵكیان لێ وەربگیرێت، ڕێگایەكی درێژ بەرەو كەمكردنەوەی توندوتیژییەكان دەپێورێت.

زۆربەی زانیارییەكانی ناو ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامی سەردانێكی ڕاستیدۆزینەوە بوو، كە لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ماوەی 23ی مانگی پێنج هەتا 8ی شەشی 2008 لە هەرێمی كوردستانی عیراقدا بەڕێوەی برد[2] كە یەكەم سەردانی لێبووردنی نێونەتەوەیی بوو لە ماوەی چەندەها ساڵدا. لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ئۆگۆستی 2008دا ئەنجام و دەسكەوتەكانی خۆی لە شێوازی دوو ڕاگەیاندننامەی سەبارەت بە دڵنیاگەرانی لەمەڕ مافەكانی مرۆڤ، ئاراستەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان كرد و داوای وەڵامی لێكردن. وەڵامەكان لە كۆتایی ساڵی 2008 لە تۆیی نامەی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێمی كوردستاندا گەیشتنە دەستمان و لەم ڕاپۆرتەدا ڕەنگیان داوەتەوە[3].

# 2. پێشینە

هەرێمی کوردستانی عیراق لە ساڵی 1991ەوە لە سێ پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی پێک هاتووە و بە تەواوەتی و بە کردەوە لەلایەن دوو حزبی سیاسیی سەرەکیی کوردییەوە بەڕێوە براوە. پارتی دیموکراتی کوردستان(پ.د.ک)، بە ڕێبەرایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستانی عیراق، و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان(ی.ن.ک) بە ڕێبەرایەتی جەلال تاڵەبانی، کە ئێستا سەرکۆماری عیراقە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 دا بۆ دیاریکردنی 105 ئەندامی پەرلەمانی کاتیی کوردستان، پدک و ینک هەر کامیان 50 کورسییان بردەوە و 5 کورسییەکەی تر گەیی بە حزبیە سیاسییە بچووکەکانی ئاسۆری (مەسیحی). پدک و ینک لەسەر ئەوە پێکهاتن کە هێزێکی هاوبەش پێک بهێنن و پێکەوە حوکمی هەرێمی کوردستان بکەن کە ئەوەکارە هاوبەشە زۆرهاسان نەبوو، و لەسەرەتاکانی ساڵی 1994 و دوابەدوای کێشە لەسەر شەریکایەتی هاوبەشی داهات و کۆنترۆڵی هاوبەشی خاکەکە، لە بەریەک چوو. لە مانگی پێنجی 1994دا شەڕ لەنێوان دوو حزبەکە هەڵایسا و ناوبەناو هەتا کۆتایی ساڵی 1997 درێژەی کێشا[4]، بەڵام دواتر، لە ساڵی 1998 ئاشتی لەنێوانیاندا هاتەدی.[5] بەڵام هەر چۆنێک بێت پدک و ینک هەرکام درێژەیان دا بە کۆنترۆڵی ناوچەیەکی دیاریکراوی جۆغرافیایی و لەوێدا دوو "حکوومەت" یان پێک هێنا، کە بە تەرتیب لە هەولێر و سلێمانی دامەزران و پێشمەرگە (میلیشیا) و *ئاسایش*(ئەمن)ی خۆشیان دامەزراند.

هەرچۆنێک بێت، لە مانگی دوازدەی 2005، و دوای هێرش بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، کە سەددام حوسێنی لەسەر کار لابرد، پدک و ینک بە لیستەی هاوبەش لە هەڵبژاردنی گشتیی عیراقدا بەشدارییان کرد، و 53 کورسی لە 275 کورسیی ئەنجومەنی نوێنەران (پارلەمان)یان لە بەغدا، بردەوە. لە مانگی جوونی 2005دا، مەسعود بارزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێنرا، و چەند مانگ دواتر جەلال تاڵەبانی وەک سەرکۆماری عیراق هەڵبژێرا. لە 21ی جانیوەری 2006دا، پدک و ینک پێکهاتنی حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانیان ئیمزا کرد، کە ڕێگای بۆ یەکگرتنەوەی دوو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی خۆش کرد.

لە مانگی پێنجی ساڵی 2006دا حکوومەتێک بۆ هەرێمی کوردستان، بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاگەیێنرا. نێچیروان بارزانی، برازای مەسعود بارزانی، بوو بە سەرەک وەزیران. پدک و ینک بە سەر حکوومەتەکەدا زاڵن بەڵام چەند ئەندامێکی گروپە کەمایەتییەکان وەک ئاسۆری و تورکمان و نوێنەرانی حزبە سیاسییە قانوونییە ئیسلامییەکانیشی گرتووەتە خۆ. وەزارەتخانەکانی حکوومەت یەکیان گرتووە و ناوەندیان لە هەولێر، پێتەختی حکوومەتی هەرێمە، سێ وەزارەت نەبێ کە هێشتا یەکیان نەگرتووەتەوە- وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی دارایی، و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە[6]. زیاد لەوانە، هیچ دەزگایەکی *ئاسایش* و زانیارییش یەکیان نەگرتووە و بەردەوامن لە کارکردن وەک دوو قەوارەی جیاواز لە هەولێر و سلێمانی.

لە مانگی دەی 2005 سێ پارێزگای کوردی لەلایەن مەجلیسی یاسادانانی عیراقەوە وەک"هەرێم"ێکی قانوونی ناسران، بەو دەسەڵاتەوە کە یاسای نوێ بۆ هەرێمی کوردستان دابنێن و هەروەها قانوونە نەتەوایەتییەکانی عیراق بە ئامانجی کارپێکردن لە هەرێمی کوردستان بگۆڕن. لە ڕاستیدا، پەرلەمانی کوردستان گەلێک یاسای نوێی دەرکرد یاخود گۆڕانی لە یاساکانی عیراقدا پێک

هێنا، وەک قانوونی سزا، و قانوونی پەیڕەویی تاوان. هەندێک لەو یاسایانە پێش ساڵی 2005 دەرچوون. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها نوێنەرانی سیاسیی خۆی لە زۆر وڵاتاندا هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا هەرێمی کوردستانی عیراق بە گشتی دوور بووە لە توندوتیژیی کوشەندەی رۆژانە، کە زۆربەی بەشەکانی دیکەی عیراق بەوانەوە دەناسرێن. هەرێمەکە هەروەها خۆشی لە گەشەسەندنی نیسبی بینیوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، گەلێک لەو کوردانەی وا لەلایەن لێبووردنی نێونەتەوەییەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، دڵنیگەرانی خۆیان سەبارەت بە گەندەڵی و خزمخزمێنە و کەمبوونی شەفافییەت لەناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لەناو دوو حزبی سیاسیی زاڵدا، دەربڕیوە. دڵنیگەرانی گەلێک جیددی هەبوو کە دوو ڕێبەری سەرەکی کورد، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بە کردەوە لە بەرانبەر پەرلەمانی کوردستان یا هیچ دامەزراوەیەکی دیکەدا بەرپرسیار نەبن.

لەم دواییانەدا زۆر شوێنی مشتومڕ لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی عیراق لە بەغدا هەیە. یەکیان پەیوەندیدارە بە دۆخی هەمیشەیی کەرکووک، کە کەوتوتە پارێزگای ئەلتەئمیمەوە، ڕاست لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.[7] دەسەڵاتدارییەتی کوردی لای وایە کەرکووک، کە ناوەندێکی پیشەسازیی نەوتە و زەخیرەیەکی بەرچاوی نەوتی هەیە،[8] و هەروەها چەند شارۆچکە و گوندی پارێزگای دیالە، تەئمیم، و نەینەوا (مووسڵ) بە گوێرەی مێژوو، هی کوردن،[9] و لە ئەنجامدا، دەبێ بە فەرمی، بەشێک بن لە هەرێمی کوردستانی عیراق. زۆربەی ئەندامانی غەیرە کوردی حکوومەتی ناوەندیی عیراق لەسەر ئەوە مشتومڕیان هەیە. پێکهاتنێک بووە سەبارەت بەوەی مەسەلەکە لە ڕێگەی هەمەپرسییەکی گشتییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت کە تێیدا دانیشتووانی کەرکووک و ناوچە جێگەی مشتومڕەکانی تر، دەبێ دەنگ بدەن بۆ ئەوەی گەلۆ بکەونە سەر هەرێمی کوردستان یان نا. بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیی مانگی دەی 2005، هەمەپرسییەکە دەبوایە تا مانگی دوازدەی 2007 بەڕێوە بچوایەت، بەڵام ئەوە ڕووی نەداوە. هەمەپرسییەکە چەند جار بە هۆی بارودۆخی نالەباری ئاسایشی کە بە سەر کەرکووکدا زاڵە، هەروەها لە بەر ناکۆکیی نێوان ئەو لایەنە سیاسییە جیاوازانەی وا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و حکوومەتی ناوەندیدا نوێنەریان هەیە، چەند جار دواکەوتووە. توندوتیژیی سیاسی شوێنی کاریگەری لەسەر پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە داناوە.

دوای ڕووخانی حکوومەتی پێشووی عیراق لەسەرەتای هێرشی ساڵی 2003 بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هەزاران کەس لە هێزی ئەمنی کوردیان ناردە ناو کەرکووک و ئێستا هەوڵ دەگات کە کۆنترۆڵی ئەو شارە نەوتییە و گەلێک ناوچەی جێگەی مشتومڕیان بەدەستەوە بێت و گوشاریان خستبێتە سەر زۆرێک لە عەرەبی عیراقی و ئەندامانی کەمایەتیی قەومیی تورکمان ئەوێ بەجێ بهێڵن. ڕۆژی 31ی جانیوەری 2009 هەڵبژاردنی پارێزگایی لە 14 پارێزگا لەسەرجەمی 18 پارێزگا لە عیراق بەڕێوە برا، بەڵام لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و هەروەها کەرکووک (ئەلتەئمیم) بەڕێوە نەچوو، هەڵبژاردنی پارێزگایی ئەو ناوچانە بڕیارە درەنگتر لە ساڵی 2009دا بەڕێوە ببرێن. دەستەی یارمەتیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق(UNAMI) لە هەوڵیاندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی جێگەی پەسندی هەر دوولا سەبارەت بە مشتومڕ لەمەڕ دۆخی داهاتووی کەرکووک و ناوچەکانی تر، یارمەتی حکوومەتی ناوەندیی عیراق و هەرێمی کوردستانی عیراق دەدەن.[10]

حکوومەتی ناوەندی عیراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها کێشەیەکی گەورەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە سەبارەت بە داهاتی نەوت و دەرهێنانی نەوت. دوای چەند مانگ وتووێژ و گۆڕانکاری

لە زۆر لێژنەدا، ئێستا دەگوترێت کە رەشنووسی یاسای نەتەوەیی نەوت و گاز پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی کرابێت بۆ ئەوەی پەسندی بکەن. هەرچۆنێک بێت، هەر ئێستاش یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عیراق دانراوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیمانی دەرهێنانی نەوت و گازی لەگەڵ زۆر کۆمپانیای لاوەکی بەستووە- کە ئەوەش بووەتە هۆی گرژیی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی عیراق- و وەزیری نەوتی عیراق گوتوویەتی ئەو پەیمانانەی وا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەسترابن، ناقانوونین. حکوومەتی هەرێمیش، بەش بەحاڵی خۆی، دەڵێت هەم یاسای نەوت و گازەکەی و هەم پەیمانە مۆرکراوەکانی هەر دووکیان قانوونین و لەگەڵ یاسای بنەڕەتیی عیراقدا یەک دەگرنەوە.

# 3. دەور و بەرپرسایەتیی *ئاسایش*

*ئاسایش* دەزگایەکی فەرمی ئەمنیی هەرێمی کوردستانە. دەزگاکە لە ساڵی 1992دا لەلایەن دەسەڵاتدارییەتی کوردەوە دامەزرا و لەسەرەتاکانی ساڵی 1993دا دەستی بەکار کرد. لە ماوەی ساڵی 1993 دا بەڕێوەبردنی خرایە ئەستۆی وەزارەتخانەی کوردیی ناوخۆیی[11]. دوای سەرهەڵدانی شەڕ لەناوەڕاستەکانی ساڵی 1993دا، پدک و ینک سووربوون لەسەر ئەوەی کە هێزی ئاسایشی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆیی خۆیاندا بێت. پدک وینک بە تەرتیب لە ساڵی 2004 و 2005 دا ئاسایشیان لەژێر دەسەڵاتی ئەو وەزارتخانانە دەرهێنا.

لە 20ی یازدەی 2004دا یاسایەکی نوێ، بە ناوی یاسای 46ی ساڵی 2004، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کرا.[12] یاساکە، هۆکار و دەوری هێزەکانی *ئاسایش* لە هەرێمی کوردستان دا دیاری دەکات. دەوری سەرەکییان بریتییە لە :"پارێزگاریکردنی دانیشتووان، دابینکردنی دامەزراوی و *ئاسایش* لە هەرێمی کوردستانی عیراق و بەربەرەکانیکردنی تیرۆریزم، هەروەها بەربەرەکانیکردنی سیخوڕی و تاوانی پەیوەندیدار بە دەرمانی سڕکەر"(بەندی 6). دەزگاکە لەژێر دەسەڵاتی هیچ وەزارەتخانەیەکدا نییە، بەڵام ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەداتە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق. دەزگاکە سەربەخۆیی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی و بوودجەی تایبەت بە خۆی هەیە (بەندی 2، 3). سەرۆکایەتییەکەی فەرمانبەرێکی مەزنە، کە پلەی لە ڕیزی وەزیردایە و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە دادەمەزرێت و ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەداتە ئەو(بەندی 4). یاساکە، هیچ ڕەوتێکی سزا بۆ ئەو ئەندامانەی *ئاسایش* دیاری ناکات کە تاوان بکەن.

مانگی دووی 2009وە، هێشتا بە کردەوە دوو قەوارەی *ئاسایش* هەن، کە هەر کامیان لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا لەژێر کۆنترۆڵی پدک و ینک دان. بە شێوەیەکی بنەڕەتی، هەر دووکیان لە کاروباری پەیوەندیدار بە یاسا و نەزمدا، دەگەڕێنەوە بۆ سەر یاسای عیراقی بۆ ڕاگەیشتن بە تاوان و هەروەها بۆ یاسای سزای عیراقی لەگەڵ یاسای دژی تیرۆریزم لە هەرێمی کوردستان. لە هەموو شار و شارۆچکەیەکدا بینایەی *ئاسایش* هەیە، کە دەرەتانی زیندان یا گرتووخانەیەکی بە تەنیشتەوەیە. دائیرەی سەرەکی ناوی *ئاسایشی گشتی یە،* (واتە دەزگای ئەمنی گشتی)، یەک لە سلێمانی، کە سەرۆکەکەی سەیفەددین عەلی ئەحمەدە، و ئەویتریان لە هەولێر، کە سەرۆکەکەی عیسمەت ئەرگووشی یە. هەر کام لەو دوو بینایەی ئاسایشی گشتی زیندانێکیان لەناوخۆیاندا هەیە.

دیعایەی توندوتیژینواندنی زۆر دەکرێت دژ بە مافەکانی مرۆڤ و لەوانە، ئەشکەنجە و هەڵسووکەوتی نالەباری تر لەلایەن هەر دوو قەوارەی ئاسایشەوە، و نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە کاتی سەردانی هەرێمی کوردستانیاندا لەناوەڕاستەکانی ساڵی 2008، دیعایەی زیاتری لەو چەشنەیان پێ ڕاگەیشت. هەرچۆنێک بێت، دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەی خێرا، بێلایەن و سەربەخۆ سەبارەت بەو تۆمەتانە بەڕێوە ببات، بە شێوەیەک کە پیوانەگەلی مافەکانی مرۆڤی نێونەتەوەیی دەیانەوێت، و وا دەردەکەوێت کە قەوارەی ناوبراو لە فەزایەکی بێسزامانەوەدا کاروبار بەڕێوە ببات.

زۆر خەلک لەلای لێبووردنی نێونەتەوەیی گازندەیان کردووە کە*ئاسایش* مۆڵەتی ئەوەی پێدراوە لە دەرەوەی یاسادا کار بکات، بە بێ ئەوەی هیچ دەزگایەکی دادپەروەری یا چاوەدێرێک بەرهەڵستی بێت، وەک ئەوەی یاسای خۆی هەبێت و خۆیشی بەڕێوەی بەرێت. تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان بێزارییان دەربڕیوە لەوەی کە ناتوانن داوا لە کاربەدەستانی *ئاسایش* بکەن بێن و لە بەردەم پەرلەمانی

کوردستان وەڵامی پرسیاری سەبارەت بە توند وتیژینواندنێکی تایبەت بدەنەوە کە گوترابێت قەوارەی ناوبراو بەڕێوەی بردووە و ئەوان بە گوێرەی یاسا پێیان ڕاگەیێنراوە. گەلێک لەو کێشانەی وا لەم ڕاپۆرتەدا زەق کراونەتەوە، شرۆڤەی توندوتیژیی دژ بە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، کە دەگوترێت دوای گیرانی کەسەکان، لەلایەن کاربەدەستانی ئاسایشەوە بەڕێوە براون.

لە کاتێکدا زۆربەی ئەو دەستبەسەرییانەی وا بە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە کراون، لەلایەن ئاسایشەوە بوون، هەندێکی تریان ئەندامانی"پاراستن" و "دەزگای زانیاری" بەڕێوەی بردوون، کە بە تەرتیب، دەزگای ئەمنیی پدک و ینکن. سەرۆکی پاراستن مەسروور بارزانی، کوڕی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، و دەزگای زانیارییش لەلایەن باڤل تاڵەبانی، کوڕی سەرکۆماری عیراقەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. هەواڵی ئەوە دەگات کە هەردوو دەزگاکان لەناوەندی زیندانە نهێنییەکانی خۆیاندا دەستدرێژی جیددیان کردووەتە سەر مافەکانی مرۆڤ.

هەروەها هەواڵ دەگات کە ئەوان هەڕەشەیان لە ڕۆژنامە نووسان، نووسەران و ئەو کەسایەتییە ئاکادێمییانە کردووە کە دژ بەوەی پێی دەگوترێت گەندەڵیی نێو پدک و ینک، وەدەنگ هاتوون.

نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە سەردانی ساڵی 2008 ی هەرێمی کوردستاندا، بە دوور و درێژی لەگەڵ گەلێک بەرپرسی سەرەوەی *ئاسایش* قسەیان کرد و لەسەر کاروباری پەیوەندیدار بە یاسا و نەزم و بەڕێوەبردنی دادپەروەری، گرتن و دەستبەسەرکردن لەلایەن ئاسایشەوە بە بێ دادگاییکردن جەختیان کردەوە. وەفدەکە ئیزنی پێدرا کە چاوی بە هەندێک لە بەندکراوەکان لە ناوەندگەلی سەرەکیی ئاسایشی هەولێر و سلێمانی بکەوێت. هەندێک لە گیراوەکان دواتر ئازاد کراون.

لێبووردنی نێونەتەوەیی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە بارودۆخی ئێستادا، کە *ئاسایش* و پاراستن و دەزگای زانیاری بە شێوەیەکی کاریگەر لە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسادا ئیش و کار بەڕێوە دەبەن، پێویستیی خێرا هەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوانە نێونەتەوەییە پەیوەندیدارەکان بگرنە بەر چاو. "یاسای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی فەرمانبەرانی داسەپێنەری یاسا"، " یاسای کەمترین پێوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ زیندانییان" هەروەها "ڕاگەیاندنی بنچینەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی هەموو زیندانییان لە هەر شێوازێکی گرتن و دەستبەسەریدا" (ڕاگەیاندنی بنچینەییەکان)، بنەما و مەرجی گرنگیان بۆ بەڕێوەبردنی مرۆڤانەی ئەرک و کاری داسەپاندنی یاسا ڕێک خستووە. ئەوانەش بریتین لە:

- هەموو دەزگایەکی داسەپێنەری یاسا دەبێ نوێنەر و وەڵامدەر و بەرپرس بێت لە بەرانبەر کۆمەڵگادا بە گشتی؛
- پاراستنی بەسوودی پێوانە ئەخلاقییەکان لەناو فەرمانبەرانی داسەپێنەری یاسادا بەستراوەتەوە بە یاساکانەوە کە بە باشی بیریان لێ کرابێتەوە، کۆمەڵانی گەل وەریان گرتبێت و سیستەمێکی مرۆڤانەی بۆ دانرابێت؛
- هەموو کاربەدەستێکی داسەپێنەری یاسا بەشێکە لە سیستەمی دادپەروەریی تاوان، کە ئامانجی ئەویش بەرگریکردن و کۆنترۆڵی یاسایە، و هەڵسوکەوتی هەر تاکێک لە فەرمانبەران، کارتێکەریی لەسەر هەموو سیستەمەکە دەبێت؛
- هەموو دەزگایەکی داسەپێنەری یاسا دەبێ خۆی بە شێوەیەک ڕابهێنێت کە پێوانەکانی مافی مرۆڤ بپارێزێت؛

- کاری کاربەدەستانی داسەپێنەری یاسا دەبێ لەژێر چاوەدێریی ڕای گشتیدا بێت;

- پێوانەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی کاربەدەستانی داسەپێنەری یاسا لەلایەن بایەخی کردارەوە لە کەمی دەدەن مەگەر ناوەرۆک و واتایان ببێتە بەشێک لە ڕێبازی هەموو کاربەدەستێکی داسەپێنەری یاسا، ئەوەش لە ڕیگای پەروەردە، ڕاهێنان و چاوەدێرییەوە گونجاو دەبێت.

# 4. دەستبەسەرکردنی هەوەسکارانە

لە هەرێمی کوردستانی عیراق تا ئێستا هەزاران زیندانیی سیاسی گیراون بە بێ ئەوەی تۆمەتی فەرمییان لێ بدرێت یا دادگای بکرێن، هەندێکیان بۆ چەندەها ساڵ. لە وەڵامی یادداشتی مانگی هەشتی 2008ی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە دڵنیگەرانی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤدا، وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 19ی دەی 2008 ئاگاداری لێبووردنی نێونەتەوەیی کردەوە کە دەسەڵاتدارییەتی لە ماوەی ساڵی 2007 و نیوەی یەکەمی 2008 دا زیاتر لە 3000 گیراوی لە گرتووخانەکانی هێزەکانی *ئاسایش* ئازاد کردووە.

کاتێ کە نوێنەرایەتی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەنێوان مانگی پێنج تا شەشی 2008دا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، سەدان زیندانی هێشتا بە بێ تۆمەتباریی فەرمی و دادگاییکران لە دەستبەسەریدا مابوونەوە، کە زۆربەیان چەندەها ساڵ بوو گیرابوون. سەرۆکی ئاسایشی گشتی لە هەولێر لە کۆتایی مانگی پێنجی 2008 دا ئاگاداری لێبووردنی نێونەتەوەیی کردەوە کە ئەودەم 670 زیندانیی سیاسی بە بێ تۆمەتباریی فەرمی یا دادگاییکران مابوونەوە. بە شوێن ئەودا، وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ ئاگاداری لێبووردنی نێونەتەوەیی کردەوە کە لە ماوەی مانگی شەش تا نۆی 2008دا سەدان زیندانی بە بێ تۆمەتبارکردنی فەرمی ئازادکراون.[13] لێبووردنی نێونەتەوەیی زانیاری باوەڕپێکراوی پێ گەیشتووە کە ئەو ئازادییانە بە مەرج بوون و زۆربەی ئەوانەی ئازاد کراون داوایان لێکراوە هەفتانە بچن لە نزیکترین فەرمانگەی *ئاسایش* ئیمزا بکەن.

لێبووردنی نێونەتەوەیی زانیاری لەسەر ژمارەی وردی ئەو کەسانە نییە وا لەم دواییەدا گیراون. وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندوە کە لە ڕۆژی 19ی مانگی دەی 2008دا تەنیا نۆ کەس بە بێ تۆمەتبارکرانی فەرمی لە زینداندا بوون.[14] هەرچۆنێک بێت، گرتن و ڕاگرتنەکانی *ئاسایش* زۆرجار بە نهێنی و لە شاراوەییدا بەڕێوە دەبرێت: لە کاتێکدا کە لێبووردنی نێونەتەوەیی بەخێرهاتنی ئەو ئازادکردنانە دەکات، داواکارییەکانی سەبارەت بە زانیاریی لە مەڕ ژمارەی وردی ئەوانەی وا ئازاد کراون و ناوەکانیان و هەروەها ماوەی زیندانی هەرکام لە کەیسەکان، و بنەمای یاسایی گرتنەکەیان بێ وەڵام ماونەتەوە.

زۆرێک لەوانەی وا لەم ساڵانەی دواییدا گیراون، ئەوانە بوون کە گومانی ئەندامیەتی یا لایەنگریی گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانیان لێ کراوە، بە تایبەت ئەنسار ئەلئیسلام،[15] کە ڕێکخراوێکی یاساخکراوە، هەروەها حزبە سیاسییە قانوونییەکان بە بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان و ئەلجەماعە ئەلئیسلامییە[16]وە. هەندێکیان لە کاتی گیرانیاندا ئەندامی چالاکی ئەو رێکخراوانە بوون، هەندێکی دیکەیان بە گوێرەی زانیاری، پێشتر خۆیان لە کاری ڕێکخراوەکان دوور خستبووەوە، و ژمارەیەکیان ماوەیەکی دوور و درێژ پێش گیرانەکەیان لێیان دوور کەوتبوونەوە. هەندێکی تر تەنانەت دوای خۆبەدەستەوەدانیان بە هێزی پێشمەرگەی ینک لە پێکدادانی ساڵی 2003 یشدا، گیراون.

زۆربەی گیراوەکان لەلایەن ئەندامانی ئاسایشەوە دەستبەسەر کراون، کە هەندێک جار جلوبەرگی مەدەنیان لەبەر دایە. لە هەموو ئەو کەیسانەدا کە بۆ لێبووردنی نێونەتەوەی ناسروان، گیرانەکان بە بێ دەرچوونی بەڵگەی گرتن لەلایەن دەسەڵاتێکی قانوونییەوە بەڕێوە چوون، کە یاسای عیراقیش ئەوە دەخوازێت. هەندێک لە گیراوەکان لە ماڵەوە دەستبەسەر کراون و زۆربەی جار لە کاتی شەودا، هەندێکی تریش لەسەر شەقام گیراون. گیراوەکان کەمتر وابووە هۆکاری گیرانی خۆیان پێ بگوترێت، و ئەو زانیارییانە بە بنەماڵەکەشیان نەدراوە. لە هەندێک

کەیسدا بنەماڵەی گیراوەکان لە گیرانیان ئاگادار نەکراونەتەوە و سەرەڕای پرس و جۆ کردن لە لای دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی چەندەها هەفتە و تەنانەت مانگیش نەیانتوانیوە زانیارییان لێ وەدەست بخەن.

دوای گیران، کەسانی دەستبەسەرکراو براونەتە زیندان و گرتووخانەیەک کە *ئاسایش* بەڕێوەیان دەبات، و یەک لەوانە، لە هەندێک کەیسدا، گرتووخانەی نهێنی، کە بریتین لە هەندێک ماڵی تایبەتی لە هەولێر و سلێمانی وا لەلایەن ئاسایشەوە بۆ ئەم مەبەستە کەڵکیان لێ وەردەگیرا، و واهەیە ئێستاش هەر کەڵکیان لێ وەربگیرێت. بە گوێرەی هەواڵ، بارودۆخی ئەو شوێنانە گەلێک خراپە. بە پێی هەواڵ، هەل و مەرجی زیندانی ئاکرە، لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر ئەوەندە خراپ بووە کە لەناوەڕاستەکانی ساڵی 2007 دا، دوای سەردانی وەزیری مافەکانی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، داخراوە.

گیراوەکان واهەیە بۆ ماوەی چەندها هەفتە و مانگ دوای گیرانیان لێپرسینەوەیان لێ بکرێت. سەرەڕای ئەوەش، وەک لە چەند کەیسی خوارەوەدا بە زەقی پیشان دراوە، ئەوانە، بە شێوەیەکی نەگۆڕ مافی دەستڕاگەیشتن بە پارێزەریان پێ نەدراوە و هیچ دەرەتانێکیان نەبووە بۆ ئەوەی بتوانن دژ بە ناقانوونی بوونی گرتنەکەی خۆیان بوەستن، کە ئەوانە دژایەتیکردنی ئاشکرای یاسا و پیوانە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ و شکاندنی یاسا عیراقی و کوردییەکانن. لە ڕاستیدا، هەندیک پارێزەر بە لێبووردنی نێونەتەوەییان گوت کە لە ترسی هەراسانکردن و شێوەکانی دیکەی تۆڵە سەندنەوەی هێزە ئاسایشەکانی حکوومەتی هەرێم، ناوێرن داکۆکی لە گومانلێکراوانی تیرۆریزم بکەن. ئەو گیراوانەی وا داوای چاوپێکەوتنی پارێزەریان کردووە لەلایەن ئاسایشەوە پێیان گوتراوە کە هیچ فایلێک بۆ کەیسەکەیان نییە و هەر لە بەر ئەوەش پێداویستیەک نییە پارێزەریان هەبێت.

نزیک بە هەموو گیراوەکان دوای گیران مافی دەستڕاگەیشتنی خێرا بە بنەماڵەی خۆیان پێ نەدراوە، هەندێکیان بۆ ماوەی زیاد لە ساڵێک دەرەتانی چاوپێکەوتنی ئەندامانی بنەماڵەکەیان نەبووە. بە تایبەت لەو ماوەیەدا کە لەژێر لێپرسینەوەی *ئاسایش* دابوون دەرەتانی سەردانی ئەندامانی بنەماڵەیان نەبووە. هەندێک لە بنەماڵەکان تەنیا لە ڕێگەی ئامۆژگاری لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور(ICRC) موە، ئەویش زۆرجاران چەند مانگێک دوای گیرانی گیراوەکە، بە شوێنی دەستبەسەربوونیان زانیوە. کاتێ کە گیراوەکان دەرەتانی چاوپێکەوتنی بنەماڵەی خۆیان پێ دراوە، ماوەی سەردانەکە کورت بووە و لە هەفتەی جیاوازدا سەردانکەری نێرینە و مێینەیان هەبووە. گیراوەکان و بنەماڵەیان تومیویانە داوای سەردانی تایبەت بکەن. بە گشتی کاربەدەستانی *ئاسایش* لە ماوەی چاوپێکەوتنی تایبەت یا ئاساییدا، لەوێ ئامادە بوون، و وتوویژی نێوان گیراو و سەردانکەریان لێ ئەستەم کردووە.

ئەم کردەوانە بە ڕوونی تێکدەری پێوانە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤن. بۆ نموونە، بەندی 9ی ڕێکەوتنامەی نیونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR)، کە عیراق یەک لە وڵاتانی ئەندامیەتی، بەڵێن دەدات کە:

*" هیچ کەسێک نابێ بە هەوەسکاری دەستبەسەر بکرێت یا بگیرێت... هەر کەسێک بە تۆمەتی تاوانێک، بگیرێت یا دەستبەسەر بکرێت، دەبێ بە خێرایی ببرێتە بەردەمی داوەر یا فەرمانبەرێکی بە گوێرەی یاسا مۆڵەتپێدراو، کە دەسەڵاتی داوەریی بهێنێتە کایەوە، و دەبێ لە ماوەیەکی مەعقوولدا دادگایی یا ئازاد بکرێت."* [17]

یاسای عیراقیش مافی پارێزراوبوون لە گرتن و دەستبەسەرکرانی هەوەسکارانە مسۆگەر دەکات. بە گوێرەی یاسای ڕەوتی تاوان (بەندی 123)، کەسانێک کە گومانی تاوانیان لێ دەکرێت دەبێ لە

ماوەی 24 سەعات دوای گیراندا کێشەکەیان لەلایەن دادپرسێکی هەڵسەنگێنەرەوە بکەوێتە بەر پێداچوونەوە. ئەم مەرجە بە هۆی سەدان کەسەوە کە بۆ ماوەی دووررودرێژ بە بێ تۆمەتبارکرانی فەرمی و دادگاچوون، دەستبەسەر کراون، بە بەردەوامی پشت گوێ خراوە.

یاسای ڕەوتی تاوانیش، کە بە هۆی یادداشتی ژمارە 8ی دەسەڵاتدارییەتی کاتیی هاوپەیمانان(**CPA**) گۆڕانکاریی تێدا کراوە، ڕایدەگەیێنێت کە هەموو گیراوێکی پەیوەندیدار بە تاوانکاری کە وا گومانی تاوانی لێ بکرێت، لە ماوەی دەستبەسەربوونیدا، مافی ڕاوێژکاریی لەگەڵ پارێزەری هەیە. بەندی 13ی یاسای دژی تیرۆریزمی ساڵی 2006ی کوردستان دەستەبەری ئەوە دەکات کە هەر کەسێک کە دەگیرێت دەبێ دەستی بە پارێزەر ڕابگات و ئەشکەنجەش نەکرێت. بەندی ناوبراو هەروەها دەڵێت هەر کەسێک کە ئەشکەنجە دەکرێت دەبێ مافی گازەندەکردنی فەرمی لەوکەسانە هەبێت کە بەرپرسی ئەشکەنجەکردنەکەی بوون. ئەو متمانانە گەلێک جار لەلایەن ئاسایشەوە خراونەتە پشت گوێ و بە گوێرەی هەواڵ هیچ ڕەوتێک و پێوانەیەک بۆ ئەوە نییە کە تۆمەتی ئەشکەنجە یا دەستدرێژیکردنی دیکە بۆسەر مافەکانی مرۆڤ لە ئەندامانی *ئاسایش* یا دەزگا ئەمنییەکانی تر بدرێت.

یاسای ڕەوتی تاوان، کە بە هۆی بەشی 30(13)ی یادداشتی ژمارە 2ی دەسەڵاتدارییەتی کاتیی هاوپەیمانانەوە گۆڕانکاریی تێدا کراوە، دەڵێت ئەو زیندانییانەی وا دادگایی نەکراون دەبێ مۆڵەتی ئەوەیان پێ بدرێت کە دەستبەجێ دوای گیران ئاگاداری کەسوکاریان بکەنەوە. بەشی 14(1) لە یادداشتی ژمارە 2ی دەسەڵاتدارییەتی کاتی هاوپەیمانان هەروەها دەڵێت گیراوەکان مافی ئەوەیان هەیە بە هۆی نامە نووسین و سەردانی بەردەوامەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسوکارو دۆست و برادەری خۆیان بگرن.




دایکان و خزمانی گیراوەکان چاوەڕوانی چاوپێکەوتن لەگەڵ لێبووردنی نێونەتەوەیی، مانگی پێنج/ شەشی 2008

© Amnesty International

هەموو ئەو گیراوانەی کە بە هۆی لێبووردنەوە ئازادکراون، بە لێبووردنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، وەک مەرجێکی بەرەڵلاکردن، داوایان لێکراوە هەفتانە بچن و ئیمزا بدەنە *ئاسایش*، بە بێ ئیجازەی *ئاسایش* مۆڵەتی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی ئەو پارێزگایەشیان پێ نەدراوە کە تێیدا نیشتەجێن. ئەگەر کەسی ئازادکراو ئەو مەرجانە بەجێ نەهێنێت، ئەوا تاوانی کردووە، و *ئاسایش* دەتوانێت سەر لە نوێ بیگرێتەوە و ماڵەکەی، یا ماڵی ئەو کەسەی وا بە کەفیلی خۆی ناساندووە، زەوت بکات.

ڕۆژی 1ی جوولای 2007، پەرلەمانی کوردستان یاسای لێبووردنی پەسند کرد (یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2007)، کە بە گوێرەی ئەو، لەو کەیسانەدا کە لە دادگا مەسڵەتیان لەسەر دەکرێت، زیندانییەکە دەبێ ئازاد بکرێت. بەڵام هەر چۆنێک بێت زۆربەی زۆری ئەو زیندانیانەی وا گومانی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیان لەسەرە، ئەو یاسای لێبووردنە نەیگرتنەوە و هەتا کاتی بەربوونیان لە مانگی پێنج و شەشی 2008، لە زینداندا مانەوە.

ئەو کەیسانەی وا لە خوارەوەدا بە کورتی باسیان لێوەکراوە ڕەنگدەرەوەی ئەوشتەن کە بریتی بێت لە شێوازی گشتیی گیران و دەستبەسەرکرانی درێژخایەن بە بێ تۆمەتبارکردنی فەرمی و دادگاییکردنی ئیسلامییەکان و گومانلێکراوانی دیکەی ناحەز یا ڕەخنەگری دەسەڵاتدارییەتی هەرێمی کوردستان و دوو حزبە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان، واتە پدک و ینک. هەندێک لەو گیراوانە لە ساڵی 2008 یا ساڵانی پێشتردا لە ڕێگەی لێبووردنی گشتیی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرەڵلاکراون، بەڵام هەموو یا زۆربەی کەیسەکان، بە گوێرەی هەواڵ، بە مەرجی سەردان و ئیمزای بەردەوام لە لای *ئاسایش* بووە.

**وەلید یۆنس ئەحمەد**، تورکمانێکی لەدایکبووی ساڵی 1958، خاوەن ژن و سێ منداڵ. لەلایەن چەند پیاوێک بە جلوبەرگی مەدەنییەوە، کە بڕوا دەکرێت *ئاسایش* بووبێتن لە ڕۆژی 6ی مانگی دووی 2000دا لەسەر شەقامێکی شاری هەولێر گیراوە. کەسوکارەکەی دەستیان کردووە بە گەڕان بە شوێنیدا و پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارییەتییەوە گرتووە، بەڵام ئەوان نکۆڵییان کردووە لەوەی هیچ چەشنە زانیارییەکیان لێی هەبێت. کەسوکارەکەی بۆ ماوەی دەوروبەری سێ ساڵ بە شوێنەکەیان نەزانیوە. پاشان لە ڕێگەی لیژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور(ICRC) موە زانیویانە لە نووسینگەی سەرەکیی *ئاسایش* لە هەولێر دەستبەسەرە و بۆ یەکەم جار چوونەتە چاوپێکەوتنی.

وادەزانرێت وەلید یۆنس ئەحمەد، کە بۆ ئێزگەیەکی خۆجێیی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن ئیشی دەکرد، پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانەوە بووبێت، و دەگوترێت کە دوابەدوای گیرانەکەی، ئەشکەنجە کرابێت. ناوبراو ڕاگوێزراوە بۆ زیندانی شەقڵاوە و پاشان زیندانی ئاکرە، و لە کۆتاییدا گەڕێنراوەتەوە ئاسایشی هەولێر، کە ئێستاش لە مانگی دووی 2009 لە زیندانێکی تاکە کەسیدا بە بێ تۆمەتباریی فەرمی و دادگاییکران ڕاگیراوە. کاتێ کەس و کارەکەی لە 23ی مانگی یازدەی 2008دا چاویان پێی کەوتووە بە شوێن 45 ڕۆژ مانگرتن لە خواردن بۆ ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بە درێژەکێشانی دەستبەسەرییەکەی، لە دۆخێکی خراپی سەلامەتیدا بووە.

**شەمسەددین ساڵح عەبدوڵڵا**، مامۆستایەکی تەمەن 33 ساڵەی ڕاهێنان، خەڵکی هەولێر، خاوەن ژن و دوومنداڵ لە 5ی مانگی پێنجی 2002دا گیراوە. پیاوێک چووەتە ماڵەکەی و گوتوویەتی *ئاسایش* دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات. ناوبراو چووەتە بینایەی *ئاسایش* لە هەولێر و هەر لەوێ گیراوە و براوەتە نووسینگەی سەرەکیی پاراستن لە سەلاحەددین، ڕاست لە دەرەوەی هەولێر. کەسوکارەکەی دواتر، لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیانەوە، زانیویانە لە نووسینگەی سەرەکیی پاراستن ڕاگیراوە.


عومەر عارف محەمەد
© Private


غەریب عەزیز محەمەد
© Private



مەسعود مەحموود محەمەد
© Private

کەسوکارەکەی توانیویانە پێنج مانگ دوای گیرانی، کاتێ کە لە سلێمانی دەستبەسەر بوو، بچنە چاوپێکەوتنی. بۆ ماوەی سالێک لە ژووری تاکە کەسیدا ڕایان گرتووە و بە گوێرەی هەواڵ لە ماوەی یەکەم مانگەکانی دەستبەسەرییدا ئەشکەنجەش کراوە. دەستی توند لە پشتەوە بەستراوە و مەجبوور کراوە بە چاو بەستراوی ئیفادەیەکی ئامادە کراو ئیمزا بکات کە نەیزانیوە ناوەرۆکی چی بووە. پاشان نێردراوە بۆ زیندانی شەقڵاوە و بۆ ماوەی چەند مانگ لەوێ ڕاگیراوە. ئینجا نێردراوە بۆ زیندانی ئاکرە و لە کۆتاییدا، دوای چەند مانگی تر، بەڕێکراوە بۆ بینایەی *ئاسایش* لە هەولێر. تا مانگی شەشی 2008 لەوێ ماوەتەوە ئینجا، بە گوێرەی قسەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئازاد کراوە.

**مستەفا محەمەد ئەمین،** لە دایکبووی ساڵی 1976، خاوەن ژن و دوو منداڵ، بە گوێرەی هەواڵ، ئەندامی ئەنسارئەلئیسلام و پێشنوێژی مزگەوت بووە لە شارەزوور لە نزیک هەڵەبجە. دوای ئەوەی یەنک ڕایگەیاندوە کە لێبووردن دەداتە ئەو ئەندامانەی ئەنسارئەلئیسلام کە خۆ بدەن بە دەسەڵاتدارییەتییەوە، ڕۆژی 6ی چواری 2003 لە گوندی قەرەداغ لە نزیک سلێمانی خوی داوە بە دەست ئاسایشەوە. بردوویانە بۆ زیندانی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی، لەوێ هاوسەرەکەی توانیویە بۆ یەکەم جار دوای نزیکەی شەش مانگ چاوی پێی بکەوێت، پاشان، لە ماوەی 18 مانگدا زووزوو سەردانیان کردووە، بەڵام دواتر وەستاندوویانن. بۆ ماوەیەک کەس و کارەکەی توانیویانە لە ڕێگەی لیژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور(ICRC) ەوە نامەی بۆ بنێرن بەڵام بۆ ماوەی چەند مانگ هیچ نامەیەکیان پێ نەگەیشتووە، ئەوە بووەتە هۆی دڵنیگەرانییان سەبارەت بەو.
سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەی زیاد لە پێنج ساڵ زیندانی کراوە، هێشتا دەستی بە پارێزەر ڕانەگەیشتووە و نەبراوەتە بەر دەم داوەرێکی تەحقیق. کەسوکارەکەی زانیویانە کە لە گرتووخانە و


هێمن مەحموود عەبدوڵڵا
© Private


عەبدولڕەحمان زەینەلعابدین
© Private


سەلام عارف محەمەد
© Private

زیندانێکەوە ڕایان گوێستووەتە گرتووخانە و زیندانێکی تر، ئەوەشیان نەک لە دەسەڵاتدارییەتی، بەڵکو لە زیندانیانی ئازادکراو بیستووە. وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2008دا بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوتووە کە مستەفا محەمەد ئەمین دراوەتە دەست هێزەکانی هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا(MNF) بەڵام هیچ زانیارییەکی زیاتریان نەداوە، وەکو ڕۆژی ڕاگواستن، ڕێکەوتی ڕاگوێزران، شوێنی دەستبەسەری و دۆخی یاسایی ئێستا و چارەنووسی.

ڕۆژی 23ی چواری 2003، 13 پیاو، ڕاست لە دەرەوەی سلێمانی گیران و بە بێ تۆمەتبارکرانی فەرمی و دادگایی خرانە زیندانەوە تا ئەوەی لە مانگی نۆی 2008دا بە مەرج بەڕەڵڵا کران: **ئاراس ئیبراهیم شەوکەت محەمەد،** کرێکارێکی 27 ساڵە، ڕەبەن، خەڵکی کەلار، **تەها حەسەن عەبدولکەریم،** پیاوێکی 38 ساڵەی خەڵکی سلێمانی خاوەن کچێک، **مەسعود مەحموود محەمەد،** 28 ساڵان، خاوەن ژن، خەڵکی کفری، **غەریب عەزیز مەحموود،** پیاوێکی 34 ساڵانی خاوەن ژن، **شەوقی ساڵح ئەلشافعی،** پیاوێکی 29 ساڵەی خەڵکی چەمچەماڵ، **شێرزاد جەماڵ حەسەن،** پیاوێکی 43 ساڵە بە ژن و چوارمنداڵەوە، **عومەر عارف محەمەد،** تەمەن 33، ڕەبەن و هەروەها براکەی، **سەلام عارف محەمەد** تەمەن 29 ساڵ و ڕەبەن، **عەبدولڕەحمان زەینەلعابدین،** تەمەن 36 ساڵ، خاوەن ژن و کچێک، و **ئومێد مەحموود، عەبدئەلقەهار عومەر، ڕزگار عەبدولەتیف، و هێمن مەحموود عەبدوڵڵا.**

بە گوێرەی هەواڵ، هەر 13 کەسەکە بەو بۆنەوە گیراون کە پەیوەندییان بە ئەنسارئەلئیسلامەوە بووبێت و دەگوترێت کە دوای شەڕی مانگی سێ و چواری 2003ی نێوان هێزەکانی ئەنسارئەلئیسلام و یەنک بە یارمەتیی ئەمریکییەکان، خۆیان داوەتە دەست پێشمەرگەی یەنک.

زۆرێک لە ئەندامانی ئەنسارئەلئیسلام لە شەڕەکەدا، کە لە شاخی سوورین نزیک سلێمانی ڕوویدا، کووژران و ئەوانی تر لەناوچەکە ڕایان کرد. بە گوێرەی هەواڵ، ئەو 13 کەسەی وا ناویان برا، لە 23 ی چواری 2003دا خۆیان داوە بە دەستی پێشمەرگەی یەنک ەوە، بۆ ماوەی سێ مانگی یەکەم هەر 13یان لە ژووری تاکەکەسی لە کەمپی سەلام ڕاگیراون، کە بە 15 کیلۆمەتر کەوتۆتە ڕۆژئاوای سلێمانی، و هەر لەوێش بووە کە بەرپرسانی خاچی سوور لە ڕۆژی 7ی جولای 2003 دا چاویان پێیان کەوتووە. پاشان، هەموو هەفتەیەک مۆڵەتی چاوپێکەوتنی کەسوکاریان پێ دراوە، و ئەوەش تا مانگی نۆی 2008 درێژەی هەبووە. بە گوێرەی هەواڵ، یەک لە گیراوەکان ئێستا لە ئەنجامی درێژەکێشانی ماوەی زیندانەدا نەخۆشی دەروونی هەیە و هەر 13 یان گازەندەی ئەوە دەکەن کە نازانن بۆچی ڕاگیراون. هەموویان لە دەسەڵاتدارییەتی داواکارن یا بە شێوەی فەرمی تۆمەتیان بدەنە پاڵ و دادگاییان بکەن، یاخود بەریان بدەن. ڕۆژی یازدەی مانگی هەشتی 2008 هەر 13 کەسەکە مانیان لە خواردن گرت. هەموویان لەنێوان مانگی 4ی مانگی نۆ و 6 ی دەی ساڵی 2008دا بەڕەڵڵا کران، بەڵام بەربوونەکەیان بە مەرجە. دەبێ هەفتەی جارێک بچن و لە نزیکترین بینایەی *ئاسایش* ئیمزا بکەن و ئەگەر بشچنە سەفەر بۆ شار یا شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستانی عیراق، ئیجازە لە *ئاسایش* وەربگرن.

## ئامۆژگارییەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی داواکاریی بە پەلەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەم هەنگاوە گونجاو و قانوونییانە بۆ چارەسەرکردنی دەستبەسەریی هەوسکارانە هەڵبهێننەوە:

- دەستبەجێ بە هەموو کەیسێکی دەستبەسەریدا بچنەوە.

- هەموو ئەو زیندانیانەی وا بە بێ تۆمەتباریی فەرمی ڕاگیراون ئازاد بکەن، مەگەر تۆمەتباریی فەرمی تاوانی بە رچاویان ڕووبەڕوو ببێتەوە و بە خێرایی و بە پێی هەموو پێوانەیەکی نێونەتەوەیی دادگایییەکی عادڵانەیان بکەن.

- زامنی ئەوە بکەن کە هەر کەسێک دەگیرێت، بەو چەشنەی کە لە ڕەوتی یاسای تاوانی عیراقیدایە، لە ماوەی 24 سەعاتدا ڕاکێشی بەردەم حاکمێکی لێکۆڵەر بکرێت.

- یاسایەک دەربکەن کە بەرگری بکات لەوەی *ئاسایش* و دەزگاکانی تر بە بێ قەراری گرتنێک کە لەلایەن دادوەرێکەوە دەرچووبێت خەڵک بگرن.

- زامنی ئەوە بکەن کە هەموو گیراوێک لە کاتی گیرانیدا ئاگاداری هۆکارەکانی گیران و دەستبەسەربوونی خۆی بکرێت، و خێرایەک ئەو تۆمەتە فەرمییانەی وا دەدرێتە پاڵی، پێی ڕابگەیێنرێت.

- زامنی ئەوە بکەن کە هەموو گیراوێک تەنیا لە شوێنی فەرمی و ناسراودا زیندانی بکرێن و زانیاریی بێ هەڵە سەبارەت بە گیران و شوێنی ڕاگیرانەکەی دەستبەجێ بدرێتە کەسوکار، پارێزەر و کەسانی تری.

- زامنی ئەوە بکەن کە هەموو گیراوێک دەستبەجێ لە مافەکانی خۆی ئاگادار بکرێتەوە. ئەومافانەش بریتین لە مافی گازندە سەبارەت بە هەڵسوکەوت، و مافی هەبوونی پارێزەر لە ماوەی لێپرسینەوەدا.

- میکانیزمێکی کاریگەری دادوەری دابنێن بۆ ئەوەی گیراوەکان بتوانن دژ بە بنەما یاساییەکانی گرتنیان بوەستن.

- بۆ گەرەنتیکردنی بەکردەوەی مافەکانی دادوەریی عادڵانە، میکانیزمێکی کاریگەری دادوەری دابنین .

- زامنی ئەوە بکەن کە هەلومەرجی گیرانەکە لەگەڵ پێوانە ناونەتەوەییەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ زیندانییاندا یەک بگرێتەوە. دەسەڵاتدارییەتی بەرپرسی مەسەلەی گیران دەبێ جیاواز بێت لەو دەسەڵاتدارییەی کە بەرپرسی پرسوجۆکردنی کەسەکانە. دەبێ بەردەوام، سەربەخۆ، ڕانەگەیێنراو و بێ بەربەست سەردانی پشکنین لە هەموو ئەو شوێنانە بکرێت کە خەڵکی تێدا گیراون.

# 5. سەرنگومکرانی بەزۆر

ژمارەیەک لەو کەسانەی وا لەلایەن ئاسایشەوە گیراون، دوای ئەوەی براونەتە گرتووخانە، دیارنەماون. کاری سەرنگومکردنی بەزۆر لە هەرێمی کوردستانی عیراق شتێکی تازە نییە. لە ساڵانی 1990کان، لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی نێوان هێزەکانی ینک و پدک و بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستاندا، چەندەها خەڵک دوای ئەوەی برانە زیندان، شەرتوگوم کران، و چارەنووسی زۆرێکیان تا ئەمڕۆش هەر نەزانراوە. نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ماوەی سەردانی ساڵی 2008 یاندا بۆ هەرێمی کوردستان، چاویان بە بنەماڵەیەکی زۆری سەرنگومکراوەکان کەوت کە هیوای ئەوەیان لە دەست دابوو ڕۆژێک خۆشەویستەکانیان جارێکی دیکە سەر هەڵبدەنەوە.

کردەوەی سەرنگومکردنی بەزۆر، پێشێلکردنی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤە. ڕێکەوتننامەی نێوەنەتەوەیی بۆ پارێزگاریکردن لە هەموو کەسانی بەزۆر سەرنگومکراو(ڕێکەوتننامەی سەرنگومکردنی بەزۆر)، سەرنگومکردنی بەزۆر بەم شێوەیە واتا دەکاتەوە:" گرتن، زیندانیکردن، ڕفاندن یا هەر شێوازێکی دیکەی بێبەشکردن لە ئازادی کە داموەزگا حکوومییەکان یا تاک و گروپێک کە بەپێی مۆڵەت، پشتگیری یا پەسندی حکوومەت، دوای نکۆڵیکردن لە قەبووڵی بێبەشکردن لە ئازادی، یا بە هۆی شاردنەوەی چارەنووس یا شوێنی کەسە سەرنگومکراوەکە، کە ئەو کەسە لە دەرەوەی پارێزگاریی یاسا دابنێت". تایبەتمەندیی واتای بێسەروشوێنکرانی بەزۆر ئەوەیە کە ئەو کارە، قوربانییەکە دەخاتە ئەودیوی پارێزگاریکردنی یاسا، لە کاتێکدا شاردنەوەی توندوتیژیی لە پرسوجۆی دەرەوەیی، ئەو توندوتیژییانە وا لێ دەکات کە دەرخستن و سەرکۆنەکردنیان ئەستەمتر بکات و مۆڵەت بداتە حکوومەتەکان کە لەژێر باری بەرپرسایەتی دەربچن.

ڕێکەوتننامەی سەرنگومکرانی بەزۆر"[18] دەڵێت سەرنگومکرانی بەزۆر، تاوانێکی نێونەتەوەییە، ڕێکەوتننامەکە مافێکی ڕەها دەخولقێنێت کە هیچکەس بە زۆر سەرنگوم نەکرێت. ڕێکەوتننامەی سەبارەت بە سەرنگومکردنی بەزۆر حکوومەتەکان مەجبوور دەکات کە بە شێوەیەکی خێرا و بێلایەن لە هەموو تۆمەتێکی لەمەڕ سەرنگومکران بکۆڵنەوە. تایبەخۆی سروشتی سەرنگومکران بریتییە لە درێژەکێشانی ئەو توندوتیژییە، کە تا ئەو دەمەی چارەنووس یا شوێنی کەسی بێسەروشوێن دەستنیشان نەکرابێت بەردەوام دەبێت.

سەرنگومکرانی بەزۆر دەتوانێت دەستدرێژی بێت بۆ سەر بەشەکانی تری مافەکانی مرۆڤ، وەک مافی ژنان، یاساخبوونی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە و سووکایەتیکردنی تر، مافی ئازادی و ئاسایشی کەسەکە، و مافی دادگاییکرانی عادڵانە و ئاشکرا.

سەرنگومکرانی بەزۆر هەروەها کارتێکەریی خراپی لەسەر ئەندامانی بنەماڵە هەیە، کە"ڕێکەوتننامەی سەرنگومکرانی بەزۆر" ئەوانیش بە قوربانیانی ئەو کردارە دەناسێت.

لێبووردنی نێونەتەوەیی ئەم کەیسانەی خوارەوەی سەرنگومکرانی بەزۆری بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندوە. لە وەڵامدا وەزارەتی مافەکانی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 19ی مانگی دەی 2008 ئاگاداری لێبووردنی نێونەتەوەیی کردووەتەوە کە هێزەکانی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە یەک کەیس هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو کەسانەی وا ناویان لە لیستەکەدا هاتووە و چارەنووس و شوێنی ئەوان نییە.

وەزارتخانەکە بۆچوونی خۆی لەمەڕ کردەوەی سەرنگومکرانی بەزۆر بەم شێوەیە دەربڕیوە:" ئێمە ئەو کردەوە ناحەزە[کە بە] کارێکی تاوانبارانە[ی دەزانین]، مەحکووم دەکەین."

**بەدران مستەفا مەحموود،** کرێکارێکی 33 ساڵانی کاروباری بینا ، ڕەبەن و خەڵکی هەولێر، ڕۆژی 27ی مانگی حەوتی 2005 دوای نوێژکردن لە مزگەوت، لەسەر ڕێگای چوونەوە بۆ ماڵ، ڕفێنرا. چەند کەسی چەکدار لە جلوبەرگی مەدەنیدا، کە وادەزانرێت ئەندامانی هێزە ئاسایشەکان بووبێتن، وەستاندوویانە، بەزۆر خستوویانەتە ناو ترومبێلێکەوە و بە شایەدانی ڕووداوەکە وئەوانەی وا بەدران مستەفا مەحموودیان ناسیوە، ڕاگەیاندووە کە دوای نیوسەعات بەری دەدەن.

کەسوکاری بەدران مستەفا مەحموود لە مانگی پێنجی 2008دا بە لێبووردنی نێونەتەوەییان گوتووە کە دەوروبەری ساڵێک دوای ڕفاندنەکە، کەسێکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ کردوون و پێی گوتوون بەدران مستەفا مەحموود لە نەخۆشخانەی ڕزگارییە لە هەولێر. کەسوکارەکە چوونەتە نەخۆشخانەی ناوبراو، بەڵام نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە.

بەدران مستەفا مەحموود لە 1990ە کاندا ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بووە، بەڵام بە گوێرەی قسەی بنەماڵەکەی، بە ماوەیەکی زۆر پێش ڕفێنرانی لە ڕێکخراوەکە هاتووەتە دەرێ. لە کاتی ڕفێنرانییەوە بنەماڵەکەی هیچ هەواڵێکیان لە چارەنووس و شوێنی ناوبراو نییە. ئەوان هەموو شوێنێکی بە دوادا گەڕاون، و یەک لەوانە، سەردانی ئاسایشی هەولێریان کردووە. ئەوان هەروەها چوونەتە لای ئێن جی ئۆ(ڕێکخراوە ناحکوومی)یەکان، و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عیراق ( UNAMI ) و لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەڵام دوای سێ ساڵیش پاش ڕفاندنەکە، هێشتا هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە چارەنووس و شوێنی ناوبراو نییە.

**هیدایەت عەزیز ئەحمەد کەریم،** کرێکارێکی 33 ساڵەی خاوەن ژنی خەڵکی چەمچەماڵ، ئەندامێکی ئەلجەماعە ئەلئیسلامییە بووە لە ساڵی 2000دا دوای ئەوەی چووەتە سەر مین، لاقی ڕاستی خۆی لەدەست داوە. ڕۆژی 10ی مانگی دووی 2007 چوار ترومبیلی پڕ لە پیاوانی ڕووداپۆشراو، کە بە گوێرەی هەواڵ، ئەندامانی دەزگای زانیاری بوون، لە بەر بینایەی ئەلجەماعە ئەلئیسلامییە لە چەمچەماڵ ڕاوەستان. یەک لە پیاوە ڕووداپۆشراوەکان، بە گوێرەی هەواڵ بە عەرەبییەکی نارێک وپێک پرسی گەلۆ هیدایەت عەزیز ئەحمەد کەریم لەوێیە. پێیان گوتن لەوێ نییە. ئەوان ڕۆیشتن و چوونە ماڵی خزمێکی هیدایەت عەزیز ئەحمەد کەریم، کە لەوێ دوزییانەوە. سەرەتا، بە زۆر بردیان بۆ قەرەهەنجیر لە نزیک کەرکووک و پاشان هەمان ڕۆژ بردیانە سلێمانی.

دوای 10ی مانگی دووی 2007 ئیتر هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووس و شوێنی ناوبراو بەدەستەوە نییە. کەسوکارەکەی هەموو شوێنێکی بە دوادا گەڕاون و لە ئاسایشی سلێمانی، وەزیری مافەکانی مرۆڤ، پەرلەمانی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی کوردستان، هەروەها لە لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سووریان پرسیار کردووە. گیراوێکی پێشوو گوتوویەتی لەگەڵ هیدایەت عەزیز ئەحمەد کەریمدا لە کەمپی سەلام بوون، کە گرتووخانەیەکە لە سلێمانی، بەڵام *ئاسایش* نکۆڵی دەکات لە هەر چەشنە زانیارییەک سەبارەت بەو کەسە.

**واحید حسێن ئەمین،** لە دایکبووی ساڵی 1967، خاوەن هاوسەر و چوار منداڵ، خەڵکی کەرکووک، کە هەر لەوێ وەک پاسەوانی *ئاسایش* بۆ دەزگای ئاو کاری دەکرد. ڕۆژی 28ی مانگی شەشی 2006 سێ پیاوی چەکدار بە بەرگی مەدەنییەوە لەناو ترومبێلێکدا چاوەڕوانی بوون و کاتێ گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی لە حیسابات لە کەرکووک، گرتیان. بە گوێرەی هەواڵ، شایەدێک بە بنەماڵەی کابرای گوتووە کە ئەو سێ کەسە بە واحید حسێن ئەمینیان گوتووە پیاوانی

*ئاسایش*ن. لەو ڕۆژەوە، کە سووکارەکەی نەیانتوانیوە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە واحید حسین ئەمین وە دەست بهێنن، گەرچی پرسیاریان لە *ئاسایش*، وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ، لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و شوێنی تریش کردووە و گەلێک شەمزاون و ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووری هاتوون لە بەر ئەوەی ناوبراو نانەری سەرەکیی بنەماڵەکەی بووە.

**فەرهەنگ ئەحمەد عەزیز**، تەمەن 33 سالان، خاوەن هاوسەر و منداڵێک، ڕۆژی 27 ی مانگی هەشتی 2003 لە ماڵی خۆی لە سلێمانی گیرا. هۆکاری گیرانەکەی نازانرێت بەڵام وا بروا دەکرێت کە پەیوەندیی بە ئەندامەتیی گروپێکی ئیسلامییەوە بووبێت. سەرەڕای پرسوجۆی ئەندامانی بنەماڵەکە بۆ دۆزینەوەی شوێنی ناوبراو، بە ڕواڵەت، دەسەڵاتدارییەتی ئەوەی داوەتە دواوە کە هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەو بداتێ. هەندێک ڕاپۆرت وا دەگەیێنن کە بۆی هەیە درابێتە دەست هێزە فرەنەتەوەییەکان لە عیراق، بەڵام ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.


هوشیار ساڵح حەمە عارف
© Private

**هۆشیار ساڵح حەمە عارف**، پیاوێکی 33 ساڵانی خەڵکی کەرکووک، خاوەن ژن و سێ منداڵ و ئەندامی ئەنسار ئەلئیسلام، ڕۆژی 10ی مانگی نۆی 2003 لە ماڵی خۆیدا لە کەرکووک گیراوە. سێ ترومبیلی پڕ لە پیاو کە خۆیان بە *ئاسایش* ناوبردووە، چەکدار، بە بەرگی مەدەنییەوە، هێرشیان کردووەتە ناو ماڵەکە و هوشیار ساڵح حەمە عارفیان بە بێ بەڵگەی دەستبەسەرکران، گرتووە. دەستیان لە پشتەوە بەستووە، کەلەپچەیان لێ داوە و بە زۆر خستوویانەتە ناو ترومبیلەکانەوە. براوەتە بینایەی *ئاسایش* لە چەمچەماڵ، کە لەوێ دوو ڕۆژ ماوەتەوە و پاشان ڕاگوێزراوە بۆ ئاسایشی گشتی لە سلێمانی.

ڕۆژی 16ی مانگی سێی 2004 کەسوکارەکەی لە ڕێگەی لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە نامەیەکی ئەویان پێگەیشتووە و لە مانگی سێ و هەروەها مانگی دەی ساڵی 2004دا توانیویانە چاویان پێی بکەوێت، بەڵام لەوکاتە بەدواوە نەیانتوانیوە ببینن یا زانیارییەکیان لێی وەدەست بکەوێت. دایکی سەردانی هەموو شوێنێکی کردووە و داواکاری یارمەتیی وەزارەتی مافی مرۆڤیش بووە، کە نامەیەکیان پێداوە ببیات بۆ ئاسایشی گشتی لە سلێمانی. کاتێ چووە بۆ ئەوەێ، پێیان گوتووە هوشیار ساڵح حەمە عارف لە زیندانی هێزەکانی ئەمریکیدایە. کاتێ کە لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەلایەن ئەوەوە پەیوەندی بە سوپای ئەمریکییەوە کردووە، نامەیەکیان داوەتێ کە تێیدا نکۆڵی کراوە لەوەی دەسەڵاتدارییەتی ئەمریکی کوڕەکەی ئەویان ڕاگرتبێت، لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سووریش ئەوەی بە *ئاسایش* ڕاگەیاندۆتەوە. تا مانگی یازدەی 2008، پێنج سال دوای ئەوەی هوشیار ساڵح حەمە عارف دەستبەسەر کراوە، دۆخی یاسایی، چارەنووس و شوێنی ناوبراو بۆ بنەماڵەکەی ڕوون نییە. وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە لێبووردنی نێونەتەوەییان گوتووە کە هوشیار ساڵح حەمە عارف دراوە بە هێزە فرەنەتەوەییەکان، بەڵام هیچ تایبەتمەندییەکی زیاتری مەسەلەکەیان ڕانەگەیاندووە.

**کەریم ئەحمەد مەحموود**، لە 15ی مانگی پێنجی 2000 دا لە ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی لەلایەن دەزگای زانیارییەوە گیراوە. هەمان ڕۆژ دوو لە کوڕەکانی ناوبراویش، ئاسۆ و ماکوان، یەکەمیان لەسەر شەقام و دووهەمیان لەسەر ئیش گیراون. بە شوێن ئەواندا، براگەورەکەیان ئەرسەلان، لە

14ی مانگی پێنجدا گیرا. هەندێک هەواڵ وا دەگەیێنن کە لە هەمان ماوەدا دەسەڵاتدارییەتی ینک تا 57 کەسی گرتووە. خێرایەک دوای گیرانەکان، کەسوکاری کەریم ئەحمەد مەحموود سەبارەت بە شوێنی خۆی و کوڕەکانی داوای زانیارییان لە دەسەڵاتدارییەتی کرد بەڵام دەگوترێت کە هیچیان پێ نەگوتبێتن جگە لەوی گوتبێتیان چیتر بە شوێن کێشەکەدا نەچنەوە. ڕۆژی 9ی مانگی هەشتی 2001 لێبووردنی نێونەتوەیی نامەیەکی بۆ سەرۆکوەزیری ئەوە دەمی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ینک نووسی و داوای ڕوونکردنەوەی کرد سەبارەت بە چارەنووسی کەریم ئەحمەد مەحموود و کوڕەکانی. دەسەڵاتدارییەتی لە ڕێگەی وەزارەتی مافی مرۆڤەوە لە مانگی نوێ 2001 دا وەڵامیان دایەوە، کە تێیدا گوترابوو "پرسوجۆی زۆر" نەگەیشتە ئەنجامی ئەوەی چارەنووسی زیندانییەکان ڕوون بکاتەوە، بەڵام وەزارتەکەیان بەردەوام دەبێت لە "شوێنگرتنی کێشەکە" بە بێ ئەوەی زانیارییەکی زیاتر ئاراستە بکەن.

**عەبدولجەبار قادر حەسەن**، دووکاندارێکی خەڵکی سلێمانی خاوەن ژن و سێ منداڵ، لە ڕۆژی 1ی مانگی نۆی 2001دا گیرا. چوار پیاوی *ئاسایش* لەناو ترومبێلێکدا لە نزیک دووکانەکە وەستان و پێیان گوت پێویستیان پێیەتی بۆ پرسیارلێکردنی سەبارەت بەو نرخەی بۆ کەلوپەل لە کڕیارەکانی دەستێنێت. لەگەڵ خۆیاندا بە ترومبێل بردیان بۆ بینایەی *ئاسایش* لە سلێمانی. باوکی بە شوێنیدا چوو بۆ *ئاسایش* بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی گیراوە و لەوێ پێیان گوت دوای دوو ڕۆژ بەردەبێت.

حەوت ساڵ دواتر، لە مانگی یازدەی 2008 یشدا، ئەو قسانە بە بەتاڵ دەرچوون. ناوبراو ئازاد نەکراوە و کەسوکارەکەی نازانن لە کوێ ڕاگیراوە و لەسەرچی، گەلێکیش دڵنیگەرانن لەبەر ئەوەی ئێستاکە *ئاسایش* نکۆڵی لە ڕاگرتنی دەکات. ئەوان هەموو شوێنێکی بەدوادا گەڕاون بەڵام سەرکەوتنیان نەبووە.

## ئامۆژگارییەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوای خێرا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بۆ ئاوڕدانەوە و چارەسەری ئەو کەیسانە و کێشەی دیکەی سەرنگومکرانی بەزۆر هەڵێنێتەوە.

- کۆتایی بهێنێت بە سەرنگومکردنی بەزۆر و بە ئاشکرا ئەو کارە مەحکووم بکات.

- زامنی ئەوە بکات کە کردەوەی سەرنگومکردنی بەزۆر تاوانێکی جینایییە، کە شایانی سزایەکی هاوکێش لەگەڵ گرنگایەتی کارەکەیە، بەڵام بۆ سزای مەرگ نابێت. یاساخکردنی بێسەروشوێنکرانی بەزۆر و زامنکردنی بنەمایی بەرگریلێکردنی نابێ لە هیچ بارودۆخێکدا بوەستێنرێت.

- زامنی ئەوە بکات کە هەموو ئەو کەیسانەی وا لەو ڕاپۆرتە و لە ڕاپۆرتەکانی دیکەی سەبارەت بە سەرنگومکرانی بەزۆردا باسیان لێوە کراوە، بە خێرایی و بە شێوەیەکی بێلایەنانە و کاریگەر لەلایەن دەزگایەکەوە کە سەربەخۆ بێت لەوانەی وا دەگوترێ بەرپرسی کارەکەن، بەڕێوە ببرێت و ئەو دەزگایە دەسەڵات و سەرچاوەی دارایی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکە، هەبێت. شێواز و ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەکە دەبێ لە خەلک ئاشکرا بکرێت. ئەو کاربەدەستانەی وا گومانی بەرپرسایەتی سەرنگومکردنی بەزۆریان لێ دەکرێت، دەبێ ئەرکی چالاکانەی کاروبارییان لە ماوەی لێکۆڵینەوەکاندا بوەستێنرێت. خزم و کەسوکاری قوربانی دەبێ دەستیان بەو زانیارییانە ڕابگات کە لە پەیوەندی لێکۆڵینەوەکەدان و دەبێ مافی ئەوەیان بدرێتێ کە بەڵگەنامە پیشکەش بکەن. گازندەکاران، شایەدان، پارێزەران و ئەوانەی تر کە پەیوەندییان

بە لێکۆڵینەوەکەوە هەیە، دەبێ لە بەرانبەر هەڕەشە و تۆڵە سەندنەوەدا بپارێزرێن. لێکۆڵینەوەکە نابێ بوەستێندرێت هەتاکوو چارەنووسی قوربانییەکە بە شێوەی فەرمی ڕادەگەیێنرێت.

- زامنی ئەوە بکەن کە لە ڕێگەی ڕەوتێکی یاساییەوە کە ئەو ڕەوتە لەگەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکانی دادگاییکردنی عادڵانەدا یەک بگرێتەوە، خەڵکانی بەرپرسی کاری سەرنگومکرانی بەزۆر بدرێنە دەست دادپەروەری، بەڵام نابێ سزای مردنیان بەسەردا بسەپێت.

- زامنی ئەوە بکەن کە ئەو خەڵکانەی وا کردەوەی سەرنگومکرانیان بە سەردا سەپاوە و ئەندامانی بنەماڵەشیان، قەرەبووی بەڕێ و جێیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێ بدرێت کە ئەوە، قەرەبووکردنەوەی داراییش دەگرێتە بەر. ئەو قوربانییانەی وا سەرهەڵدەدەنەوە دەبێ چاوەدێری پزیشکی و عیلاجی بەڕێ و جێ بکرێن.

# 6. ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی دیکە

لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاپۆرتێکی زۆری سەبارەت بە ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی نابەجێی تر لەگەڵ گومانلێکراوانی سیاسی لە زیندان و گرتووخانەکانی ژێر کۆنترۆڵی *ئاسایش* و دەزگا ئەمنییەکانی تری هەرێمی کوردستانی عیراق پێ گەیشتووە. ئەو شێوازانەی وا هەواڵی بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گەیشتووە بریتین لە : بەکارهێنانی ڕاتڵەکێنەری کارەبایی لەسەر ئەندامی جیاجیای لەش، لێدان بە مست و بە کابل و/ یا بە میلەی ئاسن یا دار، هەڵاوەسین بە مەچەک یا ئانیشک، دارکاریکردنی بەری پێ (فەلاقە کردن)، بەرگریکردن لە خەو، و شەقتێهەڵدان. لە چەند کەیسێکی کەم دا دەگوترێت کە قوربانییەکە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا مردبێت.

ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپ، بەزۆری بۆ ئەوە بەکار هێنراوە کە زانیاری و ئیعتراف لە زیندانییەکان وەربگیرێت و هەروەها وەک سزادانیش بەکار هێنراوە. ئەشکەنجە بە زۆری هەر دەستبەجێ دوای گیران کەڵکی لێ وەردەگیرێت، کاتێ کە گیراوەکە لەژێر لێپرسینەوەدایە. قوربانییانی ئەشکەنجە بریتین لە ئەندامانی گرووپە ئیسلامییە یاساخکراوەکان و ئەندامانی حزبە سیاسییە ناسراوە ئیسلامییەکان، یا کەسانێکن کە گومانی ئەندامیەتی ئەوانیان لێ دەکرێت.

**ئاراس عومەر فەقێ فەرەج**، ئەندامێکی ئەلجەماعە ئەلئیسلامییە، لە دایکبووی ساڵی 1980، خاوەن ژن و سێ منداڵ، لە کۆتایی ساڵی 2004 لە کاتێکدا گیراوە کە بە نزیک شوێنێکدا تێپەڕبووە وا چەند خولەک پێشتر بۆمبایەکی تێدا تەقیوەتەوە. براوەتە زیندانی *ئاسایش* لە هەولێر. کەسوکارەکەی، سەرەڕای بە دواداگەڕان، هەتا ساڵێک دوای گیرانیشی نەیانزانیوە لە کوێیە، ئینجا ئەودەم بیستوویانە کە لە زیندانی *ئاسایش* ڕاگیراوە. پاشان دەستیان کردووە بە سەردانی.

بە گوێرەی هەواڵ، ناوبراو لە مانگەکانی یەکەمی گیرانیدا ئەشکەنجە کراوە. ڕاتڵەکێنەری کارەباییان لە شوێنی جیاجیای لەشی داوە بە تایبەت پشتی، و لە بەر گەرمای زۆری هاوین و سەرمای زۆری زستان بە ڕووتی ڕایان گرتووە. کاتێ کە بۆ یەکەم جار بنەماڵەکەی چاویان پێی کەوتووە، نیشانەی ئەشکەنجە بە لەشیەوە دیاربووە. بۆ دەوروبەری هەموو ساڵی یەکەمی گیرانەکەی لە ژووری تاکەکەسیی زینداندا ڕایان گرتووە، هەواڵ دەگات کە ناوبراو لەسەرەتاکانی مانگی شەشی 2008دا ئازاد کرابێت.

بە گوێرەی هەواڵ دەزگا ئەمنییەکانی تر، کە ناویان پاراستن و دەزگای زانیارییە، ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ ئەو کەسانە کردووە وا گرتوویانن و لە دائیرەی سەرەکیی پەیوەندیدار بە خۆیان و هەروەها لە گرتووخانەکانیاندا ڕایانگرتوون.

**نەجات عەبدولکەریم حەمەد**، چاوەدێرێکی 32 ساڵەی کۆمپانیایەک لە هەولێر،خاوەن ژن و چوارمنداڵ، لە 12ی مانگی هەشتی 2004 دا چوار پیاوی چەکدار لە ماڵەکەی خۆی لە هەولێرگرتوویانە. بە هاوسەرەکەیان گوتووە کە بۆ پرسیارلێکردن دەیبەن و دەتوانێ دوای سەعاتێک بگەڕێتەوە. بە گوێرەی هەواڵ، ناوبراو براوەتە دائیرەی سەرەکیی پاراستن لە سەلاحەددین. کەس وکارەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ بە شوێنیان نەزانیوە. دەگوترێت لەو ماوەیەدا ئەشکەنجە کراوە و پەراسوویەکی لە ئەنجامی لێداندا شکاوە و ژنەفتنی گوێی زیانی پێ گەیشتووە. تاساڵی 2007 براوەتە زیندانی ئاکرە، پاشان ڕاگوێزراوە بۆ زیندانی *ئاسایش* لە هەولێر. وا دەزانرێت کە لە بەر ئەوەی لایەنگری ئیسلامییەکانە، گیرابێت. تا ڕۆژی ئازادبوونی لە 5ی مانگی شەشی 2008دا، بە بێ تۆمەتبارکردنی فەرمی و دادگاییکردن، لە زینداندا بووە.

نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەسەردانی ساڵی 2008ی هەرێمی کوردستانی عیراقیاندا داوای چاوپێکەوتنی زیندانییەکیان کرد کە دەگوترا ئەشکەنجە کرابێت و مۆڵەتی ئەوەشیان پێ درا **سرووود موکەڕڕەم فاتح محەمەد**– هەواڵنێرێکی کەناڵی ساتەلایەتی ئەلسومەریە، خاوەن ژن و سێ منداڵ کە بە بێ تۆماتبارکرانی فەرمی و موحاکەمە ڕاگیرابوو ببینن. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە لە 17ی مانگی چواری 2007دا لە ماڵی خۆی لە هەولێر لەلایەن نزیکەی 20 کەسی چەکدارەوە گیراوە کە جلوبەرگی هاوشێوەیان لەبەر دابووە. پیاوەکان ماڵی گەڕاون وبە بێ ئەوەی قەراری گرتنیان پێ بووبێت گرتوویانە، و هەندێک کتێب و سی دی وکۆمپیوتەرێکیان لێ هەڵگرتووە. چاویان بەستووە و بە زۆر خستوویانەتە سندووقی پشتەوەی یەک لە ترومبیلەکانەوە. بۆ ماوەی 53 ڕۆژ کەسوکارەکەی بە چارەنووس و شوێنیان نەزانیوە. ئینجا دایکی زانیاری ئەوەی پێ گەیشتووە کە لە زیندانێکی *ئاسایش*دا لە هەولێر ڕاگیراوە و پاشان توانیویەتی بیبینێت، گەرچی پاسەوانەکانی *ئاسایش* چاوەدێرییان کردوون و لە شوینێک بوون کە گوێیان لە قسەکانیان بووە.

دوومانگ دوای گیرانی، سرووود موکەڕڕەم فاتح موحەممەد براوەتە بەردەم حاکمێکی لێکۆڵەرەوە. تا ئەو دەم، ناوبراو لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافی کردبوو کە ئەندامی گروپێکی تیرۆریستی بووە. ناوبراو گوتی، لە دوو مانگی یەکەمی دەستبەسەریدا، بە چاوبەستراوی لە ژوورێکی تاکە کەسیدا ماوەتەوە، بە کابڵ لە شوێنی جیاجیای لەشی دراوە و هەڕەشەی ئەوەی لێکراوە کە هاوسەرەکەی دەگیرێت و پاسەوانەکان دەستدرێژی لێ دەکەن. بنەماڵەکە، لەسەرەتای ساڵی 2008دا پارێزەرێکیان بۆ دابین کردووە بەڵام چەند جار ئیجازەیان پێ نەداوە چاوی بە سرووود موکەڕڕەم فاتح موحەممەد بکەوێت. سرووود موکەڕڕەم فاتح موحەممەد تۆمەتی فەرمیی ئەوەی لێدرا، کە پەیوەندی بە تیرۆریستانەوە هەبووە و کێشەکەی نێردرایە دادگای هەولێر، بەڵام هەر چۆنێک بێت، دەگوترێت کە دادگا سێ جار فایلی کێشەکەی ناردووەتەوە بۆ حاکمی لێکۆڵەر لەسەر بنەمای ئەوەی زانیارییەکان تەواو نەبوون. سرووود موکەڕرەم فاتح محەممەد دەگوترێ ئێستاش لە هەولێر دەستبەسەر بێت.


ئەختەر ئەحمەد مستەفا
© Private


مەلکۆ عەبباس محەممەد
© Private

وەفدی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەسەردانی مانگی شەشی 2008 خۆی لە سلێمانی، داوای لە سەیفەددین عەلی ئەحمەد، سەرۆکی ئاسایشی گشتی کرد ئیجازەیان پێ بدات سەردانی ژنێک و کوڕەکەی بکەن کە لە دائیرەی سەرەکیی دەزگاکەیاندا دەستبەسەر بوو. لێژنەکە توانییان بۆ ماوەیەکی کورت چاویان بە دایکەکە بکەوێت، بەڵام داواکارییان بۆ چاوپێکەوتنی کوڕەکە، کە بە گوێرەی هەواڵ ئەشکەنجە کرابوو، درایە دواوە. مەلکۆ عەبباس محەممەد، 22 ساڵان و دایکی، ئەختەر ئەحمەد مستەفا، تەمەن 60 ساڵان هەردووکیان لە ڕۆژی 19ی مانگی سێی 2008دا لە پەیوەندی خۆکوژی بە تەقینەوەی ترومبیلێکی بۆمباڕێژکراوی ڕۆژی 10ی مانگی سێی 2008 لە دەرەوەی ئۆتێلێکی سلێمانی پالاس گیراون، کە دوو کەسی تێدا کووژراو و زێتر لە 30 کەس تێیدا بریندار بوون. ئەختەر ئەحمەد مستەفا دەوروبەری نیوەشەو لە ماڵی خۆی گیرا. زۆر پیاوی چەکدار چوونە ناو ماڵەکەی و دەستیان بە گەڕان کرد. بە بێ ئەوەی قەراری دەستبەسەرکردنیان بەدەستەوە بێت، ژنەکەیان گرت و خستیانە ناو ترومبیلێکەوە، لەوێدا چاوی بە مەلکۆعەبباس محەممەد کەوت کە پێشتر لە

دەرەوەی سلێمانی گیرابوو. هەر دووکیان برانە ناوەندێکی دەستبەسەرکردن لە گوندی قەڵاچۆلان لە دەرەوەی سلێمانی، لەوێ هەتا بەیانی ڕۆژی دوایی پرسوجۆیان لێ کرا. پاشان ڕاگوێزران بۆ دائیرەی سەرەکیی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی.

دەگوترێت هێرشی سەر ئۆتۆمبیلەکە لەلایەن ڕیاز نووری جاسم، برازای ئەختەر ئەحمەد مستەفاوە بەڕێوە برابێت، کە دەگوترێت ڕێبەری گروپێکی ئیسلامی بووە کە پەیوەندی بە ئەلقاعیدە، کە تائیبی کوردستان (تیپی کوردستان)ەوە بێت. مانگێک پێش هێرشەکە ڕیاز نووری جاسم چووە ماڵی دایکی و کامێرایەکی بەقەرز وەرگرت. لە بەر ئەوەی ژنەکە دەچوو شتومەک بکڕێت، پێی گوت با بە ترومبیل بتبەم. پێکەوە سواری ترومبیلێک بوون کە برادەرێکی ئەو لێی دەخوڕی. لە کاتی ڕۆیشتندا، کاتێ گەیشتنە ئەو شوێنەی کە ئۆتێلەکەی لێبوو، ڕیاز نووری جاسم دەستی کرد بە فیلم گرتنی بینایەکان و ئۆتێلەکەش. ئەختەر ئەحمەد مستەفا پرسی بۆچی فیلمی هۆتێلەکە هەڵدەگرێت، و گوتی لەم کارە دڵنیاگەرانم . ژنەکە بە ڕیازی گوت لەو برادەرەی وا ترومبیلەکەی لێدەخوڕێ دوورکەوێتەوە- کە عەرەبێکی عیراقیی خەڵکی باقووبە بوو و پێشتریش چەند جار لەگەڵ ڕیاز نووری جاسمدا هاتبووە ماڵەکەیان. ژنەکە پێی گوت من بڕوام بەو کەسە نییە. بە ڕواڵەت، ئەم قسانە لەسەر ڤیدیۆکە تۆمار کراون. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ لێکۆڵەری *ئاسایش* لەسەرەتاکانی مانگی شەشی 2008دا، بە وەفدی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوترا کە ئەو وتووێژە بە کوردی تۆمارکراوە، وەک بەڵگەیەک دژ بە ئەختەر ئەحمەد مستەفا بەکار هێنراوە. *ئاسایش* گومانی ئەوەی هەیە کە ناوبراو هەواڵی پیلانەکەی بووبێت و ئاگاداری دەسەڵاتدارییەتی نەکردبێتەوە. هەرچۆنێک بێت، ئەختەر ئەحمەد مستەفا ئەوە دەداتە دواوە کە ئاگادارییی لە بەرنامەکە بووبێت.

دوابەداوی هێرشەکە، *ئاسایش* ڕیاز نووری جاسم و نۆ پیاوی دیکەی گرت، گوترا هەموویان ئەندامی ئەو گرووپە ئیسلامییە بن. ڕیاز نووری جاسم بە ڕواڵەت ئیعترافی کردووە کە لە گرووپەکەدا ڕیبەری ئاڵقەیەک بووبێت و ئەو و نۆکەسەکەی تریش بەرپرسن بۆ هێرشی سەر ئۆتێلەکە. هەرچۆنێک بێت، سەرەڕای ئەشکەنجەکران، ئەو و نۆ کەسەکەی تر بە ئاسایشیان گوتووە کە ئەختەر ئەحمەد مستەفا هیچ پەیوەندییەکی بە هێرشەکەوە نەبووە و تەنانەت لێی ئاگاداریش نەبووە. ڕۆژی 20ی مانگی سێی 2008 گەلێک کەناڵی تەلەفیزیۆنی لە کوردستان بابەتێکیان لەسەر ئەختەر ئەحمەد مستەفا، مەلکۆ عەبباس محەمەد و 10 زیندانی تر بڵاوکردەوە و بە ڕاگەیاندنی ناویانەوە. تەلەفیزیۆنەکان هەواڵیان دا کە ئەوانە "تیرۆریست" بوون و ئیعترافیان بە دانانی بۆمبا لە ئۆتێلەکە کردووە. ئەختەر ئەحمەد مستەفا و مەلکۆ عەبباس محەمەد هەر دووکیان بۆ ماوەی 19 ڕۆژ لە زیندانی ئاسایشی گشتی لە ژووری تاکەکەسیدا ڕاگیران، ژوورەکەیان گەلێک بچووک و نزیک یەکتر بوو. مەلکۆ عەبباس محەمەد ئەشکەنجە کرا.

شێوازەکانی ئەشکەنجە بریتی بوون لە هەڵاوەسران بە دەست و پەل بۆ ماوەی زۆر، لێدان بە کابڵ، و ڕاتڵەکاندنی کارەبایی شوێنی جیاجیای لەش بە تایبەت ئەندامی جنسی. دایکی گوێی لە دەنگی هاواری بووە. لە شەودا مەجبووریان دەکرد بیستۆک بکاتە گوێچکەی و پاسەوانەکان مۆسیقایان بە دەنگی هەرە بەرز تێدا بڵاو دەکردەوە. ئەم کارە هەموو شەوێک چەندەها سەعاتی پێ چووە. بە گوێرەی هەواڵ، مەلکۆ عەبباس محەمەد بە هۆی ئەو ڕاتڵەکاندنە کارەبایانەی وا لە ئەندامی جنسی درابوو بۆ ماوەی 13 ڕۆژ نەیتوانیوە گمێز بکات و زگییشی هەڵمسابوو. ناوبراو لە نەخۆشخانە عیلاجی بۆ کراوە.

هەفتەیەک دوای گیرانی مەلکۆ عەبباس محەمەد و ئەختەر ئەحمەد مستەفا، کەسوکاریان کە بێئاکام بە شوێنیاندا دەگەڕان، پارێزەرێکیان بۆ گرتن، بەڵام ئەو نەیتوانی سەردانی دوو زیندانییەکە بکات،

بەڕواڵەت لە بەر ئەوەی هێشتا ئیعترافیان نەکردبوو. لە ئەنجامدا، 40 ڕۆژ دوای گیرانیان، پارێزەرەکە مۆڵەتی چاوپێکەوتنیانی پێ درا، و ئەوەش دوای ئەوە بوو کە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بۆ یەکەم جار مۆڵەتی چاوپێکەوتنیان وەرگرت. *ئاسایش* ماڵەکەیانی بۆ ماوەی دوو مانگ داگیر کرد، کە هی برای مەلکۆ عەبباس محەمەد بوو و لە ئەوروپا دەژی، بەڵام دواتر لەسەرەتاکانی مانگی شەشی 2008دا کلیلی ماڵەکەیان دایەوە پارێزەری بنەماڵەکە.

ڕۆژی 6ی یازدەی 2008 دادگایەکی تاوانکاری لە سلێمانی، چوار کەس، واتە ڕیاز نووری، محەمەد سوڵتان، عومەر ڕەحمەتوڵڵا، و یوسف جەدوعی مەحکووم بە ئیعدام کرد. دادگا چوار کەسەکەی تری لە بەر نەبوونی بەڵگە بە بێ تاوان ناسی، کە ئەختەر مستەفا و مەلکۆ عەبباس محەممەدیشیان لەگەڵدا بوو. هەرچۆنێک بێت، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لە سلێمانی نکۆڵی لە ئازادکردنی چوار کەسەکە کرد و بە گوێرەی هەواڵ، قەراری دادگای ڕەت کردەوە. لە کۆتاییدا، دوو کەسەکە ئازاد کران، ئەختەر ئەحمەد مستەفا لە 19 ی مانگی یەکی 2009 و مەلکۆ عەبباس محەممەد لە 4ی دووی 2009دا.

ئەشکەنجە و هەموو چەشنێکی دیکەی هەڵسوکەوتی خراپ بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕەها یاساخە. بەندی 7ی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و یاساییەکان (ICCPR) دەڵێ:"هیچەکەسێک نابێ بکەوێتە بەر ئەشکەنجە یا هەڵسوکەوت و سزای بێبەزەییانە، نامرۆڤانە، و سووکایەتی...." حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی یاسای نێونەتەوەییەوە مەجبوورە لێکۆڵینەوەی خێرا، هەمەلایەنە و بێلایەن لە هەموو تۆمەتێکی ئەشکەنجەکردن لەلایەن *ئاسایش* و دەزگاکانی دیکەی *ئاسایشەوە* بکات، بۆ ئەوەی تاوانبارانی گومانلێکراو بداتە دەست دادپەروەری و قەرەبووی تەواو بۆ قوربانییەکان دابین بکات. هەر بەڵگەیەک لەژێر ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی تردا وەرگیرابێت نابێ لە ڕەوتی دادگادا دژ بە گیراوەکە بەکار بهێنرێت.

لە وەڵامی مانگی دەی 2008 ی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لێبووردنی نێونەتەوەیی، گوترا وە کە دەسەڵاتدارییەتی هەرێم بە توندی ئیدانەی کاری ئەشکەنجە دەکات. وا دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگێک پێش ئەوەی وەڵامی لێبووردنی نێونەتەوەیی بداتەوە، خەباتێکی دژ بە ئەشکەنجەی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا وەڕێ خستبێت. ئامانجی ئەو خەباتە، بە گوێرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە زۆربەی زۆری کەیسەکانی ئەشکەنجە وەک بەڵگە تۆمار بکرێن و بخرێنە بەردەست. وەڵامەکە ڕایگەیاندووە، کە لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو کەیسانە، بەوانەوە وا لەسەرەوەدا دەستنیشان کران، دەستی پێ کردووە و ئەنجامەکەی بەم زووانە ڕادەگەیێنرێت. وەڵامەکە هیچ تایبەتمەندییەکی تر نادات بەدەستەوە، وەک ئەوەی کام دەزگا ڕاسپێردراوە بۆ وەڕێخستنی ئەو لێکۆڵینەوەیە، و هەروەها مەرج و پاڵپشت و چوارچێوەی کاتی لێکۆڵینەوەکە. بەڵام هەرچۆنێک بێت تا کۆتایی مانگی دووی 2009، ڕوون نەبوو ئایا لێکۆڵینەوە لە تۆمەتی ئەشکەنجە دەستی پێ کردووە، و ئەگەر دەستیشی پێ کردبێت، ئەنجامەکانی نەزانراوە.

## ئامۆژگارییەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بە پەلە ئەم کارانە جێبەجێ بکەن:

- بە ئاشکرا کردەوەی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپ مەحکووم بکەن و بە بێ پێچوپەنا ڕایگەیێنن کە دەستدرێژیی ئەوتۆ قەبووڵ ناکەن.

- لێکۆڵینەوەی خێرا، هەمەلایەن و سەربەخۆ سەبارەت بە تۆمەتی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی تر، بەوانەوە کە لەسەرەوەتر باسیان لێوەکرا، بەڕێوەبەرن. زامنی ئەوە بکەن کە شێواز و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ڕابگەیێنرێت.

- لە ماوەی لێکۆلێنەوەکەدا ئەو کاربەدەستانەی وا گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت بە ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی دیکە هەستابێتن، لەسەر ئەرک وکاری چالاک وەلابنێنن.

- هەموو ئەو تاکە کەسانەی وا بەڵگەیان لەسەر هەبێت کە فەرمانی ئەشکەنجە یا هەڵسوکەوتی خراپی دیکەیان دابێت، یا چاوپۆشییان لە بەڕێوەچوونی کردبێت، یا خود بەڕێوەیان بردبێت بدەنە دەست دادپەروەری- بە بێ ئەوەی پلە ویایەیان بگیرێتە بەرچاو. زامنی ئەوە بکەن کە هەموو موحاکمەیەکی ئەوانەی تۆمەتی ئەو تاوانانەیان لەسەرە، لەگەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکانی دادگاییکردنی عادڵانەدا یەک بگرنەوە و قەراری ئیعدامیشیان بۆ دەرنەکرێت.

- زامنی ئەوە بکەن کە هەموو گیراوێک کە دەگوترێت ئەشکەنجە کرابێت یا هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵدا کرابێت، بەخێرایی لەلایەن دوکتورەوە فەحس بکرێن.

- زامنی ئەو بکەن کە قوربانیانی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی تر، هەروەها کەسوکاریان قەرەبووی خێرایان بدرێتەوە، بە قەرەبووی زیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

# 7. دادگاییکرانی ناعادڵانە و سزای ئیعدام

لێبووردنی نێونەتەوەیی لەلایەن گەلێک زیندانی حوکمدراوەوە زانیاری پێ گەیشتووە کە هێمای ئەوە دەکەن دادگاکەیان لەگەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکانی موحاکمەدا یەکی نەگرتووەتەوە. هەندێکیان لە جیاتی دادگایەکی یاسایی بەڕێ وجێ لە شوێنێکی نهێنی موحاکمە کراون. هەندێک موحاکمە لە ماوەی سەعاتێکدا کۆتایی پێ هاتووە. هەندێک لە زیندانیان گازندەی ئەوەیان کردووە کە لەسەر بنەمای"ئیعتراف"ێکی هەڵە قەراریان بۆ دەرچووە کە لەژێر ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی نالەباری دیکە و لە ماوەی دەستبەسەربوونیان لەپێش دادگاکەدا وەرگیراوە ومەجبوور کراون پێی لێ بنێن. بە گشتی زیندانییەکان لە قۆناغەکانی سەرەتایی دەستبەسەربوونیان و ئەو کاتانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوە دابڕاوە، لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە، دەستیان بە پارێزەر ڕانەگەیشتووە. تەنانەت کاتێکیش کە مۆڵەتی ئەوەیان پێ دراوە پارێزەریان هەبێت، لەوکاتەدا کە کێشەکەیان گەیشتووەتە دادگا، زۆرجاران مۆڵەتی دەستڕاگەیشتنی بەردەوام و ڕاوێژی بەڕێ وجێ لەگەڵ پارێزەریان پێ نەدراوە. هەرووەها هەندێک زیندانی گازندەی ئەوەیان هەبوو کە نەبراونەتە بەردەم لێکۆڵەر، یا ئەگەر برابێتن، داوەرەکان بە بێ پرس، ئەو قسانەیان قەبووڵ کردووە کە پرسیارکەری ئاسایش پێی گوتوون. هەندێک زیندانی گوتوویانە کە ترساون لەوەی سەبارەت بە ئەشکەنجە کرانیان گازندە بکەن، لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی *ئاسایش* لەوێ ئامادە بوون، زانیویشیانە کە گەرچی داوەرانی لێکپڵینەوە لەژێردەسەڵاتی وەزارەتی داد دان، فەرمانگەکانیان لە سلێمانی و هەولێر لەناو دائیرەی سەرەکی *ئاسایش* گشتیدان.

لە چەند هەڵکەوتدا، ئەو زیندانییانەی وا تۆمەتی فەرمییان نەدراوەتە پاڵ، براونەتە سەر تەلەفیزیۆن و لە بەرچاوی خەڵک تۆمەتی ئەوەیان لێدراوە کە بەشداریی هێرش، و یەک لەوانە خۆکوشتن بە بۆمبایان کردووە، و بەتەواوەتی گریمانەی بێ تاوانی ئەوان و سەربەخۆیی ڕەوتی داد و دادپەروەری پێشێل کراوە.

لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕووبەڕووی دڵنیگەرانییەکی بەربڵاو بووەتەوە سەبارەت بە ڕادەی نزمی سەربەخۆیی دادپەروەری لەناوچەی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پاشکۆبوونی دادوەری بە خواستەکانی *ئاسایش*. لە یەک ڕووداودا، ئاگاداری لێبووردنی نێونەتەوەیی کراوەتەوە کە دادوەرێک کە وتارێکی ڕۆژنامەیی نووسیوە و تێیدا ڕەخنەی لە دەستتێوەردانی *ئاسایش* لە ڕەوتی دادوەریی گرتووە، لە ئەنجامدا بەرپرسێکی باڵای *ئاسایش* هەڕەشەی لێکردووە یا ئەو قسانەی کردوویەتی بەدرۆ بخاتەوە یا ڕووبەڕووی ڕەنگدانەوەی خراپی کارەکەی ببێتەوە.

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نامەی ڕۆژی 19ی مانگی دەی 2008 بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی ئاگاداری کردووینەوە کە کاروباری دادوەری جێگەی ڕەزامەندی نەبووە و کاری زۆری پێدەوێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکاندا یەک بگرێتەوە. هەروەها ئەوەشی زیاد کردووە و گووتویەتی "سیستەمی دادوەری تەواو نییە و لەگەڵ ئەرکەکانیدا یەک ناگرێتەوە. ئەوە یەک لەو شوێنانەیە [کذا] کە دستدرێژییە ئاشکراکان ڕوویانداوە."

مافی دادگاییەکی عادڵانە و ئاشکرا، بنەمایەکی قایمە کە لە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە. ئەوە زامنێکی بنەماییە بۆ دڵنیابوون لەوەی تۆمەتباران بە شێوەی ناعادڵانە سزا نادرێن. ئەوە دیاردەیەکی بێگومانە بۆ پارێزگاریکردنی مافەکانی دیکەی مرۆڤ، وەک مافی ئازادبوون لە

ئەشکەنجە، و مافی ئازادیی ژیان و ئازادیی بیرورِا و ئەنجومەن کردن. بەندی 14(1)ی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و یاساییەکان (ICCPR) دەڵێت:

*"هەمووان دەبێ لە لای دادگا و دادگای بەرز یەکسان بن. هەموو کەسێک دەبێت بۆ بڕیاردان سەبارەت بە هەر چەشنە تۆمەتبارکردنێکی فەرمی تاوان دژ بە خۆی یا ماف و ئەرکەکانی خۆی، لە کێشەیەکی ناودادگادا مافی موحاکمەیەکی عادڵانە و ئاشکرای لەلایەن دادگایەکی بەرزەوە هەبێت کە ئەو دادگایە، خاوەن دەسەڵات، سەربەخۆ و بێ لایەن بێت. ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی ئاساییش واهەیە ئەو یاسایە شمولیان نەکات، بە هۆی ئەخلاق یا نەزمی گشتی... یا ئاسایشی نەتەوەیی ناو کۆمەڵگایەکی مەدەنییەوە، یاخود کاتێک کە ژیانی خۆماڵی لایەنەکان ئەوە بخوازێت، یا لە حاڵەتی گەلێک پێویستی تردا، ئەگەر بە بۆچوونی دادگا، لە بارودۆخێکی تایبەتدا ئاشکراکردن ببێتە هۆی بڕیاردانی پێش دادوەری. بەڵام هەرچەشنە دادوەرییەک کە لە کێشەیەکی تاوان، یا لە کێشەیەکی ناو دادگادا، دەبێ بە ئاشکرا ڕابگەیێنرێت، مەگەر بەرژەوەندی کەسانی گەنج و هەرزەکار بە پێچەوانەی ئەوە بخوازێت، یا ڕەوتی کارەکە پەیوەندیی بە کێشەی ژن و مێردایەتی یا چاودێریی منداڵانەوە هەبێت."* [19]

**کەماڵ سەید قادر**، کە بۆ ساڵانێکی زۆر لە نەمسا ژیاوە، ڕۆژی 26ی دەی 2005 لەلایەن پاراستنەوە لە دەرەوەی ئۆتێلێک ڕفێنراوە لە کاتێکدا کە ناوبراو بۆ سەردان هاتبۆوە هەرێمی کوردستانی عیراق. بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بە بێ دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و خزمەکانی لە ژووری تاکە کەسیدا ڕاگیراوە. ڕۆژی 19ی دوازدەی 2005 بۆ وتارێک کە چاپی کردبوو، بە ناوی بوختانهەڵبەستنەوە بە گوێرەی بەندی 433ی یاسای سزای عیراقی، لە دادگایەکی هەولێردا قەراری 30 ساڵ زیندانی بۆدەرچوو. دادگاکە لە پێوانە ناونەتەوەییەکان گەلێک بەدوور بوو. کەماڵ سەید قادر تەنیا چەند خولەک پێش دەسپێکی دادگا، لێی ئاگادار کرایەوە، و پارێزەرێکی بۆ دابین کرابوو کە دادگا دایناوو و بۆ یەکەم جار ڕاست پێش دەسپێکی ڕەوتی دادگا چاوی پێ کەوت. دادگا ماوەی سەعاتێکی خایاند و کاتێ کەماڵ سەید قادر پشتڕاستی کردەوە کە نووسەری وتاری جێگەی باس بووە، قەراری بۆ دەرکرا. کەماڵ سەید قادر بۆ نارەزایی دەربڕین سەبارەت بە زیندانی کردنی خۆی لەسەر دەربڕینی ساکاری بیروباوەڕەکەی، مانی لە خواردن گرت. تەندروستییەکەی تێک چوو و داوای دوکتوری کرد، بەڵام وا دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارییەتی زیندان داواکارییەکەی خستبێتە پشت گوێ.

دوای نارەزایی دەربرینێکی جیهانی و گوشارێکی نێونەتەوەیی، دادگای بڕیاردەر کێشەکەی گەڕاندەوە لای دادگای تاوان بۆ دادگاییکردنی دووبارە. ڕۆژی 26ی مانگی سێ ی 2006 دادگایەکی تاوان لە هەولێر کەماڵ سەید قادری موحاکمە کردەوە و 18 مانگ زیندانی بۆ بوختانهەڵبەستن پێ دا. کەماڵ سەید قادر ڕۆژی 3ی مانگی چواری 2006 دوای ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێبووردنێکی تایبەتی دایە، لە زیندان ئازاد کرا.

لێبووردنی نێونەتەوەیی دڵنیگەرانی ئەوەیە چەندەها دەرزەن لەو خەڵکانەی وا چاوەڕوانی ئیعدامن، دادگاییەکی عادڵانە نەکرابێتن. لە ماوەی سەردانی ساڵی 2008ی هەرێمی کوردستان، نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی چاوپێکەوتنی کورێکی لاویان کردووە کە ئەودەم لە زیندانی ئەلمەحەتتە ی هەولێر چاوەڕوانی ئیعدام بوو، و گازندەی ئەوەی دەکرد کە لە زیندانا لێی دراوە و ئەشکەنجە کراوە و دوای ڕەوتێکی گەلێک ناتەواوی دادوەری قەراری ئیعدامی بۆ دەرچووە. **هوشیار سابیر حەسەن**، دووکاندارێکی 26 ساڵانی خەڵکی هەولێر، کە ژن و منداڵێکیشی هەیە، ڕۆژی 21ی مانگی هەشتی 2004 لە دووکانەکەی گیراوە. ناوبراو ئەندامی الجماعە ئەلئیسلامیە بووە بەڵام بە



هوشیار سابیر حەسەن
© Amnesty International

پێی هەواڵ، پێش گیرانەکەی ڕێکخراوەی ناوبراوی بە جێ هێشتوە. پێنج پیاو، یەکیان جل وبەرگی سوپایی لە بەردا و ئەوانی تر بە بەرگی مەدەنییەوە، لە دەوروبەری 9 ونیوی بەیانیدا چوونەتە ناو دووکانەکەی و داوای ناسنامەیان لێ کردووە. کاتێ گوتوویەتی نیمە، لێیان خواستوە لەگەڵیاندا بچێیت بۆ *ئاسایشی گشتی*. لە دەرەوەی دووکانەکە دیتویەتی زیاد لە 20 کەسی چەکدار بە جلوبەرگی هاوشێوەو و سێ ترومبیلەوە وەستاون. پیاوەکان دەستیان لە پشتەوە بەستووە، چاوبەستیان لێ داوە و بردوویانەتە گرتووخانەیەکی نەناسراو، کە دواتر زانیویەتی ماڵێک بووە. لێکۆڵەرێک لێی پرسیوە گەلۆ ئەندامی ئەنسار ئەلئیسلامە. ئەو گوتوویەتی نا.

ئەو پرسیارەی چەندەها جار لێپرسراوە و هەر جارێ بەرپەرچی ئەوەی داوەتەوە کە ئەندام بووبێت. چەندەها جار بە شەپلاغە و مستەکۆڵە لێی دراوە. لە دەوروبەری نیوەی شەودا لێکۆڵەرێکی تر هەمان پرسیاری لێکردووە و هوشیار سابیر حەسەن لە ترسی هەڵسوکەوتی خراپتر، گوتوویەتی بەڵێ ئەندامی ئەنسارئەلئیسلام بووم. چەند پرسیاری سەبارەت بە گرووپەکە لێپرسراوە. بەیانی ڕۆژی دوایی لێکۆڵەرەکەی گوتوویەتی لە مانگی دووی ساڵی 2004دا لە هەولێر، دوو هێرشی خۆکوژی کەم و زۆر هاوکات کراوە و ئەوان لایەن وایە ئەو یەک لەو خەڵکانە بووە کە هێرشەکەی ڕێک خستووە بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەو قسەیە نەبووە. هوشیار سابیر حەسەن بەپەرچی هەر چەشنە بەشداربوونێکی خۆی دەداتەوە.

بە گوێرەی هەواڵ هوشیار سابیر حەسەن ئەشکەنجە کراوە، بە کابڵ لێیداراوە، لەشی بە کارەبا ڕاتڵەکاوە، لە بەری پێیان داوە، مەجبووریان کردووە شتی قورس هەڵبگرێت، ومەجبوورکراوە لە ڕێگەی بڵێندگۆوە بە دەنگی بەرز گوێ بداتە مۆسیقا. هەروەها بۆ چەندەها ڕۆژ نان و ئاویان لێ بڕیوە و گوایە جارێکیش فەرمانبەرێکی *ئاسایش* ڕووی تفەنگەکەی کردووەتە سەری هەوڵیداوە پێ بەوەدا بنێت کە هاوکاریی ئەوانەی کردووە وا بۆمبایان لە هەولێر تەقاندۆتەوە. ناوبراو دەڵێت گوایە ژنەکەی براوەتە ژووری پەنا دەستی و هەڕەشەی دەستدرێژییان لێکردووە ئەگەر بێت و دان بە شتەکەدا نەنێت ، ئەوە لە ڕۆژی شەشەمی گیرانەکەیدا ڕوویداوە. ئنجا ئەو وەئەستۆی گرتووە هەرچییەکیان دەوێت بۆیان ئیمزا بکات بە مەرجێک ئەوان قەبووڵی بکەن ئازاری هاوسەرەکەی نەدەن. جا مەجبووریان کردووە پەنجە بە بەڵگەنامەیەک دا بنێت، کە نەیزانیوە چی تێدا نووسراوە. ڕۆژی دواتر، هەر ئەو پرسیارکەرەی وامەجبووری کردبوو وەرەقەکە مۆر بکات، لەگەڵ پیاوێکدا گەڕاوەتەوە، کە دەڵێ سەرۆکی کابرا بووە، و بە هوشیار سابیر حەسەنی گوتووە ئەو شتەی وا ڕۆژی پێشتر گوتوویەتی دووپاتی بکاتەوە. هوشیار سابیر هەمان ڕستەی گوتۆتەوە."من هاوکاریی بۆمبادانەرەکانم کردووە". پاشان، ئەو پیاوەی کە وەک سەرۆک باسی لێوە دەکات، بەڵگەنامەیەکی ئیمزا کردووە. چەند ڕۆژ دواتر هوشیار سابیر حەسەن زانیویەتی کە "سەرۆک" لە ڕاستیدا داوەرێکی لێکۆڵینەوە بووە.

هوشیار سابیر حەسەن بۆ ماوەیەکی نزیک بە هەشت مانگ لە هەمان ژووردا ماوەتەوە. زۆر گرتووی تر لە ژوورەکەدا بوون و کەسانی دیکەش لە ژوورەکانی پەنادەستیدا. شەو، هوشیار سابیر حەسەن گوێی لە هاواری خەڵک بووە. لە زستاندا ژوورەکەی زۆر سارد بووە و جارێک بۆ

ماوەی چەند سەعات بردوویانەتە نەخۆشخانە. لە ئەنجامدا ڕاگوێزراوەتە گرتووخانەیەکی نهێنیی زیندانی *ئاسایش*ی گشتی، و دوای مانگێک نوێنەری لێژنەی نێونەتەوەیی خاچی سوور(ICRC) چاوی پێ کەوتووە.

بنەماڵەکەی بۆ یەکەم جار دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بە سەر گرتنەکەیدا چاویان پێی کەوتووە، بەڵام نەیتوانیوە باسی ئەو شتانەیان بۆ بکات کە بە سەری هاتوون لە بەر ئەوەی فەرمانبەرێکی *ئاسایش* لە نزیکیان وەستاوە. لە مانگی نوێ 2005 دا ڕاگوێزراوە بۆ زیندانی ئاکرە، کە تاکاتی داخرانی زیندانەکە، دوو ساڵ دوای ئەو ڕێکەوتە، لەوێ ماوەتەوە. ئینجا ڕاگوێزراوە بۆ زیندانی شەقڵاوە و پێنج مانگ دواتر، براوەتە ئاسایشی گشتی و دوومانگ و سێ ڕۆژ لەوێ ڕاگیراوە.

ڕۆژی 17ی مانگی پێنجی 2006، کاتێ کە لە زیندانی ئاکرە بووە، پاسەوانەکانی ئاسایشی گشتی پێیان گوتووە کە دەیبەن بۆ دادگا. کاتێ گوتوویەتی پارێزەرم نییە، گوتوویانە دادگا بۆت دابین دەکات. دادگا بریتی بووە لە ژوورێکی بچووک و لەوە نەچووە دادگایەکی دادپەروەرانە بووبێت. هەرچۆنێک بێت، سێ داوەری لێ بووە، کاتێ ئەو نارەزایی دەربڕیوە و گوتوویەتی ئەو کێشەیەی وا دژ بەمن تۆمار کراوە، ساختەیە و پارێزەرێکیشم نییە نوێنەرایەتیم بکات، یەکیان بە هوشیار سابیر حەسەنی گوتووە بێدەنگ بێت. داوەرەکە گوتوویەتی دادگا پارێزەری بۆ داناوی و ئێستا لێرەیە. جگە لە هوشیار سابیر حەسەن و پارێزەری دانراوی دادگا- کە هیچ ڕاوێژییکی لەگەڵ ئەودا نەکردبوو و سێ داوەرەکە، تەنیا کەسانێک کە لە دادگا بوون فەرمانبەرانی *ئاسایش* بوون. کاتێ کە ئەو درێژەی داوە بە نارەزایی دەربڕین، ئەوان هوشیار سابیر حەسەنیان لە ژوورەکە بردە دەرەوە و گوتوویانە دەبێ هاوکاریی داوەرکان بکەیت. ئینجا گەڕاندوویانەتەوە ناو ژووری دادگا و داوەرەکان دەستیان کردووە بە پرسیار و چەند وێنەیەکیان پیشان داوە و چەند جار لێیان پرسیوە گەلۆ ئەو پیاوەی لە وێنەکەدایە دەناسێت. هوشیار سابیر حەسەن گوتیوویەتی نا، نایناسم.

دوو ڕۆژ دواتر، هوشیار سابیر حەسەن براوەتەوە دادگا. دادوەر قەراری دادگای خوێندۆتەوە و دادگا مەحکوومی کردووە بە ئیعدام بە هەلواسین. پارێزەرەکەی هەوڵی داوە لە دادگا قسە بکات بەڵام داوەر پێی گوتوە لە جێی خۆی دابنیشێت. هوشیار سابیر حەسەن لە ئەنجامدا داوای پێداچوونەوەی قەرارەکەی کردووە، کە تائێستاش هەر درێژەی هەیە، و ناوبراو لە زیندانی ئەلمەحەتتە لەژێر قەراری ئیعدامدایە.

لێبووردنی نێونەتەوەیی بە پەلە داوا لە دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات دەستبەجێ ئەو قەراری ئیعدامەی بەسەر هوشیار سابیر حەسەندا سەپێنراوە هەڵوەشێننەوە، بە خێرایی و تەواویی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە تۆمەتی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی تر دژ بەو بکۆڵنەوە، و دادگایەکی عادڵانەی وای بۆ وەڕێ بخەن کە لەگەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکاندا بگونجێت، یاخود ئازادی بکەن. وەڵامێک کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتووە، هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو کەیسە تێدا نییە.

پێش ئەوەی لە 10ی شەشی 2003دا سزای ئیعدام لەلایەن پۆل بریمەرەوە لاببرێت، کە ئەو دەم سەرۆکی حکوومەتی کاتی (CPA) بووە، قەراری ئیعدام بە ڕاستی لەلایەن دەسەڵاتدارییەتی کوردەوە لە باکووری عیراق بەڕێوە دەبرا. حکوومەتی ناوەندی لە ڕۆژی 8ی مانگی هەشتی 2004 دا سەرلەنوێ سزای ئیعدامی دانایەوە.لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە مانگی حەوتی ساڵی 2006دا کاتێ کە پەرلەمانی کوردستان یاسای دژی تیرۆریزم(یاسای 3ی 2006)ی پەسند کرد، قەراری

ئیعدامیش هەمیسان مۆڵەت درایەوە. ئەم یاسایە بۆ چەند تاوان سزای ئیعدامی گرتە بەر چاو، لەوانە ڕفاندنی مرۆڤ، ئەندامییەتی گرووپی تیرۆریستی، جاسووسی و یارمەتیدانی تیرۆریستان بۆ دەرچوون یا هاتنە ناو وڵات. ڕۆژی 29ی شەشی 2008 پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی پەسند کرد بۆ ئەوەی بەکارهێنانی یاسای دژی تیرۆریستی تا 16ی حەوتی 2010 درێژ بکاتەوە.

بە گوێرەی زانیاریی لێبووردنی نێونەتەوەیی، یەکەم قەراری ئیعدام کە لە هەرێمی کوردستانی عیراق بەڕێوە چووبێت، ڕۆژی 21ی مانگی نوێ 2006 بووە، کاتێ کە 11 کەس لە هەولێر لە سێدارە دران. بە پێی هەواڵەکان، 11 پیاوەکە دەگوترا ئەندامی ئەنسار ئەلئیسلام بووبێتن. کە دوای مەحکووم بوونیان بە هۆی کوشتن و ڕفاندنی ساڵانی 2003 و 2004 ی هەرێمی کوردستانەوە لە مانگی سێ ی 2006دا قەراری ئیعدامیان بۆ دەرچوو بوو. لە مانگی حەوتی 2005دا کەناڵەکانی هەواڵ لە کوردستان"ئیعتراف"ی تاوانی کوشتن و دەستدرێژیکردنی جنسییان لەلایەن **شێخ زانا عەبدولکەریم بەرزنجی** و کەسانیترەوە بڵاو کردەوە کە لە ماوەی دەستبەسەرییان لە زیندانەدا تۆمار کرابوو. لەناو ئەوانەی وا ئیعدام کرابوون، ئەم کەسانە هەبوون: **شێخ زانا عەبدولکەریم بەرزنجی، بورهان تەلعەت محەمەد، دلێر حەیدەر عەبدوڵڵا، مەریوان کەریم حەسەن، کاروخ بورهان محەمەد، هەڤاڵ فەریق ئیسماعیل، ئەزاع موعتەسەم کەریم، فەریق ئیسماعیل عەبدوڵڵا، دلێر عەبدولکەریم ئیسماعیل، یۆسف عەزیز قادر، و زیاد ڕەفعەت عەبدولکەریم.**

چوار ئیعدامی دیکەش لە 29ی مانگی پێنجی 2007دا بەڕێوە بران: **هەرمان محەمەد، عوسمان عەبدولکەریم، شیروان ئەحمەد، و قارەمان ڕەسووڵ**، کە لە هەولێر ئیعدام کران. ئەو کەسانە لە مانگی شەشی 2006دا مەحکووم کرابوون بەوەی بەشدارییی بۆمبادانانی ساڵێک پێشتری هەولێریان کردووە. تا ئەو شوێنەی لێبووردنی نێونەتەوەیی ئاگادارە، لە ساڵی 2007دا هیچ ئیعدامێکی تر بەڕێوە نەبراوە. هەواڵی بەڕێوەچوونی دوو ئیعدامی دیکەش لەسەرەتاکانی ساڵی 2008 دا گەیشتووە، بەڵام لێبووردنی نێونەتەوەیی هیچی تری لێ نازانێت.

ڕۆژی 6ی یازدەی 2008 دادگایەکی تاوان لە سلێمانی چوار کەسی بە ئیعدام مەحکووم کرد **ڕیاز جاسم محەمەد، محەمەد سوڵتان، عومەر ڕەحمەتوڵڵا، و یۆسف جەودع**. ئەوان لە پەیوەندیی هێرشێکی بۆمبادانانی ڕۆژی 10ی مانگی سێی 2008 لە دەرەوەی ئوتێلی پالاس لە سلێمانی کە یەک کەسی کوشت و 40 کەسی بریندار کرد قەراریان بۆ دەرچوو. چوارکەسەکە بە گوێرەی یاسای دژی تیرۆریستیی ساڵی 2006ی هەرێمی کوردستانی عیراق و یاسای سزای عیراقی مەحکووم کران. چوار داکۆکارەکەی تر بە بێ تاوان ناسران (بڕوانە بەشی 6).

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە لە مانگی شەشی 2008دا 33 کەس لە هەولێر و دەوروبەری 47 کەس لە سلێمانی، چاوەڕێن ئیعدام بکرێن. بەو چوار قەراری ئیعدامەی وا لە 6ی یازدەی 2008دا دەرچووە، بە واتا لای کەم 84 کەس چاوەڕوانی ئیعدامن، کە چەند ژنیش لەناویاندان. لە سلێمانی و ئەو شوێنانەی تر کە ینک دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، لەم دواییانەدا هیچ ئیعدامێک بەڕێوە نەبراوە، بەڕواڵەت لە بەر ئەوەی ڕێبەرایەتی ینک دژ بە سزای ئیعدامن. هەموو سزایەکی ئیعدام پێش بەڕێوەبرانی دەبێ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەت بدرێت.

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو وەڵامەدا کە لە ڕۆژی 19ی مانگی دەی 2008 ئاراستەی لێبووردنی نێونەتەوەیی کردووە گوتوویەتی حکوومەت داوای بە پەلەی

لە پەرلەمان کردبوو، کە مەودای سزای ئیعدام کەم بکاتەوە، بەڵام لەوەدا سەرکەوتنێکی کەمی دەست کەوت، لە بەر ئەوەی ئەندامێکی کەمی پەرلەمان پشتگیری پێشنیارەکەیان کرد.

لێبووردنی نێونەتەوەیی دژ بە قەراری ئیعدامە بە هەر شێوەیەک بێت، لە بەر ئەوەی کارەکە دەستدرێژییە بۆ سەر مافی ژیان و بەرزترین شێوازە بۆ سزای بێ بەزەییانە، نامرۆڤانە و پرسووکایەتی. لەوەش زیاتر، پێوانەکانی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی، هەروەها گەلێک دەزگاو پسپۆڕان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پشتڕاستی ئەوەیان کردووەتەوە کە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی ژیان ئەگەر کەسەکە لە ئەنجامی موحاکەمەیەکدا ئیعدام بکرێت کە تێیدا بە پێی یاسا و پێوانە نێونەتەوەییەکان هەموو گەرەنتییەکی دادگاییکردنی عادڵانە نەگیرابێتە بەرچاو. ڕۆژی 20 ی یازدەی 2008، 105 وڵات بڕیاری دووهەمی نەوتەوە یەکگرتووەکانیان پەسند کرد و داوای ڕاگەیاندننامەیەک سەبارەت بە بەکارهێنانی قەراری ئیعدامیان کرد. بڕیارەکە لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (کۆمیتەی سێهەم)دا پەسند کرا.

لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بەو یاسایانەی وا ئێستا لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە دەبرێن، گەلێک دڵنیگەرانە کە هەندێک لەوانەی وا قەراری ئیعدامیان بە سەردا سەپاوە قەرارەکەیان لەسەر بنەمای زانیاری یا ئیعترافاتێک بووە وا لەژێر ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی خراپی دیکەدا وەدەست هێنراون. بۆ نموونە، هەندێک لەوانەی وا لە ڕۆژی 21ی نوێ 2006 دا لەسەر تەلەفیزیۆن و پێش دادگاییکران ئیعترافیان لێ وەرگیراوە، واهەیە لە ئەنجامی ئەشکەنجە یا شێوازی دیکەی تۆپزیدا بووبێت. سەرەڕای ئەوانە، لێبووردنی نێونەتەوەیی لای وایە بڵاوکردنەوەی شایەتنامەی خۆبە تاوانبارناساندنی پێش دادگای زیندانیان لەسەر تەلەفیزیۆن دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی دادگاییکرانی دادپەروەرانە. بەندی 14(2)ی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و یاساییەکان (ICCPR) دەڵێت: *"هەموو ئەو کەسانەی وا بۆ تاوانی جینایی بە شێوەی فەرمی تۆمەتبار دەکرێن، مافی ئەوەیان هەیە تا کاتێ کە تاوانەکەیان بە گوێرەی یاسا لەسەر ساغ دەبێتەوە، بە بێتاوان بناسرێن."*

لێبووردنی نێونەتەوەیی بۆ بڕیاری ئەم دواییەی پەرلەمانی نەتەوەیی کوردستان بە داخەوەیە کە یاسای دژی تیرۆریزمی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژ کردەوە بە بێ ئەوەی مەرجەکانی خۆی بۆ مۆڵەتدان بە سزای ئیعدام بگۆڕێت. ڕێکخراوەکە، پێشوازی دەکات لەو ناحەزییانەی وا لەلایەن ڕێبەرانی کورد، بە سەرکۆمار جەلال تاڵەبانییەوە بەرانبەر بە سزای ئیعدام ڕاگەیێنراوە و ئەو دەمەتەقەیەی وا سەبارەت بە سزای ئیعدام لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە. لێبووردنی نێونەتەوەیی هەروەها پێشوازی دەکات لەو دەستپێشخەرییانەی وا بەسوودی لەناوبردنی سزای بێ بەزەییانە و نامرۆڤانە بەدەستەوەن، و یەک لەوانە، کۆنفەرانسی ڕۆژی 1ی حەوتی 2008 بوو لەژێر سەرپەرشتیکردنی وەزارەتی ماڤەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی مافەکانی مرۆڤی کوردیدا، کە ئامۆژگارییی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو تاوانانەی وا شایانی قەراری ئیعدامن.

## ئامۆژگارییەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی ئامۆژگاری ئەوە دەکات کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵبهێنێتەوە:

- زامنی ئەوە بکات کە زۆربەی پێوانە قورس و قایمەکانی دادگاییکردنی عادڵانە، لە هەموو کێشەکاندا ڕێزیان لێ بگیرێت، و لەوانە:
  - o مافی دادگاییکران لە بەردەم دادگایەکی بەرزی سەربەخۆ و بێ لایەندا؛
  - o مافی دەستڕاگەیشتن بە پارێزەرانی داکۆکیکەری بە توانا، بە هەڵبژاردنی کەسەکە خۆی و لە هەموو قوناغەکانی ڕەوتی دادگاییکردندا؛
  - o مافی ئەوەی کە تا کاتی سەلمانی تاوان بە گوێرەی یاسا، هەر بە بێتاوان بزانرێیت؛
  - o کەڵکوەرگرتن لە بەرزترین پێوانە بۆ کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەو نیشانەکان، بە تایبەت لە هەر ئیفادەیەک کە لە ڕێگەی ئەشکەنجە یا هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی خراپی ترەوە وەرگیرابێت و بیانەوێت لە هەر قوناغێکی ڕەوتی دادگادا دژ بە تۆمەتبار کەڵکیی لێ وەربگرن.
- حوکمی دواخستنی دەستبەجێی ئیعدامەکان دەربکات.
- هەموو ئەو قەراری ئیعدامانەی ئێستا بە دەستی بەڕێوەچوونن، دابشکێنێت.
- ژمارەی ئەو تاوانانەی وا سزای مەرگیان بۆ دانراوە کەم بکاتەوە و بەرەو ئەوە بئاژوێت کە سزای مەرگ لەناو بەرێت، و ڕێز لە پێوانە ناونەتەوەییەکان بگرێت. و بە هۆی بەربەستدانان بۆ ئاوالّەبوونی دەست لە کاری ئیعدامدا، ڕێز لە پیوانە نێونەتەوەییەکان بگرێت.

# 8.هەڵاواردن و زبروزەنگ دژ بە ژنان

لە ماوەی دەیەی ڕابوردوودا، لۆبی و خەباتی ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە بواری پارێزگاریکردنی ژنان دژ بە توندوتیژی و هەروەها دۆخی یاسایی ژنان هەندێک پێشکەوتی گرنگی دەست کەوتووە. لە 1990ەکانەوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان، و لەم دواییەشدا، لەلایەن حکوومەتەوە چەند پەناگەیەک بۆ ژنانی ژێر مەترسی دامەزراوە. لەوەش زیاتر، ڕێکخراوەکانی ژنان، لە گەڵێک چالاکیدا بەشدارییان کردووە و لە بەهێزکردنی دەوری ژنان لە کۆمەڵگادا دەوریان بینیوە- لەوانە، پەروەردە، ڕاهێنانی پیشەیی، پڕۆژەی وەدەستهێنانی داهات، یارمەتی، وشیارکردنەوە و کاری ڕاگەیاندن.

لەم ساڵانەی دواییدا، پەرلەمانی کوردستان بە مەسەلەی توندوتیژیی دژ بە ژنان ڕاگەیشتووە. دەزگای تایبەتمەندی بۆ چاوەدێری و بەرگریکردن لە توندوتیژی دژ بە ژنان دامەزراندووە، لە ڕادەی پۆلیس و نێوان وەزارەتخانەکاندا.[20] یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2002 یاسای سزای عیراقی گۆڕیوە بۆ ئەوەی پێش بە قەراری سووکی نابەجێ بۆ تاوانکارانی دژ بە ژن کە دەڵێن کاری خۆیان بە هۆی "هێزی جووڵێنەری ناmووس"ەوە کردووە، بگرێت.[21] لە مانگی دەی 2008دا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە 15ی 2008ی پەسند کرد و بە گوێرەی ئەو قانونی ئەحواڵی شەخسییەی عیراقی گۆڕی و پەرەی بەمافەکانی ژنان دا. ئەو گۆڕانکارییانە هەندێک بەربەستی بۆ فرەژنی دانا، بەڵام زۆرێک لە چالاکانی مافەکانی ژنان بەردەوامن لە داواکارییان بۆ مەنعی تەواوی دیاردەکە، لەبەر ئەوەی ئەوان مانەوەی یاساکانی جیاوازیدانان لە فرەژنیدا، وەک خۆبەدەستەوەدان بە بەرژەوەندییە ئایینییەکان دەزانن.

هەنگاوی ئەرێیی تر کە هەڵێنرابێتەوە بریتییە لە ڕەشنووسی یاسای توندوتیژیی ناوخێزان، کە ڕەشنووسەکەی لەلایەن کۆمیتەی ژنانی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکراوە و ئامانجی باشترکردنی پارێزگارییە لە ژنان و منداڵان. لەناو کارەکانی تردا، ڕەشنووسی پێشنووسی یاسایەکە کە کارهاسانی ڕەوتی دادوەری دژ بە تاوانکاران دەکات و ڕادەی پارێزگاری کردن لە قوربانییان و کەسانی ژێر مەترسی باشتر دەکات.[22]

دەسەڵاتدارییەتی دەوڵەت پێویستە بە شێوەیەکی بەرێ و جێ و کاریگەر بۆ بەرگریکردن لە زەبروزەنگ دژ بە ژنان هەنگاو هەڵێننەوە و هەر توندوتیژییەکی ئەوتۆ لەوەبەدووا ڕووبدات، بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە و سزادران، دەنا دەوڵەت خۆی بە بەرپرسی توندوتیژییەکە بزانرێت. ئەوە بە پێوانەی"پارێزگاریی پێویست" ناسراوە، و ئەو ئەرکە دیاری دەکات و دەوڵەت دەبێ بیگرێتە ئەستۆ بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیایەتییەکانی لە پێناو پارێزگاریکردنی تاکە کەس لە بەرانبەر دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی لەلایەن دەستدرێژیکەری ناحکوومییەوە. بە گوێرەی جاڕی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە لەناوبردنی توندوتیژی دژ بە ژنان، دەوڵەتان دەبێ پارێزگاریی پێویست بۆ بەرگریکردن، لێکۆڵینەوە و، بە پێی یاسا نەتەوەییەکان، سزادانی کاری توندوتیژی دژ بە ژنان بکەن، جا ئەو کارانە لەلایەن چ دەوڵەت و چ لەلایەن کەسانی تایبەتەوە بووبێت."[23]

## ڕادەی زەبروزەنگ دژ بە ژنان

دیاریکردنی ڕادەی زەبروزەنگ دژ بە ژنان، سەرەڕای چاوەدێری و ڕاپۆرتدانی ڕوو لە زیادبوونی توندوتیژیی دژ بە ژنان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، میدیا، ڕێکخراوە

نێوانحکوومییەکان و دەسەڵاتدارییەتی کوردەوە، هێشتا هەروا ئەستەمە. گەلێک جار سەرنجی تایبەت دەدرێتە ڕووداوە زۆر توندوتیژەکان – بەو کەیسانەوە کە تێیاندا ژنان لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەی خۆیانەوە کووژراون یاخود مردنەکەیان بەهۆی برینی سووتانەوە بووە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان[24]، لەنێوان سەرەتای مانگی حەوتی 2007 و کۆتایی مانگی شەشی 2008 لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا[25] لای کەم 102 ژن وکچ کووژراون. لە نێو ئەوانەدا ژمارەیەکی نەزانراو لە کەیسی "کوشتنی ناموسی" هەن- واتە ئەو ژنانەی وا لەلایەن خزمی نێرینەوە بە هۆی هەڵسوکەوتێکەوە کە ئەوان بە یاسا نەریتییەکانی "نامووس" یان زانیوە. قوربانییانی "تاوانە ناموسییەکان" ئەو ژنانەش دەگرنەوە کە سەبارەت بە مارەیی بە زۆرەملێ نارەزاییان دەربڕیوە و ئەو ژنانەش کە بەبێ پەسندی بنەماڵەکەیان بە تەلەفۆن لەگەڵ پیاوێکدا قسەیان کردبێت.

زیاد لەو 102 کەسە، 262 ژن و منداڵی دیکەش لە هەمان ماوەی زەمەنیدا بەهۆی خۆسووتاندن و خۆکوژییەوە کووژراون یا بە خەستی بریندار بوون. بە گوێرەی هەواڵ، هەندێک ژن سووتێنراون بۆ ئەوەی پەردە بەسەرکوژرانەکەیاندا بدرێت.

**شیلان محەمەد ئەمین،** 23 ساڵان، ڕۆژی 8ی مانگی سێی 2008 لە گوندی تانجەرۆی نزیک سلێمانی خنکێنرا ودواتر سووتێنرا. بە پێی هەواڵ، خوشکی شیلان محەمەد ئەمین و مێردەکەی گیراون و تۆمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ کە تەرمەکەیان سووتاندبێت. هەرچۆنێک بێت، براکەی – کە گومانی کوشتنەکەی لێدەکرێت، بۆ ئەوەی لای وابووە پەیوەندیی نهێنی لە گەل پیاوێکدا هەیە، ئێستاش هەر هەڵاتووە.[26]

سووتاندن بووەتە شێوازێکی گەلێک ڕەچاوکراو لە خۆکوژیی ژنان لە هەرێمی کوردستانی عیراق. بۆ نموونە، لە ساڵی 2007 لە پارێزگای سلێمانی، 105 ژن و کچ بە هۆی برینی سووتانەوە مردوون- کە لای کەم 29 لەوانە بە خۆکوژی ناسراون (گەرچی وا بڕوادەکرێت کە ژمارەی ڕاستەقینە گەلێک لەوە زیاتر بێت)، 17 ژنی دیکەش بە شێوازی تر خۆیان کوشتووە.[27] هەواڵی ئەوە هەبووە کە کەسوکارو دۆست و برادەری قوربانییانی خۆکوژی یا ئەوانەی وا لە خۆکوژی ڕزگاریان بووە،هۆکاری سەرەکی کردارەکەیان بە توندوتیژی و زوڵمێک ڕاگەیاندووە، کە دەرحەقییان کراوە.

بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئاوێنە، کچێکی 13 ساڵان بە ناوی **ڕۆژان،** خەڵکی گوندی سەیدانی، نزیک بەحرەکە، لە پارێزگەی هەولێر، ڕۆژی 16ی مانگی سێی 2008 لە ڕێگەی ئاگرلەخۆبەردانەوە خۆی کوشت. بە گوێرەی قسەی براکەی، ڕۆژان دژ بەوە وەستاوە کە بە زۆر لە پیاوێکی بە تەمەن مارە بکرێت.[28]

توندوتیژیی دژ بە ژنان لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەوە، مەودای مەسەلەکە، لە بێبەشکردنی ژنان لە پێداویستییە ئابوورییەکانەوە هەتا توندوتیژینواندنی بە قسە و ئەندامی، لێدان، توندوتیژیی جنسی و کوشتن دەگرێتە بەر.

گەلێک کردەوەی توندوتیژی، بەڕواڵەت پاڵپشتی کۆمەڵایەتییان هەیە و لەناوئەوانەدا، "تاوانی ناموسی" مارەدان بە زۆر،[29]کە بەمێرددانی کچانی کەم تەمەنیش دەگرێتەوە،[30] "ژن بەژن" (کردارێک کە تێیدا، بۆخۆگرتن لە مارەیی و مەسرەفی دیکەی زیواج، ژنان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ

دەکرێن)، و خەتەنەکردنی مێینە بەرچاون. مێرد، برا، باوک و کوڕان بەرپرسی زۆربەی ئەو دەستدرێژییانەن کە هەندێک جار فەرمانی شۆڕای بنەماڵە، کۆبوونەوەی بنەماڵە، یا مەزنی تایفە بەجێ دەهێنن.

نوێترین ڕاپرسی دانیشتوان سەبارەت بە توندوتیژیی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی(WHO)وە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەسەر بنەمای ئەو چاوپێکەوتنانە دانراوە کە لەسەرەتاکانی ساڵی 2007دا بەڕێوە براون.[31] بە گوێرەی ئەم ڕاپرسییە، سەدا 10.9 ی ئەو ژنانەی وا ڕایان پرسراوە لە ماوەی 12 مانگی پێشتردا، ئەزموونی لای کەم یەک جار توندوتیژیی لەشییان کردووە. گەرچی ئەوە ڕادەیەکی بەرچاوی کەمتر لە ڕادەی مامناوەنجی عیراق پیشان دەدات،[32] ئەوە، دەریدەخات کە هەزاران ژن لە هەرێمی کوردستان لە دەست توندوتیژی ڕەنج دەبەن وبەڕواڵەت زۆربەی زۆری ئەو ڕووداوانەش، هەواڵیان ڕانەگەیێنراوە.

## بەربەستکرانی هەڵبژاردنی ژیان

ئەو ژن و کچانەی وا هەڵبژاردنی بەربەستکراوی ژیانیان هەیە، بریتین لەو کەسانەی کە بەتایبەت دەکەونە بەر توندوتیژی. لە هەرێمی کوردستانی عیراق، هەڵبژاردنی ژیانی گەلێک ژنان و کچان بە هۆی ئەو ڕاستیەوە بەربەست کراوە کە مۆڵەتیان پێ نادرێت هاوسەری ژیانی خۆیان هەڵبژێرن و زۆرێکیان لە تەمەنی کەمدا مەجبوور بە مێردکردن دەبن. زۆر ژن و کچ خوێندەواریی کەمیان هەیە یاخود نییانە، دەرفەتی کارکردنیان بەربەست کراوە و لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ نین.

لە مانگی پێنج و شەشی 2008دا نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەگەڵ 16 ژن و کچدا چاوپێکەوتنیان کرد کە لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە پەناگەدا دەژیان و 16 ژن و کچی تر کە دەستبەسەر بوون. ئەو نموونە بەهەڵکەوتانە 20 چاوپێکەوتنی تریش دەگرنە بەر کە لە گەل کەسانی مێردار یا مێردکردوودا کران. لەسەرجەمی ئەوانە، 12 کەسیان گوتیان مەجبوور بە شووکردن کراون، کە تەمەنی شەش کەسیان لە کاتی بەشوودانداا لەژێر 15ساڵاندا بووە. بە گوێرەی قانوونی ئەحواڵی شەخسییەی عیراق، ژن و مێردایەتی بە زۆر(بەندی 9) و بە مێرددانی کچانی کەمتر لە 15 ساڵان ناقانوونییە، بەڵام ئەوان لە ڕێ و ڕەسمی خۆماڵی یاخود ئایینیدا، درێژە بەم کارە دەدەن، بەبێ ئەوەی بەرپرسانی کارەکە حیسابیان لێ وەربگیرێتەوە.

پێنج لەو 12 کەسانەی وا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرا هیچ مێردیان نەکردبوو و لە بەر ئەوەی جەختیان لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیان کردبوو، کەوتبوونە ژێر مەترسی زەبروزەنگ.

هەندێک ژنان هەواڵی ئەوەیان داوە کە دەستدرێژی جنسییان کراوەتە سەر، یەک لەوانە، ژنێکی 22 سالان کە چاوەڕوان دەکرا وەک ژنی دووهەم، مێرد بە دەستدرێژیکەرەکەی خۆی بکات ، ئەویش لە پێکهاتنێکدا کە بە گوێرەی ئەو دەبوایە کچی کابرای دەستدرێژیکەر بدرێتە یەک لە خزمەکانی ئەم. قانوونی سزای عیراقی پاڵپشتێکە بۆ ئەم کردەوەیە لەبەر ئەوەی ئەگەر بێت و قوربانییەکەی خۆی مارە بکات، سزا لەسەر کابرای دەستدرێژیکەر لادەبات (بەندی 398).

شەش لەو ژنانەی وا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرا گوتیان ئەو توندوتیژییەی بەسەریان هاتووە یا ترسێک کە بوویانە، لە پەیوەندیی داوێنپیسیدابووە. لە کاتێکدا کە یاسای سزای عیراقی داوێنپیسی

بۆ مێرد وژن بە تاوان دادەنێت (بەندی 377). یاسایەکی ئەوتۆ کاریگەریی نابەجێ لەسەر ژنان دادەنێت. بۆ نموونە، واهەیە بۆ ئازار گەیاندن بە ژنان کەڵکی لێ وەربگیرێت و توانا دەداتە مێردەکانیان خۆ لە بەرپرسایەتی منداڵەکانیان بدزنەوە.

**دایکێکی 27 ساڵان** و خاوەنی سێ منداڵ بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە باوکی مەجبووری کردووە لە تەمەنی 13 ساڵیدا شوو بە پیاوێک بکات. ئەو گوتی چەند ساڵ دواتر، مێردەکەی بە درۆ تۆمەتی داوێن پیسی لێ داوە لەبەر ئەوەی دەیەویست تەڵاقی بدات و خۆ لە بەرپرسایەتی بەخێوکردنی بدزێتەوە. ئەو، ئێستا لەسەر تۆمەتەکانی مێردەکەی لە هەولێر گیراوە. ناوبراو گوتی لە منداڵیدا کەمی دەرس خوێندووە، تەنیایە، ناتوانێ خۆی و منداڵەکانی بەخێو بکات. ئێستا ئەو ژنە بەهیوایە مێردەکەی مۆڵەتی گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی خۆیانی پێ بدات و ئەگەر بیەوێت لەوێ وەک "خزمەتکار"ێک کاری بۆ بکات، و بەم شێوەیە بتوانێ لای کەم لە لای منداڵەکانی بێت.

ژنانی چالاکی مافەکانی مرۆڤ پشتڕاستی ئەوەیان کردەوە کە گەلێک ڕووداوی توندوتیژیی دژ بە ژنان کە بینیویانە، بەسەر ئەو ژنانە هاتووە کە بە منداڵی مێردیان کردووە یاخود مەجبوور کراون شوو بکەن، یا مێردەکانیان ژنیان بە سەر هێناون. هەرچۆنێک بێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان وا دەردەکەوێت بۆچاوەدێریکردنی بەمێرددانی پێش کات و بە مەجبووریی، بە وانەوە وا لە ڕێگەی دادگا، یا لە ڕێگەی ڕێکخستنی کەسوکارەوە بەڕێوە چوون، کەرەسەی پێویستی هەبێت و هەربۆیەش دەتوانێت زامنی ئەوە بکات کە ئەوانەی وا بەرپرسی مارەکردنی ناقانوونین، تووشی ڕاونانی قانوونی دەبن.

لە زۆربەی کەیسەکاندا، کەسوکارکچەکەیان لەتەمەنی کەمدا بە مێرد دەدەن. بەگشتی، هەرچەندە داهاتی بنەماڵەکە و ڕادەی خوێندەواری کەمتر بێت، وێچووترە کە کچی ماڵەکە زووتر بە مێرد بدرێت. سێزدە لەو 32 ژن و کچەی وا لێبووردنی نێونەتەوەیی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردن، هیچ پەروەردەیەکی قوتابخانەیان نەبوو. زامنکردنی دەستڕاگەیشتنی کچان بە خوێندەواری یەک لەو هەنگاوە کاریگەرانەیە بۆ کۆتاییهێنان بە مارەبڕینی پێش کات.

پێوانەکانی مافەکانی نێونەتەوەیی مرۆڤ، پەروەردە- بە خوێندنی قۆناغی سەرەتاییەوە، بە مافێک دەناسن کە دەبێ بە خۆڕایی و بە مەجبووری بێت.[33] لەناوچەی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، لە منداڵان دەخوازرێت لای کەم شەش پۆلی خوێندنی سەرەتایی تەواو بکەن، کە بە گشتی لە تەمەنی شەش یا حەوت ساڵانەوە دەست پێ دەکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ژمارەی ئەو ژن و کچانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا هیچ خوێندنێکیان نەبووە، بە شێوەیەکی وشیارکەرەوە بەرزە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەدا 31.7 ئەو ژن و کچانەی وا تەمەنیان لەنێوان 15 و 49 ساڵاندا بووە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانە و ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ سەدا 15.1ی ژنانی بەشەکانی تری عیراق لە هەمان تەمەندا. لێکۆڵینەوەکە هەروەها دەریدەخات کە کچان کەمتر لە کوڕان دەچنە قوتابخانەی ناوەندی و خوێندنی باڵا.[34]

بێبەشکردنی کچان، هاوڕێ لەگەڵ شتەکانی تر، شێوەیەک لە هەڵاواردنی ئابووری پێک دەهێنن. ئەوان کەمتر وا هەیە توانای خۆیان لە هەموو بوارێکی دامەزران لە ئیش وکاردا، بەسیاسەتەوە، بخەنە گەڕ.

لێکۆلینەوەکانی ڕێکخراوەی جیهانیی تەندروستی دەری خست کە سەدا 90ی ئەو ژنانەی وا تەمەنیان لەنێوان 15 تا 49 ساڵاندا بووە ولە هەرێمی کوردستانی عیراق چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە و، نەخوێندەوار بوون، بە بەراورد لەگەڵ سەدا 86.6ی ژنانی هەمان تەمەن لە پاشماوەی

وڵاتدا.[35] دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ لێبووردنی نێونەتەوەییدا پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە هیچ بەربەستێکی یاسایی هۆکاری هەڵاواردنی ژنانێک نییە کە داواکاری ئیش و کارین.[36] بەڵام هەرچۆنێک بێت، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئیشکردن خەریکی دارشتنی بەرنامە و پلانە بۆ دەرفەتی زیاتر بۆ ئیش وکاری ژنان.

## ڕاگەیاندنی زەبروزەنگ

لە کاتێکدا ڕەنجی زۆرێک لە ژنانی قوربانی توندوتیژی ناکەوێتە بەر سەرنجی دەسەڵاتدارییەتی، ژمارەی گازندەی تۆمارکراوی تاوانی توندوتیژیی دژی ژنان لە زیادی داوە. لە هەندێک کەیسدا، ژنان نەیانتوانیوە گازندەی خۆیان ڕاستەوخۆ لەلای دەسەڵاتدارییەتی تۆمار بکەن، هەندێکی تر، ئەم کارەیان بە یارمەتیی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان ئەنجام داوە. هێڵی تەلەفۆنی یاریگەیاندن بۆ ژنانی ژێرمەترسی لەلایەن حکوومەتیش و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیشەوە دامەزراون.




بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، هەولێر
© Amnesty International

دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت لەسەرەتای پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتمەندی پۆلیس بۆ مەسەلەی توندوتیژیی دژ بە ژنانەوە،[37] ژمارەی گازندە لە توندوتیژیی دژ بە ژنان زیادی کردووە، و ئەوەش بەڕواڵەت لەبەر ئەوەی دامەزرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کارهاسانی کردووە بۆ ڕاگەیاندنی تاوانی ئەوتۆ. بەڵام هەرچۆنێک بێت لە بەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە شارە گەورەکان دامەزراون، بۆ ژنانی گوندەکان ئەستەمە بتوانن ڕاپۆرتی توندوتیژی یا هەڕەشەکردن لەخۆیان ڕابگەیێنن. لەوەش زیاتر، کەمبوونی بەرێژەی فەرمانبەری ژن لە نێو بەڕێوەبەرییەکانی پۆلیسدا وا هەیە پێش بە ڕێژەی ڕاگەیاندنی ڕووداوەکان تەنانەت شارەکانیشدا بگرێت.

سەرەڕای دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئەو ڕاستییەی کە ڕاهێنانی تایبەتمەند بە کاروباری ژێندەر واتە نێرومێیەتی بۆ پۆلیس دانراوە، وا دەردەکەوێت کە هەندێک لە ئەفسەرانی پۆلیس کاتێ

ڕووبەڕووی کەیسی زەبروزەنگ دژ بە ژنان دەبنەوە، نایانەوێت یا ناتوانن وەڵامی کاریگەر بە کێشەکە بدەنەوە. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ لێبووردنی نێونەتەوەییدا، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان قەبووڵیان کرد کە، هێشتا، زۆرێک لە ئەفسەرانی پۆلیس بە شێوەیەکی بەجێ لە کاروباری ژێندەردا ڕانەهێنراون کە بتوانن بە باشی کێشەی ژنانی قوربانیی توند وتیژی ڕابپەڕێنن.

ژنێک کە نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە مانگی پێنجی 2008دا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووە، گووتوویەتی بۆ چەند دەیە لە دەست زەبروزەنگی مێردی پێشووی ڕەنجی بردووە، کە لە تەمەنی 13 ساڵیدا مێردی پێکردبوو. ناوبراو گوتی چەندەها جار گازندەی بردووەتە لای پۆلیسی خوجێیی لە سلێمانی، بەڵام هیچ وەڵامێکی پێویست بە شکایەتەکەی نەدراوەتەوە. ناوبراو گوتی: "ئەگەر پۆلیس بە ڕاستی هەنگاوی پێویستی هەڵبهێنایاتەوە، دەستدرێژییەکان بەردەوام نەدەبوون." ئەو گوتی لە ساڵی 2001دا خۆی و کچەکەی ویستیان ڕاپۆرتی زەبروزەنگی دژ بە کچەکەی ڕابگەیێنن، بەڵام پۆلیس هانی دان ئەو کارە نەکەن. لە ئەنجامدا ناوبراو، بە یارمەتیی ڕێکخراوەیەکی ژنان، شکاتێکی دژ بە مێردەکەی تۆمار کرد، و لە ساڵی 2007دا مێردەکەی لەسەر توندوتیژینواندن دژ بەو، قەراری زیندانی بۆ دەرچوو. هەرچۆنێک بێت، ئێستا ئەو ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە دوای بەڕەڵلابوونی مێردەکەی کە بڕیارە لە ساڵی 2010دا بێت، سەرلەنوێ بکەوێتە ژێرمەترسی.

## پێداویستی بۆ پارێزگاریکردنی باشتر

بە بەراوردکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراقدا، میکانیزمی پارێزگاری ژنان لە هەرێمی کوردستانی عیراق، زۆر پێشکەوتووترە. دامەزرانی چەندەها دامەزراوی نوێ لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، بە ڕێکخراوە ناحکوومیەکان (ئێن جی ئۆ)وە، کە لەگەڵ ئاراستەکردنی ئامۆژگاریی قانوونی، پەناگە بۆ ژنانی بەرمەترسی دابین دەکەن، هەروەها دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتمەندی پۆلیس، کاری پارێزگاریکردنی ژنانیان لە دەست زەبروزەنگ باشتر کردووە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، هەنگاوی زیاتر پێویستە هەڵبهێنرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو دەستپێشخەرییە ئەرێیییانە سەقامگیر بن و ژینگەیەک بخولقێت کە تێیدا ژنان لە زەبروزەنگ و هەڕەشەی توندوتیژی ئازادبن.

گەلێک لە ژنانی ژێر مەترسی ڕوودانی زەبروزەنگ لەلایەن خەڵکانی ترەوە نێردراونەتە ئەو شوێنانەی کە بە شوێنی سەلامەت دەزانرێن، یا خۆیان ڕاستەوخۆ پەنایان لێ خواستووە - وەک پەناگەکانی ژنان، فەرمانگەی هێزەکانی *ئاسایش*، گرتووخانە، و ماڵی ڕێبەرانی کۆمەڵایەتی یا ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ. بەڵام، ئەوانە هەموو، زیاتر نین لە "چارەسەر" بۆ ماوەیەکی مام ناونجی. ئەوان ناتوانن چارەسەرێکی بەردەوام بۆ پێداویستییەکانی ئەو ژنانە دەستەبەر بکەن کە بە هۆی توندوتیژییەکەوە وا تووشی هاتوون یا بە هۆی هەڕەشەی بەردەوامەوە، ناتوانن یا نایانەوێت بگەڕێنەوە ناو بنەماڵە یاخود ژینگەی پێشووی ژیانی خۆیان.

لە مانگی دووی 2009دا، سەرجەم شەش پەناگە لە باکووری عیراقدا کاریان کردووە. یەک لە دهۆک، یەک لە هەولێر، یەک لە کەرکووک، و سێ لە سلێمانی. بەڵام شوێنی جێ بوونەوەیان ئەوەندە نەبووە کە وەڵامدەری ڕادەی ڕاستەقینەی پێداویستییەکان بێت. دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە قەبووڵ دەکەن و دەڵێن هیوادارن جێگەی زیاتریان بۆ دابین بکرێت.[38]

زۆرێک لەو ژن و کچانەی وا لێبووردنی نێونەتەوەیی لە پەناگەو گرتووخانەکاندا چاوپێکەوتنی

لەگەڵدا کردن، بێ هیوایی و ترسیان دەردەبڕی. **ژنێکی تەڵاق دراوی 34 ساڵان** لە پەناگەیەک، کە هێرشی کرابووە سەر و گوترابوو کە ئەگەر بگەڕێتەوە ناو ماڵەکەی دەکووژرێت، بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت: "دەزانم براکانم دەمکووژن. ئەوان گوتوویانە گرنگ نییە دەچییە کوێ، ئێمە دەتدۆزینەوە و دەتکووژین. من دەزانم دەمرم."

یەک لە ئەرکە ئەستەمەکانی ئەوانەی وا بەرپرسی ئاسایشی ژنانن لەناو پەناگە و شوێنەکانی دیکە ئەوەیە بڕیاربدەن لە چ بارودۆخێکدا ژنەکان دەتوانن لەوێ بڕۆن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو ژینگانەی وا هێشتا لەوپەڕی ناسەلامەتیدان. وا دەردەکەوێت کە لە کاتی ئێستا دا هیچ چەشنە پێوانە یا پەیڕەوێکی کردار بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستییە ڕێک نەخرابێت.[39]

وەک پەیڕەوێکی گشتی، ئەم پێوانانە دەبێت زامنی ئەوە بکەن کە هیچ ژنێک بەبێ خواستی خۆی نەنێردرێتەوە ژینگەیەکی بێ متمانە، و دەبێت بتوانێت هەرکاتێ ویستی موافقەی خۆی وەربگرێتەوە و بگەڕێتەوە [بۆ ناو پەناگەکەی]. ئەو کەسانەی وا لە کاری وتووێژکردن بۆ مەسەلەی گونجاوبوونی گەڕانەوەی ژنێکی ژێر مەترسی بۆ ناو ماڵەکەیین دەبێت دڵنیابن لەوەی ژنەکە زانیاریی تەواوی لە مەترسییەکانی گەڕانەوە هەبێت و هەروەها جێگری وەک ڕوانگەی درێژخایەن لە ژینگەیەکی بەمتمانەدا بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی نەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی جگە لە گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ نەبێت.

زیاد لەوەش، ئەو پێوانە و ڕەوتانەی وا دەتوانن یاریدەدەری ژنان بن، بە تایبەت شێوە و پەیڕەوی دڵنیابوون لە مەرجەکانی سیستەمی پشتگیری خۆجێیی دواتربهێنرێنە کایەوە و لەو ڕێگەیەوە کەسانی وەک ڕێبەرانی کۆمەڵگا و ئەوانی تر کە مەترسی بۆ ژنانی جێگەی باس نانێنەوە، تێکەڵاوی مەسەلەکە بکرێن. پلاندانانی باشی پارێزگاری هەروەها فەرمانبەرانی لێهاتووش دەخوازێت کە دواتر بە بەردەوامی و بە ڕێکوپێکی شوێنی مەسەلەکە بەرنەدەن و بۆ پێداچوونەوەی کارەکان و دانیشتن لەگەڵ ئەو ژنانەی وا گەڕاونەتەوە ژینگەیەک کە خۆی لە خۆیدا ناسەلامەتە، بۆ ئەوەی متمانە پەیدا بکەن کە مەرجی کاریگەر بۆ دڵنیایی و هەروەها ئامۆژگاری و پشتگیریکردنی پسپۆڕانە لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی بەرێ وەچێ و یەک لەوانە هەندێک مەرج وەک دابین کردنی تەلەفۆنی مۆبایل و قفڵی متمانەی سەردەرگاکان و شتی ئەوتۆ بەبەردەوامی ڕەچاو بکرێن. لێبووردنی نێونەتەوەیی ئاگادارە کە فەرمانبەرانی پەناگەکان هەوڵ دەدەن پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ ئەو ژنانەدا بگرن کە پەناگەکەیان بەجێ هێشتووە، بەڵام پێویستە سیستەمێکی هەمەلایەنەتر بۆ شوێنگرتنی بەردەوام و هەروەها سەرچاوەی بەرێ وەچێ لەبەردەستدا بن کە زامنی مەسەلەکە بکەن.

وتووێژ سەبارەت بە گەڕانەوەی ژنانی ژێر مەترسی بۆ سەر ماڵ و حاڵیان بە گشتی لەلایەن دامەزراوێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە پارێزگاری ئاراستەی ژنەکە دەکات و بەردەوام نوێنەرانی حکوومەت لە کارەکە وەردەدات. لێبووردنی نێونەتەوەیی ئاگاداری زۆر کردەوەی پەناگە و گرتووخانە و پۆلیسخانەکانە، کە لە ئەنجامی ڕەوتی وتووێژ سەبارەت بە گەڕانەوەی ژنان و پێش بەجێهێشتنی ئەو شوێنەی کە تێیدا پارێزگارییان لێ دەکرێت، داوا لە خزمەکانیان کراوە لە دادگادا نامەی بەڵێن مۆربکەن و وەئەستۆی بگرن کە ئازاریان پێ نەگەیێنن.

لێبووردنی نێونەتەوەیی دڵنیگەرانی ئەوەیە وتووێژ لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵگا و کەسانی تر، هەروەها وەرگرتنی ئەو چەشنە بەڵێنانە، زۆر جێگەی ڕەزامەندی نەبن مەگەر تەگبیری پارێزگاریی کاریگەری تر بکرێت بۆ زامنکردنی ئەوەی بەڵێنەکان بەڕاستی بەڕێوە ببرێن. لە چەندەها کەیسدا، کە ڕاپۆرتیان گەیشتووەتە دەست لێبووردنی نێونەتەوەیی، وا دەردەکەوێت کە

سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی بنەماڵە ڕێکەوتننامەی نووسراویان مۆرکردووە کە ئازار بە ژنەکان نەگەیێنن، دیسان هەر ژنەکان لەلایەن خزمەکانیانەوە تووشی زەبروزەنگ هاتوون، و هەندێک جاریش بە شێوەی کوشەندە.

**کۆوان یۆنس قادر،** 17 ساڵان ڕۆژی 1ی مانگی دووی 2008 لە گوندی باستورە، لە نزیک هەولێر تەقەی لێکراو کووژرا. ناوبراو لە مانگی دەی 2007دا لە پەناگەی هەولێر دەژیا لە بەر ئەوەی مێردەکەی نەیدەویست تەڵاقی بدات. زۆرێک لە خزمانی نێرینەی کۆوان یۆنس قادر، پێش ئەوەی پەناگە بەجێ بهێڵێت، ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد و زامنی ئەوەیان کرد کە سەلامەتی ئەو دەستەبەر بکەن. بەڵام هەرچۆنێک بێت، لای کەم یەک لە خزمەکانی لە پەیوەندی کوشتنی ئەودا، گیرا و دواتر تۆمەتی فەرمیی کوشتنی ئەوی لێ درا.[40]

ئەو کەیسەی سەرەوە دەری دەخات کە واهەیە مەترسی جیددی بۆ ئەو ژنانە هەبێت کە ژینگەی بە متمانەکە بەجێ دەهێڵن. لە زۆرکەیسدا، ئەو ژنانەی وا گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵیان تووشی دەستدرێژیی زیاتر هاتوون، بەڵام ناتوانن، یا دەترسن ڕاپبگەیێنن. هەڕەشەی زەبروزەنگ بۆ گەلێک لە ژنان هەروا ماوە و واهەیە زیاد لە ڕادەی تاقەت و توانایان بێت.

ژنانی چالاکی کورد لە بواری مافی مرۆڤدا، لە چاوپێکەوتنی لێبووردنی نێونەتەوەیی بە بەردەوامی ڕایانگەیاندووە کە پێویستە ژینگەیەکی ژیانی سەلامەت و درێژخایەن لەناو پەناگەکان و دەرەوە بۆ ئەو ژنانە بخولقێت کە ناتوانن یا نایانەوێت بگەڕێنەوە لای بنەماڵەکانیان. ئەوە دەبێ تەگبیری باشترکردنی سەربەخۆیی ئابووری ژنان، لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتنیان بە پەروەردەی زیاتر، ڕاهێنان بۆ ئیش و کار و دامەزرانیش بگرێتە بەر. دەسەڵاتدارییەتی کورد ئاگاداری لێبووردنی نێونەتەوەیی کردووەتەوە کە خەریکی ئەوەن لێهاتوویی و دەرەتانی ئیش وکار بۆ ژنانی ناو پەناگاکان بخولقێنن[41].


ژنان دژ بە کوشتنی نامووسی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان خۆپیشاندان سازدەکەن، هەولێر 2007
© Rewan

لێبووردنی نێونەتەوەیی بە هەندێک کەیسی زانیوە کە تێیاندا وا دەردەکەوێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیبێت هەنگاوی پێویست هەڵبهێنێتەوە بۆ بەرگری کردن یا سنووردانان بۆ پیاوانێک کە هەڕەشەیان لە ژنان کردبێت، گەرچی لە هەڕەشەکردنەکە ئاگادار کراونەتەوە. ئەم کەیسەی خوارەوەی ڕۆژنامەنووسێکی 27 ساڵان کە لە مانگی چواری 2008دا کووژاروە، نموونەیەکی ناگوزیرمان دەخاتە بەردەست لە ئەنجامێکی گونجاو بۆ ئەو کاتەی وا دەسەڵاتدارییەتی هەنگاوی پێویست بۆ پارێزگاریکردنی ژنانی ژێر مەترسی هەڵناهێنێتەوە.

**بێگەرد حسێن محەمەد ئەمین** دەگوترێت ڕۆژی 18ی مانگی چواری 2008 بە چەقۆ لە ماڵی خۆی لە هەولێر بە دەست مێردەکەی، محەمەد حەمە ئەمین، کووژرابێت. ناوبراو لە مێردەکەی جیا بووبووەوە، بەڵام تەڵاق نەدرابوو. بێگەرد دوای ئەوە کووژرا، کە پەیوەندییەکی لەگەڵ پیاوێکی تر هەڵبەستبوو و چەند هەڕەشەیەکی لەلایەن مێردەکەیەوە لێکرابوو. ناوبراو ئەو هەڕەشانەی بە پۆلیس ڕاگەیاندبوو، بەتایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی تایبەت بە بەدواکەوتنی زەبروزەنگ دژ بە ژنان لە هەولێر، و داوای پارێزگاریی خۆی لێکردبوون. پۆلیس ئامۆژگاری بێگەرد حسێن محەمەد ئەمینی کردبوو بچێت لە پەناگەدا پەنا بۆخۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ناوبراو گوتبووی نایەوێت بچێتە شوێنەکە لە بەر ئەوەی بەرگری لە درێژەی کاری ڕۆژنامەگەریی دەکات و داوای پاسەوانێکی بەر دەرگاکەیانی لێ کردبوون. پۆلیس ئەو کارەی بۆ نەکردبوو، قەرارێکیشیان بۆ بەربەستدانان لەسەر هاتوچۆی مێردەکەی دەرنەکردبوو. ئەم کەیسە دڵتەزێنە دەکرا بەرگری لێبکرێت ئەگەر پۆلیس زیاتر لە مەسەلەکەی بکۆڵیایەتەوە و تەگبیری ناسین و کردەوەیی بۆ پارێزگاریکردنی سەلامەتیی بێگەرد حسین محەمەد ئەمین بکردایە. تا سەرەتاکانی ساڵی 2009ش مێردی ناوبراو هەر هەڵاتبوو.

# ڕاونانی تاوانباران

گۆڕانکاریی لە بەندی ژمارە 14ی 2002ی یاسای سزای عیراقی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، دەبێ بەرگری بکات لە دەرچوونی قەراری بێ ڕی وجێ بۆ تاوانبارانی کردەوەی تاوانبارانە دژ بە ژنان، کە دەڵێن کارەکەیان بە هۆی" هاندەری نامووسی"یەوە کردووە. دوای ئەو گۆڕانکارییانەش، لێبووردنی نێونەتەوەیی تایبەتمەندیی 10 قەراری دادگای تاوانی دەست کەوتووە[42]، کە تێیاندا پیاوان بە کوشتنی ژنی خزمیان مەحکووم کراون. قەرارەکان شتێکن لەنێوان دوو ساڵ زیندانەوە (هی دوو کەیس)، تا قەراری ئیعدام (یەک کەیس).[43] لای کەم لە پێنج کەیسیاندا، دادگای پێداچوونەوە قەرارەکانی پەسند کردووە. لە دوو کەیسدا کە تاوانباران دوو ساڵ زیندانیان پێ دراوە، دادگای پێداچوونەوە یەک لە قەرارە نەرمەکانی دادگای پێشووی هەڵوەشاندووەتەوە و ئەویتریانی پەسند کردووە.

ڕۆژی 17ی مانگی پێنجی 2007 دادگای پێداچوونەوە قەراری مرۆڤکوژیی بە نائەنقەستی فەیسەڵ ئەحمەد عەلی بۆ کوشتنی ژنی پێشووی خۆی لە هەولێر لە ساڵی 2006دا هەڵوەشاندەوە و دوو ساڵ زیندانی پێدا. لە قەراری دووهەمی خۆیدا، دادگای تاوانی دهۆک سێ ساڵ زیندانی بۆ کوشتنەکە، دایە. ڕۆژی 9ی مانگی سێی 2009 دادگای پێداچوونەوە قەراری مرۆڤکوژییەکەی پشتڕاست کردەوە بەڵام حوکمی زیندانەکەی پێ زۆر کەم بوو، و ڕایگەیاند کە دادگای تاوانی دهۆک لە کاتی قەراردەرکردنەکەدا بارودۆخی خاوکەرەوەی"بە پێچەوانەی یاسای ژمارە 14ی 2002" بۆ گرتووەتە بەر چاو.

ڕۆژی 12ی مانگی یازدەی 2006 دادگای پێداچوونەوە ئەو قەرارەی وەک خۆی هێشتەوە کە دادگای تاوانی سلێمانی[44] دوو ساڵ زیندانی دابووە ئازاد سلێمان، بۆ خنکاندنی خوشکەکەی لە ساڵی 2006دا لە خانەقین، لە پارێزگای دیالە. دادگای پێداچوونەوە پەسندی قەرارەکەی کرد بۆ کوشتن، بەڵام بە گوێرەی بەندی 128 ی یاسای سزا، هەل ومەرجی خاوکەرەوەی بۆ گرتە بەر چاو. دادگای تاوان ئەوەی قەبووڵ کردبوو کە داکۆکیکار، وا ئیعترافیشی بە تاوانەکە کردبوو، بە "هاندەری نامووسی" یەوە کارەکەی کردبوو و بە کوشتنی خوشکەکەی خۆی، کە دەیگوت لەشفرۆش بووە، ویستبووی "سەر شۆڕی بشواتەوە".

لەسەر بنەمای زانیاری لە مەڕ ژمارەیەکی کەمی کێشەی ناو دادگا، بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی ئەستەمە ڕادەی بەربڵاوی ئەو کێشانە هەڵسەنگێنێت کە تێیاندا دادگا درێژە دەدات بەوەی بەندی خاوکەرەوە لەسەر بنەمای چەمکی"نامووس" قەبووڵ بکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت، لێبووردنی نێونەتەوەیی دڵنیاگەرانە لەوەی کە سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2002ی یاسا، لای کەم لە هەندێک کەیسدا، دادگاکان درێژەیان داوە بە دەرکردنی قەراری نەرمی نابەجێ بۆ ئەو پیاوانەی کە پێشتر حوکمی کوشتنی خزمی مێینەی خۆیان لەسەر دەرچووە.

لە زۆر کەیسدا تاوانبارانی کاری زەبروزەنگ دژ بە ژنان- بەوانەوە وا گوایە "کوشتنی نامووسی" یا شێوازی دیکەی کوشتن بن- هەرگیز نادرێنە دەست عەداڵەت. لە هەندێ کەیسدا واهەیە بتوانن سەرەکەوتووانە کوشتنەکە لە پەردەی هەڵکەوت و ڕووداو، یا خۆکوژیدا بشارنەوە، لە هەندێک کەیسی دیکەدا، دەسەڵاتدارییەتی نەیانتوانیوە تاوانبار بناسن یاخود کابرا هەڵاتووە.

**کوردستان عەزیز**، تەمەن 16 ساڵان و خەڵکی گوندی کۆلکە ڕەش لە نزیک هێران لە پارێزگای هەولێر، لە مانگی پێنجی 2008دا بێسەروشوێن مایەوە. وا دەزانرا مردبێت لەبەر ئەوەی باوکی لە دەوەروبەری 21ی مانگی پێنجی 2008دا ئاگاداری پۆلیسی کردەوە کە یەک لە برازاکانی تەلەفۆنی بۆ کردووە و پێی لێ ناوە کە ئەو کوشتوویەتی. کوڕێک لە مانگی دووی 2008دا کچەکەی هەڵیگرتبوو و بردبووی بۆ هەولێر و هەردووکیان لەوێ گیرابوون. لە کۆتایی مانگی دوودا، کچەکە موافقەی کرد بگەڕێتەوە ماڵی دایک و باوکی، دوای ئەوەی ئەوان نامەی گەرەنتیکردنی سەلامەتییان بۆ ئیمزا کرد. دەسەڵاتدارییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی شەشی 2008دا دایک و باوکەکەیان گرت و چەند مانگ لە دەستبەسەریدا هێشتیاننەوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، برازاکەیان، کە گومانلێکراوی سەرەکییە، تا سەرەتاکانی ساڵی 2009 هەر لە هەڵاتندا بوو.

نەدۆزینەوەی تاوانبارانی زەبروزەنگ دژ بە ژنان و نەهێنانیان بۆ بەر دادپەروەریی، پەیامێکی ترسناک دەنێرێت بۆ هەموو ژنان. لێبووردنی نێونەتەوەیی داواکاریی خۆی لە دەسەڵاتدارییەتی کورد دووپات دەکاتەوە کە هەوڵی خۆیان لە پێناو زامنکردنی لێکۆڵینەوەی خێرا، کاریگەر و سەربەخۆ، بێ لایەن و هەمەلایەنەی هەموو کەیسێکی ڕاگەیێنراوی توندوتیژیی دژ بە ژنان زیاتر بکەن.

## ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ لە مەترسیدان

توندوتیژی ناوخێزان دەتوانێ باڵ بهاوێتە سەر ئەو چالاکانەی وا لە پێناو پارێزگاریکردنی ماف و هەڵبژاردنەکانی ژناندا کاردەکەن. ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیشتن بە توندوتیژیی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان و شوێنەکانی تری عیراق، خۆیان دەخەنە ناو مەترسیی

کۆمەڵگاکەیانەوە. زۆرێک لە چالاکان کە قسەیان بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی کردووە، هەڕەشەیان لێ کراوە و لەوانە، پارێزەران و هەروەها فەرمانبەرانی پەناگاکان کە بە نوێنەرایەتی ئەو ژنانە کاردەکەن وا تووشی زەبروزەنگ هاتوون.

ژنێکی پارێزەر لە هەرێمی کوردستان بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە خزمی ژنێک کە داواکاریی تەڵاقی بۆ تۆمارکردبوو لەسەر تەلەفۆنی مۆبایل هەڕەشەیان لێکردووە. یەک لەو پەیامانەی وا لە ساڵی 2008دا بۆیان ناردووە بەم شێوەیە نووسراوە: "لە کوێ دەتەوێ خۆت بشاریەوە؟ ئەگەر ئەو ژنە تەڵاق وەربگرێت، ئێمە مافی خۆمان دەستێنینەوە.دەزانین کە تۆ پارێزەری ئەوی. تواناشمان هەیە بتگرین و بتکووژین. هیچ هێزێکیش ناتوانێت بەرگریی ئەم کارەمان لێ بکات."

ژنێکی فەرمانبەر لە پەناگەیەکی هەرێمی کوردستان بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:"چەند ساڵێک پێش ئێستا کە لێرە دەستم بە کار کرد، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەڕەشەم لێکراوە." ناوبراو لە ساڵی 2008دا هەواڵی ڕووداوێکی دابوو. خزمی ژنێک وا لە پەناگەدا دەژیا بە تەلەفۆن هەڕەشەی لێ کردبوو و گوتبووی:" دەمەوێت پێت بڵێم ناوی خۆت و بنەماڵەکەت دەزانم. دەشزانم تۆ ناوی ئەو پیاوانەی وا گومانی هێرشکارییان لێ دەکرێت داوەتە پۆلیس و هەروەها نامەت بۆ دادگا نووسیوە. تۆ داکۆکی لەو بکە، بەڵام ئەوە کارێکی هەڵەیە. من چاوترسێنت دەکەم." دوای تەلەفۆنەکە، فەرمانبەری ناوبراو ئاگاداری پۆلیسی کردەوە و وەک تەگبیرێکی سەلامەتی خۆی، ئیش و کارەکەی خۆی بە جێ هێشت و منداڵەکەشی هەمان ڕۆژ لە باخچەی منداڵان هێنایە دەرەوە. کابرای تەلەفۆنکەر هەرگیز نەناسرا.




ڕێکخراوەی ناحکوومی"ئاسوودە" پەناگەیەک لە سلێمانی بەڕێوە دەبات.

© Amnesty International

هێرشی چەکدارانەی ڕۆژی 11ی پینجی 2008 بۆ سەر پەناگەیەک کە ڕێکخراوەی ناحکوومی "ئاسوودە" لە سلێمانی بەڕێوەی دەبات، و وەبیرهێنەرەوەیەک بوو بۆ ئەو مەترسییانەی وا ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبنەوە. کابرای تفەنگچی، کە دەگوترێت خزمی ژنێک بێت وا لە پەناگەکەدا دەژیت، لەناو بینایەیەکی دراوسێیانەوە تەقەیەکی زۆری لە پەناگەکە کرد و ژنێکی بە خەستی بریندار کرد. تا مانگی دووی ساڵی 2009، کەس لە پەیوەندیی ئەم ڕووداوەدا تۆمەتی فەرمی لێ نەدراوە.

# ئامۆژگاری

**یاسا بگۆڕن**

- بە هەموو ئەو قانوونانەدا بچنەوە کە جیاوازی بۆ ژنان دادەنێن، بە تایبەت ئەو بەندانەی یاسای سزا و قانوونی ئەحواڵی شەخسی، هەروەها هەر بەندێک کە ڕاستەوخۆ یا لەژێر کارتێکەریی ئەودا ژنان جیاوازییان بۆ دادەنرێت.

- تەگبیری کاریگەر بکەن بۆ لەناوبردنی یاساکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان، بە یاساخکردنی خەتەنەی کچان و ڕاونانی هەموو ئەوانەی وا فەرمانی کارەکە دەردەکەن یاخود بەڕێوەی دەبەن.

- تەگبیری کاریگەر بکەن بۆ یاساخکردنی مارەکردنی پێشوەخت و مارەکردنی بە زۆر، یەک لەو ڕێگایانەش ئەوە بێت کە بە یاسا پەیوەندیدارەکاندا بچنەوە و بەکاریان بهێنن.

**دەسەڵات بدەن بە ژنان**

- هەنگاو هەڵێننەوە لە بواری باشترکردنی پەروەردەی کچان، ویەک لەوانە، بە هۆی زامنکردنی ئەوەی هەموو کچان پەروردەی سەرەتاییان هەبێت و بە هۆی کارکردن لە پیناوی زامنکردنی ئەوەی کچان و کوران بتوانن بە شێوەی هاوچەشن دەستیان بە خوێندنی ناوەندی ڕابگات.

- پشتگیری لەسەربەخۆیی ئابووری ژنان بکەن و پەرەی پێ بدەن، بە زیادکردنی دەرفەتی ئیش و کارەوە بۆ ژنان.

**تەگبیری باشتری پارێزگارییەکان بکەن**

- زامنی ئەوە بکەن کە ئەو کاربەدەستانەی وا لە پەیوەندیی کێشەکەدان یاخود ئاگاداری ژنانی بەر مەترسین، بتوانن و بیانەوێت هەنگاوی کاریگەر، بەجێ و خێرا بۆ پارێزگاریکردنیان هەڵێننەوە، ئەوەش لە ڕێگەی تەگبیرکردنی بە ڕێ وجێ سەبارەت بە قەرارەکانی پارێزگاریی مەدەنی شیاو و لە کاتی خۆیدا– و لەسەر بنەمای بڕیاری داد پەروەری- بو ئەوەی پیاوێک وا هەڕەشەی ئازار گەیاندن بە ژنێکی کردووە لێی قەدەغە بکەن پەیوەندی بە ژنەکەوە بگرێت؛

- بە ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنگرانی مافەکانی ژنان و بەڕێوەبەرانی پەناگەکان، پشتگیری شیاوی دارایی و پشتگیرییەکانی تر بۆ بەڕێوەبردن یا دامەزراندنی پەناگە و دەرەتانەکانی تر کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکوومییەکان یا حکوومەتەوە بەڕێوە دەچن ئاڕاستەی ژنانی ژێر مەترسی زەبروزەنگ بکەن.

- زامنی ئەوە بکەن کە پەیرەوەی ستانداردی نووسراو بۆ هەموو دامەزراوێک هەبێت، بە پەناگە، گرتووخانە، پۆلیسخانە و ئەو نەخۆشخانانەوە کە بەردەوام ژنان دەنێرنە ژینگەیەک کە خۆی لە خۆیدا مەترسیدارە، ئەو پەیرەوانەش بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی ژنان، دەبێ تاقمێک تەگبیری سەلامەتی بگرنە بەر چاو، لەوانە، زامنکردنی ئەوەی ژنێک کە دەگەڕێتەوە سەرماڵ و حاڵەکەی بە تەواوی ئاگادار بکرێتەوە لە مەترسییەکان و ئەو دەزگا خۆجێییانە بناسێت کە ئەرکیان بەدواداچوون و شوێنگرتنی سیستەمی پارێزگاریی ئەو ژنانەیە وا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ و پەیوەندی بە جێی شوێنگرتنیان لەگەڵیدا هەبێت؛

- دەرەتانی ژینگەیەکی سەلامەت و دەسەڵاتبەخش بۆ ئەو ژنانە بخوڵقێت کە پێویستییان بە پارێزگاری هەیە بۆ ماوەیەکی نادیار لەناو و دەرەوەی پەناگەکاندا، بە دابینکردنی دەرەتانی شەهادە و ئیش دۆزینەوەوە؛

- دابینکردنی میکانیزمی پارێزگاریکردنی پشتگیریکراو بۆ ژنانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بە ڕاوێژکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان.

**لێکۆڵینەوە و ڕاونان**

- زامنی لێکۆڵینەوەی خێرا، کاریگەر، سەربەخۆ، بێ لایەن و هەمەلایەنە بکرێت لە هەموو کەیسێکی ڕاگەیێنراوی توندوتیژیی دژ بە ژناندا، بە چاوپێکەوتنی جیاجیا لە گەڵ هەموو لایەن و شایەدێکی پەیوەندیدارو کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەزموونێکی دادگایی پێویست؛

- زامنی ئەوە بکرێت کە فەرمانبەری بە باشی ڕاهێنراو، بە فەرمانبەرانی ژنەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی توندوتیژیی دژ بە ژنان دابین کرابێتن،

- زامنی ئەوە بکرێت کە هەستیاری و سەلامەتیی بابەتەکانی نێرومێیەتی لە کاتی وەرگرتنی شایەدیی لەو کەسانە بگیرێتە بەرچاو، کە لە دەست توندوتیژی ڕزگارییان بووە یا شایەدی مەسەلەکە بوون؛

- زامنی پارێزگاریکردن لە شایەدیدانی ژنان لە دادگا دا بکرێت؛

- زامنی ئەوە بکرێت کە لە هەر کوێیەک نیشانە و بەڵگەی بەجێ و شیاوی قەبووڵکران هەبێت، گومانلێکراوانی کاری توندوتیژیی دژ بە ژنان دەستبەسەر و بەشێوەی فەرمی تۆمەتبار بکرێن، بەڵام مافەکانی مرۆڤیان بۆ بگیرێتە بەر چاو، و هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ گرتنی ئەو گومانلێکراوانەی وا هەڵاتوون.

- زامنی ئەوە بکرێت کە هەموو ئەوانەی وا بۆ کردەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان ، لە دادگاییکرانێکی دادپەروەرانەدا، بە تاوانبار دەناسرێن ، قەراری وایان بۆ دەربکرێت کە لەگەڵ قورسایی تاوانەکەیاندا یەک بگرێتەوە، بەڵام قەراری ئیعدام نا.

**کاربەدەستان بۆ مەسەلەی کاروباری ژێندەر ڕابهێنن**

- بۆ هەموو لایەنەکانی کاروباری سیستەمی دادوەریی تاوان لە مەسەلەی ژێندەر- واتە نێرێنە و مێیەتیدا، ڕاهێنان بکەن- بە ئەفسەرانی پۆلیس، ئەزموونکارانی پزیشکیی کاروباری دادگا، لێکۆڵەر و دادوەرانەوە- بۆ ئەوەی فەرمانبەران و ئەندامانی دادوەری بە تەواوەتی بتوانن بە هەستیاری و توانای شیاوەوە بە گازندەکەی ڕابگەن؛

- زامنی ئەوە بکەن کە ڕاهێنان لە کاروباری ژێندەر بۆ هەموو کاربەدەستێک لەناوچەی ژێر ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گونجاو بێت و بە خێرایی هەنگاو هەڵێننەوە بۆ زامنکردنی ئەوەی ئەفسەری پۆلیسی ڕاهێنراو بۆ کاروباری ژێندەر لە هەموو پۆلیسخانەیەک، بە شوێنە گوندنشینەکانەوە، لەبەر دەستدا بێت؛

- زامنی دامەزرانی سیستەمێکی کارامە و سەربەخۆ بۆ شکایەتکاری سەبارەت بەو تۆمەتانە بکرێت کە گوایە پۆلیس و کاربەدەستانی حکوومی ئەرکی یاسایی خۆیان لە مەڕ

پارێزگاریکردنی ژنان و بەرگریکردنی توندوتیژی لە کاتێکدا کە دەبوایە بیکەن، نەکردووە، ئەم کەمتەرخەمییانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی یاسایی دەبێ سزای ڕێکخراوەیی و تاوانی بە شوێندا بێت.

**تەگبیری بەرگرییەکان باشتر بکەن**

- ڕاوێژکاری و هاوکاری و تێوەتلانی ڕاستەوخۆتان هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان، پشتگیری و لە کاروباری وشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە تاوانی زەبروزەنگ دژ بە ژناندا، لە شێوازی کۆن و نوێ کەڵک وەربگرن؛

- بە شێوەی سیستەماتیک، سەبارەت بە ڕووداوی زەبروزەنگ دژ بە ژنان، داتای زانیاریی هەمەلایەنە گردوکۆ بکەن و بە هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی تر، هەروەها خەڵکانی ئاکادێمی و هی تر، زامنی ئەوە بکەن کە ئەو زانیارییانەی وا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەیانەوە دەست دەکەون بکەونە بەر دەستی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ پاڵاوتنی سیاسەتە فەرمییەکان و ڕەوتە یاساییەکان بۆ ئەوەی لە پێناو ڕاگەیشتن بە زەبروزەنگی دژ بە ژناندا سوودیان لێ وەربگیرێت.

# 9. هێرشکاری بۆ سەر ئازادیی دەربڕینی بیروڕا

لەم چەند ساڵەی دواییدا، گەلێک دامودەزگای میدیا، بە تەلەفیزیۆنی سەتەلایت، ئیزگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و چاپەمەنی ترەوە لە هەرێمی کوردستانی عیراق سەریان هەڵداوە. زۆربەیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتگیری دارایی دەکرێن. هەندێکیان هی حزبە سیاسییە سەرەکییەکان، واتە پدک و ینکن ، بەڵام تەنانەت حزبە سیاسییە بچووکەکانیش وەک الجماعە ئەلئیسلامییە تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامەی خۆیان هەیە. سەرەڕای روو لە زیادبوونی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، هەرچۆنێک بێت، زۆربەی دەزگاکانی میدیا شوێنی هێڵی فەرمی دەگرن و خۆ لە ڕەخنەگرتن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، *ئاسایش*، دەزگا زانیارییەکان و دوو حزبە سەرەکییە سیاسییەکان دەپارێزن.

لەم دواییانەدا چاپەمەنیی سەربەخۆی تازە سەری هەڵداوە، بەتایبەت ڕۆژنامەی وەک هاوڵاتی و ئاوێنە، خۆیان وا دەرخستووە کە دەیانەوێت ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگرن و کاروباری تر بخەنە بەر باس. لەناو ئەو کاروبارانەی دیکەدا توندوتیژیکردنی دژ بە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئاسایشەوە، ئەوەی پێی دەگوترێ گەندەڵی، خاترگرتنی نابەجێ و نەبوونی شەفافییەت لە وەزارەتخانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دوو حزبە سیاسییە سەرەکییەکاندایە، و کارتێکەریی خۆیان بە سەر هەموو لایەنێکی ژیان لە هەرێمی کوردستانیان پەرە پێ داوە.
دەرئەنجامێکی ئەو مەسەلەیە، ڕوولەزیادبوونی گرتن و کردەوەی تر دژ بە ڕۆژنامەنووسان بووە، کە لەلایەن *ئاسایش* و دەزگا زانیاییەکانی ترەوە گیراون، لێیاندراوە و هەراسان کراون. زۆر ڕۆژنامە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تاکی دەسەلاتداری ناو دوو حزبە سیاسییەکانەوە بەکار هێنراون. لە مانگی یەکی 2008 دا، بۆ نموونە، سەرکۆماری عیراق، تاڵەبانی شکایەتی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی کرد بۆ بوختانهەڵبەستن و چاپکردنەوەی زانیاریی درۆ، دوای ئەوەی کە وتارێکی وەرگێراویان چاپ کرد کە مایکڵ روبین، زانایەکی ئەمریکی کە لە زانستگەی سەلاحەددین و سلێمانی وانەی دەگوتەوە نووسیبووی. ئەو تۆمەتە فەرمییەی کە لە ڕۆژنامەکە درا، لەژێر بەندی 433ی یاسای سزای عیراقدا تۆمارکرابوو، و ئەویش بوختانکردن بە تاوان دادەنێت. بۆ نیشانە گرتنی ڕۆژنامەنووسان و سەرکوتکردنی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا کەڵک لەم وتارە وەرگیراوە.

بەش بە حاڵی خۆیان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و *ئاسایش* گازندەی ئەوە دەکەن کە چاپەمەنی سەربەخۆ پێوانەی باشی بیروڕا دەربڕین بەکار ناهێنن و ڕێزی پێویست لە نەریتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ناگرن. لە مانگی نۆی 2008دا یاسایەکی نوی بۆ چاپەمەنی پەسند کرا، کە زیندانی وەک سزای تاوانی پەیوەندیدار بە چاپەمەنی لەناو برد. سەرەڕای ئەو هەنگاوە باشە، ڕۆژنامەنووسان بە بەردەوامی دەکرێنە نیشانە و تەنانەت دەگیرێن.

ئەم ڕۆژنامەنووسانەی خوارەوە لەم ساڵانەی دواییدا گیراون و لە هەندێ کەیسدا پێش ئەوەی ئازاد بکرێن، لێیان دراوە. ڕۆژنامەنووسێک لە بارودۆخی گومانلێکراودا کووژراوە.

**کەماڵ سەید قادر** بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە ژووری تاقە کەسیدا بەبێ دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر یا کەس و کار وخزمی خۆی ڕاگیرا. ڕفاندنەکەی لە پەیوەندیی وتارێکدا بوو کە لەسەر ئینتەرنێت بڵاوی کردبوەوە و باسی گەندەڵی و خاترخاترێنی کردبوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. 30 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە، بەڵام دواتر کەوتە بەر لێبووردن (بڕوانە بەشی 7).

**محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی**، تەمەن دەوروبەری 35 ساڵ، ڕۆژنامەنووسێک کە بۆ ڕۆژنامەی"پێکا" کاری دەکرد لە شارۆچکەی ڕانیەی نزیک سلێمانی، لەلایەن فەرمانبەرانی ئاسایشەوە لە ڕۆژی 24ی مانگی یەکی 2007دا گیرا. بە گوێرەی هەواڵ، ناوبراو تۆمەتی ئەوەی لێدراوە کە بۆ حزبێکی سیاسی ترو وڵاتێکی بێگانە شۆفاریی کردووە. بۆ ماوەی 55 ڕۆژ پێش ئەوەی مۆڵەتی چاوپێکەوتنی کەسوکاری پێ بدرێت، لە ژووری تاکە کەسیدا زیندانی کرا، پاشان، هەفتەی جارێک مۆڵەتی چاوپێکەوتنی کەسوکاری پێدرا، بەڵام هەرگیز دەستی بە پارێزەر ڕانەگەیشت. لە ڕۆژی 19ی مانگی حەوتی 2007دا بە بێ تۆمەتبارکرانی فەرمی ئازاد کرا.

**نەبەز گۆران**، ڕۆژنامەنوسێکی سەربەست، لە ئەسڵدا خەڵکی هەڵەبجە، کە لە هەولێر دەژی و کار دەکات، ڕۆژی 4ی مانگی چواری 2007 لە دەرەوەی ئوتێلێک لە هەولێر لەلایەن پێنج پیاوی چەکدار بە جلوبەرگی سوپاییەوە ڕفێنرا، چاویان بەست، دەستیان لە پشتەوە شەکەت دا و بە زۆر خستیانە ناو ترومبێلێکەوە. برایە شوێنێکی نەناسراو. لەوێ بە میلەی ئاسن و کەرەسەی تر لێی درا، کە بوو بە هۆی بوورانەوەی. ئینجا بە ڕاکشاوی بە جێیان هێشت تا ئەوەی لێخۆڕی ترومبێلێک وەستاو بردی بۆ نەخۆشخانەیەک لە هەولێر. پێش ئەو هێرشکارییە، نەبەز گۆران چەند وتارێکی بڵاوکردبووەوە و تێیاندا ڕەخنەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرتبوو. ڕفێنران و لێدرانەکەی دەگوترێت تەنیا چەند ڕۆژ دوای ئەوە بووبێت کە کاربەدەستێکی بەرزی پدک لە قسەکانی خۆیدا سووکایەتی بە دانیشتووانی کوردی عیراق کردبوو.



نەبەز گۆران
© Amnesty International

**ناسیح عەبدولڕەحیم ڕەشید ئەمین**، ڕۆژنامەنوسێکی سەربەستی 30 ساڵان خەڵکی هەڵەبجە، ڕۆژی 11ی مانگی شەشی 2007 بانگ کرایە ئاسایشی هەڵەبجە. بۆ ماوەی دوو سەعات لە پەیوەندیی وتارێکدا لێپرسینەوەی لێکرا، کە بە کوردی لە ماڵپەڕێک بە ناوی کوردستان پۆست دا(www.kurdistanpost.info) بڵاوی کردبووەوە. وتارەکە ڕەخنەی لە پێشمەرگە دەگرت و تۆمەتی لەسەرۆکانی پێشمەرگە دابوو، کە گەندەڵن. داوای لێکرا ڕۆژی دوایی بچێتە بینایەی *ئاسایش* و کاتێ چوو، سەرلەنوێ لێی پرسرا بۆچی وتارەکەی نووسیوە و گەلۆ ئەندامی حزبی یەکگرتووی ئیسلامییە، کە گوتی نا. پێی گوترا دوو هەڵبژاردنی لە بەر دەمە، یا وتارێک بنووسێت و داوای لێبووردن لە پێشمەرگە بکات، یاخود شکایەتی دادگای لێبکرێت، و پێنج ڕۆژیشیان مۆڵەت پێدا. کاتێ ڕەتی کردەوە داوای لێبووردن بکات، گیرا و تۆمەتی فەرمی لێدرا بۆ بوختانکردن لەژێر بەندی 433ی یاسای سزا (کە بوختان بە تاوان دادنێت). هەمان ڕۆژ برایە دادگا و لە ماوەی چەند خولەکێکدا قەراری 10 ڕۆژ زیندانی بۆ دەرکرا.

کەس وکارەکەی پارێزەرێکیان بۆ گرت کە داوای پێداچوونەوەی قەرارەکەی کردو بە کەفیل ئازادی کرد. دەبوایە ڕۆژی 7ی مانگی دەی 2007 بچێتەوە دادگا، بەڵام پێش ئەو ڕۆژە، هەواڵی گرتن و بردنی لەلایەن چوار فەرمانبەری ئاسایشەوە گەیشت، کە بە زۆر خستبوویانە سندووقی پشتەوەی ترومبێلێکەوە و بردبوویانە دەرەوەی هەڵەبجە، لەوێ بە مستەکۆڵە و شەق لێیاندابوو. بە

چاو بەستراوی بەجێیان هێشتبوو و ڕۆیشتبوون. ناوبراو بە پێیان چووبوە گوندێک و لەوێوە پەیوەندی بە کەسوکارەکەیەوە بەستبوو. ڕۆژی دواتر، چوو بۆ *ئاسایش* و گازندەی مەسەلەکەی کرد، بەڵام *ئاسایش* نکۆڵی لەوە کرد دەستی لە کارەکەدا بووبێت. لە ئەنجامدا دوای ئەوەی لایەنێکی سێهەم کەوتە نێوانەوە، قەبووڵی کرد وتارێک بنووسێت و بڵێ نەیویستوە ئەوە ڕابگەیێنێت کە هەموو پێشمەرگەیەک گەندەڵە، تەنیا هەندێکیان وان. ئینجا کەیسەکەی دژ بەو، داخرا.

**ئاسۆ جەماڵ موختار،** ڕۆژنامەنووسێکی 42 ساڵان خەڵکی سلێمانی، خاوەن ژن و سێ منداڵ، کە بۆ ڕۆژنامەی سەربەخۆی" **ڕۆژنامە"** کار دەکات. ناوبراو پێشتر بەرنامەیەکی پەروەردەیی لەسەر تەلەفیزیۆن بەڕێوە دەبرد. ئێوارەی ڕۆژی 7ی مانگی پێنجی 2007 بە ترومبیل دەچوووە بۆ ماڵ، کاتێ کە سێ پیاوی کلاوقووتی چەکدار بە جلوبەرگی مەدەنییەوە ترومبیلەکەی خۆیان لە بەر دەمیدا وەستاند، مەجبووریان کرد لە ترومبیلەکەی بێتە دەرەوە و بەدارەدەست بەربوونە سەرو پشتی. پیاوەکان هیچ قسەیەکیان نەکرد و ئەویش دوای چەند خولەکێک توانی لە دەستیان ڕابکات. چوو بۆ ناو بینایەی تەلەفیزیۆن و پاسەوانەکانی ئەوێ بردیان بۆ نەخۆشخانە. مانگێک دواتر، لەسەر ئیش و کارەکەی وەلانرا. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە کاربەدەستێکی بەرزی حکوومەت پێی گوتووە کە دەرکردنەکەی لە بەر چاپکردنی وتارێک بووە کە تێیدا ڕەخنەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرتووە.

**ڕزگار ڕەزا چووچانی،** ڕۆژنامەنووسێکی 28 ساڵانی خەڵکی هەولێر، کە ژن و هەروەها منداڵێکی هەیە، ڕۆژی 3ی شەشی 2008 بانگ کرایە دائیرەی سەرەکیی "زێرەوانی" دەزگای زانیاریی پێشمەرگە لە سەلاحەددین. ناوبراو وەک ڕۆژنامەنووس کاری بۆ"زێرەوانیی کوردستان" دەکرد، کە گۆڤارێکە دەزگای ناوبراو بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام دەوروبەری مانگێک پێش ئەوەی بانگ بکرێت، ئیستیقالەی دابوو و چیتر بۆ گۆڤارەکە ئیشی نەدەکرد. پاشان چەند وتارێکی سەبارەت بە گەندەڵیی ناو دەزگاکە لە ڕۆژنامەیەک بە ناوی"بەرزان" و ماڵپەڕێکدا بە ناوی "هوراکورد" کە خۆی سەرپەرشتی دەکرد، بڵاو کردەوە. کاربەدەستانی زێرەوانی بە ڕواڵەت هەڕەشەیان لێکردبوو. لەگەڵ براکەیدا چوو بۆ دائیرەی سەرەکی زێرەوانی. کاربەدەستانی زێرەوانی بە براکەیان گوتبوو بڕواتە دەرەوە. و گوتبوویان غەرامە لە ڕزگار ڕەزا چووچانی دەستێنن. پاشان، بۆ ماوەی شەش ڕۆژ کەس و کاری هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕزگار ڕەزا چووچانییەوە نەبوو، تا ئەوەی لە ڕۆژی 9ی مانگی شەشی 2008دا ئازاد کرا. دەگوترا، کە ئازادییەکەی بەو مەرجە بووە چیتر هیچ نەنووسێت. لەوەڵامێکدا کە وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان لە 19ی مانگی دەدا ناردیان بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی، گوترابوو کە ڕزگار ڕەزا چووچانی" ئەفسەرێکی سوپا بووە و بە گوێرەی یاسای سوپایی مامەڵەی لە گەڵدا کراوە." بە بێ ئەوەی هیچ شتێکی دیکە ڕابگەیێنن.

**سۆران مامە حەمە،** ڕۆژنامەنووسێکی 23 ساڵان ڕۆژی 21ی حەوتی 2008 لە دەرەوەی ماڵەکەیان لە کەرکووک تەقەی لێکراو کووژرا. تەقەکە، لەناو ترومبیلێکەوە کراو پیاوێک لێی کرد کە بەرگی مەدەنی لەبەردابوو و ناوبراو چەند وتارێکی نووسیبوو و تێیاندا ڕەخنەی لە گەندەڵی و خۆمخۆمانەی ناو ینک و پدک گرتبوو. وتارەکان لە گۆڤاری سەربەخۆی "لڤین"دا بڵاو بووبوونەوە، کە لە سلێمانی دەردەچێت. بە گوێرەی هەواڵ، ناوبراو چەند ڕۆژ پێشتر هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو.

ڕۆژی 12ی مانگی هەشت، وەزیری مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یۆسف عەزیز محەممەد، گوتبووی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان "بە کووژرانی ئەم دواییەی سۆران مامە حەمە

خەفەتبار بووە و ڕاتڵەکاوە. ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕوای بەهێزمان بە مافی ئازادیی بەیان هەیە و ئەم کوشتنانە بە هەموو هێزێکی گونجاوەوە مەحکووم دەکەین. ئێمە ئەوپەڕی هەوڵمان دەدەین بۆ یارمەتیدانی لێکۆڵینەوە لەو تاوانە و هێنانی تاوانباران بۆ دادوەری..."[45]

زۆر ڕۆژنامەنووس و نووسەری تر لە مانگی حەوتی 2008دا هەڕەشەی کوشتنیان لێکرا. ناوی یەک لەوانەی وا هەڕەشەی لێ کرا، سۆران عومەرە کە ناوی لە لیستەی ئەو ڕۆژنامە نووس و خەڵکانی تردا هاتبوو کە مەترسی کووژرانیان لەسەرە، ئەوەش بە ڕواڵەت بۆ ڕەخنە گرتن لە دوو حزبی سیاسی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ڕۆژی 24 ی مانگی حەوت، **سۆران عومەری** خەڵکی سلێمانی، کە ژن و دوو منداڵی هەن چەند تەلەفۆنێکی نەناسراوی بۆکرا کە تێیاندا هەڕەشەی مردنی لێکرابوو ئەگەر نووسینەکانی خۆی نەوەستێنێت. ئەو پێشتر چەند وتاری لە گۆڤارێکدا نووسیبوو بە ناوی "ڕێگا"، کە خۆی سەرنووسەری بوو. هەروەها لە "لڤین" یشدا. لەو وتارانەدا، دەگوترا ڕەخنە لە گەندەڵی و خۆمخۆمانەی دوو حزبەکە گیرابێت.

ڕۆژی 23ی مانگی حەوت، چەند پیاوێک کە بەرگی مەدەنییان لەبەردابوو، چوون بۆ ماڵی **نیهاد جامی**، ڕۆژنامەنووسێک کە لە شاری کەرکووک کاری دەکرد، و ئەویش لە دەرەوەی دەسەڵاتی قانوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام بە کردەوە، کۆنترۆڵی ئەوێی بەسەرەوەیە. پیاوەکان لە دەرگای ماڵی نیهاد جامی یان دا، بەڵام ئەو و هاوسەرەکەی لە ماڵ نەبوون. پیاوەکان چەند سەعات لەوێ چاوەڕوان مانەوە و ئینجا ڕۆیشتن. دەورووبەری هەمان کاتژمێر، ڕۆژنامەنووسێکی تر، **کۆسرەت عەبدولڕەحمان** لە پەیوەندیی ئەو وتارانەی وا نووسیبوونی، بە تەلەفۆن هەڕەشەی لێکرا.

**مەروان تەوفیق**، سەرنووسەری "برەو"، چاپەمەنییەکی مانگانە، لە ڕۆژی 28ی هەشتی 2008دا، بە پێی قەراری دادوەرێک لە شارۆچکەی سەید سادق دەستبەسەر کرا. بردیانە زیندانی تەسفیرات لە سلێمانی. بەڕواڵەت دوای شکایەتی کوڕی شەهیدێک تۆمەتی فەرمییان لێ دابوو بۆ سووکایەتیکردن بەو شەهیدە.[46]

**شوان داودی**، سەرنووسەری هەواڵ، ڕۆژنامەیەک کە لە کەرکووک دەدردەچێت، ڕۆژی 5ی یازدەی 2008 لە دادگای تاوانی سلێمانی، مانگێک زیندانی پێ درا لەسەر سێ تۆمەتی فەرمی بۆختانکردن کە لە پەیوەندیی هەندێک وتاردا کە لە ساڵی 2004 نووسیبووی و لەوێدا تەنگژەکانی بارەگای فەرمانڕەوایی ناوچەکەی ڕاگەیاندبوو، لەلایەن دادوەرێکی خانەنشینەوە لێی درابوو. هەروەها غەرامەیەکیشیان لێ ئەستاند. پارێزەری شوان داودی داوای پێداچوونەوەی قەرارەکەی کرد و نوسخەیەکی یاسای چاپەمەنی نوێی (بڕوانە خوارەوەتر)، نارد بۆ داوەر. بەڵام هەرچۆنێک بێت، داوەرەکە گوتبووی ئاگاداری یاسا نوێیەکە نەبووە و شوان داودییش لە زیندانی چاکسازی لە دەرەوەی سلێمانی مایەوە هەتا لە ڕۆژی 11ی یازدەی 2008دا ئازاد کرا.[47]

**عادل حوسێن** دوکتورێکی پزیشک، ڕۆژی 24ی یازدەی 2008 لەلایەن دادگایەکی هەولێرەوە لەسەر وتارێک کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هاووڵاتیدا سەبارەت بە سێکس و حەزکردن لە هاوتوخم لە ڕوانگەی پزیشکییەوە نووسیبووی، شەش مانگ زیندان و غەرامەی بۆ بڕایەوە. وتارەکە ڕۆژی 11ی چواری 2007 بڵاو کراویەوە. هەم داواکاری گشتیی هەولێر و هەم سەندیکای پزیشکی کێشەی دژ بەویان بردە دادگا. بە گوێرەی بەندی 403ی یاسای سزای عیراقی، کە سەبارەت بە چاپی ئەو بابەتانەی وا دژبە ئەخلاق دادنرێن. دوای ناڕەزایی دەربڕینی خۆجێیی و ناونەتەوەیی دژ بە گرتنەکەی، ناوبراو ڕۆژی 7ی دوازدەی 2009 ئازاد کرا.[48]

پەیمانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، بەوانەوە کە عیراقیش مۆری کردوون، زامنی مافی ئازادیی بیروڕادەربڕین دەکەن. بەندی 19(2)ی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و یاساییەکان (ICCPR) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت:

*" هەموو کەسێک دەبێ مافی دەربڕینی ئازادی بیروڕای هەبێت، ئەو مافە دەبێ ئازادی داواکردن، پێگەیشتن و هاوردە کردنی هەموو چەشنە زانیاری و بیروباوەڕێکی هەبێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ سنوورێک، بە گوتن، بە نووسین یا بە چاپ، لە شێوازی هەر چەشنە هونەرێکدا، یا لە بەر هۆی هەر چەشنێکی میدیاوە کە خۆی هەڵیدەبژێرێت."*

ئازادیی دەربڕینی بیروڕا شتێکی ڕەها نییە و دەبێ بە مەرجی هەندێک بەربەستەوە بێت بۆ ئەوەی زامنی ئەو ڕاستییە بکرێت کە ئەو ئازادییانە لەگەڵ ئازادیی کەسانیتردا ناکۆک نەبن. یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ چوارچێوەیەک بۆ گەیشتن بەو هاوسەنگییە لەنێوان ئازادیی بیروڕا دەردەبڕێت و ڕوخساری مافەکانی خەڵکانی تر دیاری دەکات. بە گوێرەی بەندی 19(3) ی ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و یاساییەکان (ICCPR) ، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا تەنیا کاتێک دەتوانرێت بەربەست بکرێت، کە یاسا مۆڵەتی کارەکەی دابێت، پێویست و لەگەڵ ئامانجە قانوونییەکاندا هاوڕێژە بێت (ئەو ئەنجامانە لە پەیوەندیی پاراستنی سوودی خەڵکانی تر یاخود کۆمەڵگادان). هیچکەسێک نابێ بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕای خۆیەوە هەڕەشە، یاخود دەستدرێژیی ئەندامیی لێ بکرێت.

لێبووردنی نێونەتەوەیی لای وایە، وەک یاسایەکی گشتی دانانی بەربەستی تاوانکاریی بۆ بوختانکردن شتێکی نابەجێیە. بە تایبەت، نابەجێ دەبێت کاتێ ئەوەی وا گوایە بوختانکردن بە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بێت کە دادگا بە تەواوەتی دەیانناسێت و چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت لە بەرانبەر ڕەخنەگرتندا ڕادەیەکی زیاتری سینگفراوانییان لە تاکە کەسی ئاسایی هەبێت. لێبووردنی نێونەتەوەیی لای وایە بوونی ئەو یاسایانەی ئێستا، کارتێکەرییەکی بەرگریکەرانەیان هەیە لەسەر وتووێژی سەبارەت بەو بابەتانەی وا کۆمەڵانی خەڵک بە تەنگیانەوەن و دانانی بەربەستی تاوان بۆ بوختانکردن بە کاربەدەستانی کەرتی گشتی، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی دەربڕینی ئازادیی بیروڕا.

نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئازادی دەربڕینی بیروڕا ئامۆژگاری دەکات کە، لای کەم، یاساکانی تاوانی بوختان دەبێ بە سوودی یاسا مەدەنییەکان هەڵوەشێنرێنەوە، و بەربەستدانان بۆ بوختانکاری نابێ سزای ئەوەندە توندی هەبێت کە کارتێکەریی ناخۆشی لەسەر ئازادیی بیروبڕاو دەربڕینی بیروڕا هەبێت.[49]

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات یاسا بۆ چاپەمەنی دابنێت. ڕەشنووسی یاسای چاپەمەنی یەکەم جار لە 13ی دوازدەی 2007دا لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە پەسند کرا. ئەم ڕەشنووسەی یاسا گەلێک ڕێ لێگر بوو و سزای قورسی دارایی و تەنانەت زیندانی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە گرتبووە بەرچاو کە بۆ هەندێک پەرژینشکاندنی لێڵ و نادیار وەک "تێکدانی ئاسایش"، "بڵاوکردنەوەی ترس" و "هاندانی تیروریسم" ی دانابوو. گەڵاڵەکە چاوەڕوانی پەسندی کۆتایی بوو لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، دوابەدوای ڕەخنەی ناونەتەوەیی و خۆجێیی لە ڕەشنووسی یاساکە، سەرۆک ڕەشنووسی یاساکەی بۆ چاوپێخشاندنەوە ناردەوە بۆ پەرلەمان.

ڕۆژی 22ی مانگی نوێ 2008 یاسای نوێی چاپەمەنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کرا. لە یاساکەدا زیندان بۆ هێندێ پەرژینشکاندن وەک بوختان لابراوە و ئەو غەرامەیە کەم

کراوەتەوە کە دەکرێت لەسەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە دابنرێت کە خەریکی بەڕێوەبردنی ئەرک و کاری خۆیانن.[50] یاساکە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و فەرمانبەرانی مێدیای هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا. بەڵام هەرچۆنێک بێت، هەندێک کەس گازندەی ئەوەیان کرد کە یاساکە دوای پەسند کرانیش بە تایبەت لەلایەن *ئاسایش* و دەزگا زانیارییەکانی ترەوە پشت گوێ خراوە و ئەوەش لە گرتن، پرس وجۆ و هەندێک جاریش هەڵسوکەوتی نابەجێ دەرحەق بە ڕۆژنامەنووساندا دەرکەوتووە.

# ئامۆژگارییەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی:

- بە گونجاوی لەگەڵ ئەرکەکانی عیراق لەژێر یاسا نێونەتەوەییەکاندا، ڕێز لە مافی ئازادی دەربڕینی بیروڕا و ئازادیی میدیا بگرن و پارێزگاریی لێ بکەن؛

- کۆتایی بە کردەوەی گرتنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر سوودوەرگرتنی قانوونییان لە ئازادی بەیان بهێنن و کۆتایی بە هەرچەشنە دەستتێوەردانێکی فەرمی ناقانوونی لە کاری ئازادیی میدیا، وەک هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان بهێنن؛

- بە ئاشکرا هێرشی ئەندامیی، کردەوەی دەستتێوەردان، هەڕەشە و هەرچەشنە تاوانێک کە دژ بە ڕۆژنامەنووسان و فەرمانبەرانی دیکەی میدیا دەکرێت، مەحکووم بکەن. زامنی ئەوە بکەن کە هەموو ئەو کردەوانە، بە خێرایی، بە تەواوەتی و بێ لایەنی، لێکۆلینەوەیان لەسەر دەکرێت و ئەوانەی وا بەرپرسی کارەکەن دەدرێنە دەست دادوەری؛

- لە مەسەلەی کووژرانی ڕۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە بکۆڵنەوە و زامنی ئەوە بکەن کە ئەوانەی وا بەرپرسی مردنەکەین لە دادگایەکی عادڵانەدا موحاکەمە بکرێن، بەڵام سزای ئیعدامی لەگەڵدا نەبێت؛

- بەڕێوەبردنی هەموو ئەو بەندانەی ناو یاسا، بەتایبەت یاسای سزای عیراقی، کە بوختانکردن بە کاربەدەستانی حکوومی بە تاوان دادەنێن، بوەستێنن، و یاساکانی تاوانی بوختان هەڵوشێننەوە و یاسای مەدەنییان لە شوێن دابنێن.

# پەراوێزەکان

[1]- ئەوە چەمکێکە لە یاسای بنەڕەتی عیراقیدا کەڵکی لێ وەرگیراوە و ئاماژە بە سێ پارێزگای کوردی لە باکوور دەکات.

[2]- لە ماوەی سەردانیاندا، نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی چاویان بە گەلێک بەرپرسانی سەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیر و کاربەدەستان، بەڕێوەبەرانی ئاسایشی گشتی (بەڕێوەبەرایەتییان) لە هەولێر و سلێمانی، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، پارێزەران، داوەران، ڕۆژنامەنووسان و گەلێک بنەماڵەی زیندانیان و زیندانیانی پێشوو کەوت. لێبووردنی نێونەتەوەیی بەوپەڕی ڕێزەوە سپاسی یارمەتیدان و کارهاسانی بۆ نوێنەرەکانی دەکات لە ماوەی سەردانیاندا بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق.

[3]- لێبووردنی نێونەتەوەیی چەندەها ڕاپۆرتی بڵاوکردووەتەوە کە دەستدرێژیی هەمە چەشنەی مافەکانی مرۆڤی لەلایەن هەموو ئەو لایەنانەوە بە بەڵگە هێناوەتەوە کە لایەنێکی کێشەی عیراق بوون و لەوانە، حکوومەتی عیراق، هێزە فرەنەتەوییەکان و تاقمە چەکدارەکان. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بابەتانە، سەردانی ماڵپەڕی لێبووردنی نێونەتەوەیی بکەن لە سەر ئەم ئەدرەسە: www.amnesty.org

[4]- بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراقیش تێکەڵاوی کێشەکە بوو.

[5]- دەوڵەتی ئەمریکا کەوتە نێوان پدک و ینک ەوە. لە مانگی نۆی 1998دا دوو حزبەکە پەیمانی واشەنتۆنیان ئیمزا کرد.

[6]- ڕۆژی 24ی مانگی دووی 2009 ینک یەکگرتنەوەی سێ وەزارتخانەی ڕاگەیاند. نەکرا ئەو زانیارییە پشتڕاست بکرێتەوە.

[7]- لە سەرەتای 1970 کانەوە حکوومەتی پێشووی عیراق ڕەوتێکی بەعەرەبکردنی کەرکووکی دەست پێکرد، کە لە ئەنجامدا گەیشتە دەرکردنی بەمەزندە 450 هەزار کورد و دانانی عەرەبی عیراقی لە ناوەند و باشووری عیراق لە شوێنی ئەوان. شارەکە ئێستا بە چڕی تێکەڵاوێکە لە دانیشتووانی کورد، تورکمان و عەرەب.

[8]- دەگوترێت کەرکووک سەرچاوەیەکی نەوتی هەبێت کە بە 11 تا 15 میلیار بەرمیل بەراورد دەکرێت. باوەڕ وایە کە سەرچاوەی نەوتی عیراق بەسەریەکەوە، لای کەم 112 میلیار بەرمیل بێت.

[9]- وەزێری کاروباری دەرەوەی ناوچە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، "ڕاپۆرت سەبارەت بە گۆڕانکاریی ئیداری لە کەرکووک و ناوچەکانی جێگەی مشتومڕ"، هەولێر، مانگی دوازدەی 2007.

[10]- ڕۆژی 5ی شەشی 2008، دەستەی یارمەتیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق (UNAMI) ڕاپۆرتێکی سەرەتایی بڵاوکردەوە و ئامۆژگاریی ئەوەی کرد کە دوو ناوچەی جێگەی مشتومڕ بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندیی عیراقەوە، لە کاتێکدا مافی بەڕێوەبەرایەتی دوو ناوچەی دیکەی دایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم ڕاپۆرتە سەرەتاییە و ئامۆژگارییەکانی، لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنەی لێگیرا. ئەوان شتەکەیان بەرپەرچ نەداوە، بەڵام چاوەڕوانی ڕاپۆرت و ئامۆژگاریی دیکەن پێش ئەوەی وەڵامی فەرمی بدەنەوە.

[11]- لێبووردنی نێونەتەوەیی: " عیراق: دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی عیراق لە 1991ەوە ( Index: MDE 14/01/95) ، 28ی مانگی دووی 1995.

[12]- یاساکە لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان دانراوە.

[13]- نامەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی، 19ی مانگی دەی 2008.

[14]- بە گوێرەی قسەی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ناوی نۆ کەسەکە بەم شێوەیەیە: نەوزاد کەریم ئیسماعیل، حەسەن عەبدوڵا سەعید، عوسمان فایق، عەبدولسەلام حەسەن کانەبی، ئاسۆ عومەر ئیسماعیل، وەلید یۆنس ئەحمەد، ئەحمەد موحەممەد عوسمان، ئەرسەلان ئیسماعیل خدر، و هیوا عەبدولڕەحمان ڕەسووڵ. وەزارەتی ناوبراو گوتی بۆ چارەسەریی کێشەی ئەوکەسانە، لەگەڵ وەزارەتی دادپەروەریدا کار دەکات.

[15]- ئەنسار ئەلئیسلام گروپێکی چەکدارە، پێشتر بە گشتی لە دەوروبەری هەڵەبجە دامەزرابوون و دژ بە دەسەڵاتدارییەتی کوردی لە باکوور، حکوومەتی عیراقی، و هیزی فرەنەتەوەیی بەڕێبەرایەتی ئەمریکا شەڕیان دەکرد. ڕێکخراوەکە، چەند هێرشی خۆکوژیی چەکدارانەی ئەنجام داوە و دەستدرێژی چڕوپڕی کردووەتە سەر مافەکانی مرۆڤ، لەوانە بە بارمتەگرتنی خەڵک،

ئەشکەنجە و کوشتنی خەڵکی مەدەنی، هاوڕێ لەگەڵ کوشتنی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش دوای گرتنیان.

[16]- ئەلجەماعە ئەلئیسلامییە، حزبێکی سیاسی ناسراوی موعاریزە و ئەندامی لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە و یەک نوێنەریشی لە ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عیراقدا لە بەغدا هەیە، هاوڕێ لەگەڵ وەزیرێک لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەوانەش چەندەها دەرزەن لە ئەندامانی حزبەکە کراونەتە نیشانە بۆ گرتن و دەستبەسەریی. زۆربەیان دوای پێکهاتنی بەردەوامی ڕێبەرایەتی ئەلجماعە ئەلئیسلامییە و پدک و ینک ئازاد کراون.

[17]- بەندی 14ی هەمان ڕێکەوتننامە ئەم پەیڕەوانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێت:

3. لە بڕیاردان سەبارەت بە هەرچەشنە تۆمەتێکی فەرمی سەبارەت بە تاوان دژ بەو، هەمو کەس دەبێ مافی ئەو کەمترین گەرەنتییانەی خوارەوەی، بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەک هەبێت:

(ئە) بە خێرایی و هەمەلایەنی بە زمانێک کە لێی تێبگات، لە سروشتی هۆکاری تۆمەتبارییەکەی خۆی تێ بگەیێنرێت.

(پ) بە بێ دواکەوتنی ناپێویست، موحاکەمە بکرێت،

4.هەر کەسێک کە بە هۆی گیران و دەستبەسەرییەوە لە ئازادی خۆی بێبەش بکرێت، مافی ئەوەی هەیە ڕەوتی کێشەکەی بەرێتە بەردەم دادگایەک، بۆ ئەوەی دادگاکە بەبێ دواخستن سەبارەت بە قانوونیبوونی دەستبەسەرییەکەی بڕیار بدات و ئەگەر دەستبەسەرییەکەی قانوونی نەبێت قەراری ئازادییەکەی دەربکات.

[18]- ڕۆژی 20ی مانگی دوازدەی 2000 لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا.

[19]- بەندی 14(2) دەڵێت:"هەر کەسێک تاوانی فەرمیی تاوانێکی لێ درابێت، دەبێ مافی ئەوەی هەبێت کە تا ئەو دەمەی بە گوێرەی یاسا بە تاوانبار نەناسراوە، بێتاوان سەیری بکرێت. بەندی 14(13) بەڵێن دەدات کە: "لە بڕیاردانی تۆمەتباریی فەرمی سەبارەت بە هەر تاوانێک دژ بەو، هەمووان دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت، بە تەواوەتی و بە شێوەی یەکسان، دەستیان بەم گەرەنتییانە ڕابگات،:

(ئە) خێرا و بە هەمەلایەنی بە زمانێک کە تێی بگات، لە سروشت و هۆکاری تۆمەتبارییە فەرمییەکە دژ بە خۆی ئاگادار بکرێتەوە؛

(ب) کات و دەرەتانی بەجێی بۆ ئامادەکردنی داکۆکی خۆی و پەیوەندیکردن بە پارێزەرێکی ناو دادگاوە کە خۆی هەڵیبژاردبێت، هەبێت،

(پ) بە بێ هیچ دواکەوتنێکی بێهوودە دادگایی بکرێت؛

(ت) بە ئامادەیی خۆی، و بۆ داکۆکیکردنی شەخسی یاخود لە ڕێگەی یارمەتیدەرێکی یاسایی کە خۆی هەڵیبژاردبێت، دادگایی بکرێت، ئەگەر پارێزەری نەبێت، لەو مافە ئاگادر بکرێتەوە کە دەتوانێ هەیبێت، دەتوانێ یارمەتیی یاسایی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەوەش  لە هەموو حاڵەتێکدا، کە سوودی دادوەری ئەوە بخوازێت، و بە بێ ئەوەی پارەی بۆ بدات لەو حاڵەتانەدا کە توانای ئەوەی نەبێت خۆی پارەکەی بدات،

(ج) شایەدییەکانی دژ بە خۆی هەڵسەنگێنێت یا هەڵسەنگاندبێت و بتوانێ شایەدەکانی خۆی لەلایەن خۆیەوە بهێنێت و هەڵیان سەنگێنێت، بە هەمان شێواز کە شایەدییەکانی دژ بەو بەڕێوە دەبرێن.

(چ) ئەگەر ناتوانێ لە زمانی بەکارهاتووی ناو دادگا تێبگات یا قسەی پێ بکات، یاریدەی بە خۆڕایی وەرگێڕیشی هەبێت؛

(ح) مەجبوور بەوە نەکرێت کە دژ بەخۆی شایەدی بدات یا دان بە تاواندا بنێت.

4. لە کێشەی خەڵکانی گەنج ولاودا، ڕەوتی دادگا دەبێ بە شێوەیەک بێت، کە تەمەن و  هەروەها خواستی مەوداپێدان بۆ  هێنانەوەی بۆ سەر ڕێگای ڕاست بگیرێتە بەرچاو.

5. هەموو ئەوانەی وا قەراری تاوانێکیان بۆ دەردەچێت دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت کە لە دادگایەکی بەرزتر و بە گوێرەی یاسا،  بە قەرار و سزاکەدا بچنەوە.

6. کاتێ کەسێک بە گوێرەی دوایین قەرار بۆ تاوانێکی جینایی مەحکووم کرابێت، هەروەها کاتێ کە لە ئەنجامدا قەرارەکەی ڕاگیرابێت یا لە سەر بنەمای ڕاستەقینەی نوێ یا تازەپێزانراو بە شێوەیەکی یەکلاکەروە دەرکەوێت کە یاسا بە باشی بەڕێوە نەبراوە، ئەو کەسەی

---

کە لە ئەنجامی ئەو مەحکوومبوونەدا ڕەنجی سزاکەی کێشابوو، دەبێ بە گوێرەی یاسا قەرەبووی بۆ بکرێتەوە، مەگەر دەرکەوێت کە ئاشکرانەکردنی ڕاستەقینەیەکی نەزانراو لەو کاتەدا بەسەرجەمی یا لە بەشێکیدا بەرژەوەندی ئەوی تێدایە.

7. هیچکەسێک نابێ جارێکی تر دادگایی بکرێت و سزا بدرێت بۆ تاوانێک کە لە ئەنجامدا بە گوێرەی یاسا و ڕەوتی سزای هەروڵاتێک قەراری لە سەر دەرچووە یاخود بە بێ تاوان ناسراوە.

[20]-هەنگاوی ئەرێیی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵانی رابوردوودا بۆ ڕاگەیشتن بە توندوتیژیی دژ بە ژنان هەڵیهێنراوەتەوە و لەوانە، دامەزراندنی هەندێک دەزگای نوێ بۆ چاوەدێریکردنی توندوتیژیی دژ بە ژنان و پێشکەشکردنی پشتگیری بە قوربانییانی توندوتیژی – وەک "لێژنەی چاوەدێریکردنی کوشتنی ناموسی" لە ڕادەی ئەنجومەنی وەزیراندا، لێژنەی تایبەت کە پێک هاتووە لە نوینەرانی چەند وەزارتخانە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس بۆ شوێنگرتنی توند وتیژیی دژ بە ژنان لە ڕادەیەکی حکوومیدا.

[21]- یاسای ژمارە 14ی 2002 دەڵێت: "تاوانکاریی دژ بە ژنان بە بیانووی هەڵخڵێنەری ناموسییەوە نابێ وەک هۆکارێکی خاوکەرەوەی یاسایی سەیر بکرێت لە بەکارهێنانی یاسایی بەندی 128، 130، و 131ی یاسای سزا، و ژمارە 111ی ساغکراوەی ساڵی 1969 دا." لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عیراق بەندی 128 ئێستاش هەر بنەمای یاسایی دەرکردنی قەراری کەم و نابەجێ بۆ ئەو پیاوانەیە وا بە کوشتنی مێیینەی خزمی خۆیان مەحکووم دەکرێن. بەندی 128 دەڵێت: " بیانووی بەدەرکردنی تاکێک لە سزا، یا بۆ ئەوەی سزاکەی دابشکێت، هیچ بیانوویەک نییە مەگەر بۆ ئەو کەیسانەی وا یاسا تایبەتمەندی کردوون، جگە لەوانەی وا لەم کەیسانەدان، بیانوی کەمکەرەوە، بریتییە لە بەڕێوەبردنی تاوانێک بە هەڵخڵێنەری ناموسییەوە یا لەبەر هاندانی جیددی و نابەجێ لەلایەن قوربانیی تاوانەکەوە." بە گوێرەی بەندی 130، لە هەر کوێیەک کە هەلومەرجی خاوکەرەوە هەبێت، سزای مەرگ واهەیە سووک بکرێت و ببێتە ساڵێک زیندان و سزای زیندانی هەمیشەییش کەم بکرێتەوە بۆ شەش مانگ زیندان.

[22]- لە کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، چاوەڕوان دەکرا ڕەشنووسی یاسای سەبارەت بە توندوتیژی لە ناو بنەماڵە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکرێت و خێرایەک دەنگی لەسەر بدرێت.

[23]- جاڕی فەوتاندنی توندوتیژیی دژ بە ژنان، بڕیارنامەی ژمارە 48/104ی 20ی مانگی دوازدەی 1993ی ئەنجومەنی گشتی، بڕیارنامەی ژمارە 48/104ی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (ژمارە 49) لە 217، بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان (1993) A/48/49

http:// www.unesco.org/shs/human_rights/wac.htm)

[24]- وەزیری مافەکانی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی، 30ی مانگی دەی 2008

[25]- وادەردەکەوێت کە ئەم ژمارەیە تەنیا ئەو ڕووداوانە بگرێتەوە کە تێیاندا هۆکاری بەهێزهەیە بۆ باوەڕهێنان بەوەی کوشتنەکە بە دەستەقەسد بووە و بەهەڵکەوت ڕووی نەداوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، کوشتنی بەدەستەقەسد بەهۆی برینی سووتانەوە ناگرێتە بەر.

[26]- ڕۆژی 19ی یازدەی 2008 دەسەڵاتداریەتی کوردی ئاگاداری لێنووردنی نێونەتەوەییان کردەوە کە دوو گومانلێکراو لە زینداندا ماونەتەوە و سێهەم گومانلێکراو هەڵاتووە.

[27]- ئەم داتایە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بۆ شوێنگرتنی توندوتیژیی دژ بەژنان لە سلێمانی ئاراستە کرا.

[28]- کورتکراوەی وتاری ڕۆژی 1ی چواری 2008ی ڕۆژنامەی ئاوێنە لە سەر ماڵپەڕی چاوەدێریی مافەکانی ژنانی کورد دەرکەوتووە. http://www.kwrw.org

[29]- بە مێرددانی بە زۆر بریتییە لەو بە مێرددانەی وا بە بێ مۆڵەتی ڕەوای هەردوولایەنەکە بەڕێوە دەبرێت، و لەوێدا تۆپزیی فاکتەرێکە. ئەم کارە پێشێلکەری پێوانە ناسراوەکانی مافی مرۆڤە لە ئاستی نێونەتەوەییدا و ناتوانرێت لە سەر بنەمای ئایینی یا کەلتووری قەبووڵ بکرێت. بە گوێرەی یاسای ئەحواڵی شەخسییەی عیراقی، مارەبڕینی بەزۆر یاساخ کراوە و سزای تا سێ ساڵ زیندان بۆ کەس وکاری پلە یەکەم کە دەستیان لە کارەکەدا هەبێت، گیراوەتە بەرچاو(بەندی 9).

[30]- بە گوێرەی قانوونی ئەحواڵی شەخسییەی عتراق، تەمەنی قانوونیی ژن و مێردایەتی 18 ساڵە(بەندی 7). هەرکەس بیەوێت لەژێر تەمەنی 18 ساڵاندا زەواج بکات، دەبێ هەلومەرجی تایبەتیی وای هەبێت کە یاسا مۆڵەتی دابێت: دەبێ لای کەم 15 ساڵان

بن، ئیجازەی دایک و باوک یا سەرپەرەشتیان لە سەر بێت و مۆڵەتی یاساییشیان پێ درابێت (بەندی 8). بەڵام هەرچۆنێک بێت، بەکردەوە زۆرێک لە کچانی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە ڕێ و ڕەسمی ئایینی خۆمانە و نەک لە دادگا، بە مێرد دەدرێن.

[31]- ڕاپرسیی ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی (WHO)، ڕاپرسی ساڵی 2007- 2006ی تەندروستیی بنەماڵە لە عیراق، مانگی یەکەمی 2008(لاپەڕە 2 و لاپەڕە 3)

[32]- بە گوێرەی ڕاپرسیی ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی (WHO) لە ناوەند و باشووری عیراق، سەدا 22.7 ی ژنانی مێردار ڕایانگەیاندووە کە لە ماوەی 12 مانگی ڕابوردوودا لای کەم شێوازێک لە شێوازەکانی دەستدرێژیی ئەندامییان بەسەر هاتووە.

[33]- بڕوانە ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە مەدەنی و یاساییەکان (ICCPR) (بەندی 13) و CRC(ئەسڵی 7)

[34]- ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی، ڕاپرسیی ساڵی 2007- 2006 ی تەندروستیی بنەماڵە لە عیراق+ لاپەڕە 2 و 3

[35]- ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی، ڕاپرسیی ساڵی 2007-2006ی تەندروستیی بنەماڵە لە عیراق، لاپەڕە 2

[36]- نامەی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی، 19ی یازدەی 2008

[37]- ئەوەی پێی دەگوترێت "بەڕێوەبەرایەتیی شوێنگرتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان" لە ساڵی 2007دا لە هەر کام لە سێ پارێزگاکە دامەزرا.

[38]- لە ناوەڕاستەکانی مانگی حەوتی 2008دا دەسەڵاتدارییەتی کوردی ڕایگەیاند کە دروستکردنی پەناگەیەک بۆ پارێزگاریکردنی کاتیی ژنان پەسند کراوە. لە سەرەتای ساڵی 2009دا هێشتا ئەو پەناگەیە دەستی بە ئیش نەکردبوو.

[39]- نووسینگەی هارتلەند ئەلایەنس لە سلێمانی لە سەر پەیڕەوی بەڕێوەبردنی پەناگەکان لە عیراق ئیش دەکات.

[40]- لە کەیسێکی هاوچەشنی دیکەدا، ئاوارە عەلی مەحموود لە 23 ی دوازدەی 2007دا لە سەر جادەی نزیک بەماڵی خۆی لە گەڕەکی ئازادی لە سلێمانی، تەقەی لێکراو کووژرا، ژنی ناوبراو پێشتر پەنای بردبووە بەر پەناگەیەک لە سلێمانی و پێش ئەوەی پەناگەکە بەجێ بهێڵێت ئەندامی نێرینەی بنەماڵەکەی ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد کە سەلامەتی ئەوی تێدا زامن کرابوو. ئەندامێکی نێرینەی بنەماڵەکە گومانی کوشتنی ئەوی لێدەکرێت، بەڵام ئەو کەسە لە کۆتایی ساڵی 2008یشدا هەر هەڵاتبوو.

[41]- نامەی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی، 19ی ی یازدەی 2008

[42]- ئەوانە، حەوت بڕیاری دادگای تاوانی دهۆک بوون، یەک لەلایەن دادگای تاوانی سلێمانییەوە و یەکیان لەلایەن دادگایەکی تاوان کە بنکەی لە سلێمانییە و بە کاروباری ئەو کەیسانە ڕادەگات کە لە دەرەوەی ناوچەی بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە.

[43]- ڕۆژی 8ی حەوتی 2008 دادگای تاوانی دهۆک سزای ئیعدامی بە سەر ڕێبەر خورشید سەعیددا سەپاند بۆ کوشتنی ژنی تەڵاقدراوی خۆی گوڵزار خدر محەممەد. لێبووردنی نێونەتەوەیی داوای لە دەسەڵاتدارییەتی کوردی کرد کە سزایەکی هاوکێش لەگەڵ تاوانەکەی بدرێتە ڕێبەر خورشید سەعید، بەڵام سزای ئیعدامی تێدا نەگیرێتە بەرچاو.

[44]- کێشەکە برایە بەردەم دادگای تاوانی کەرکووک کە لە سلێمانی دامەزراوە و بەو تاوانانە ڕادەگات کە لە دەرەوەی هەرێمەکە ڕوویانداوە.

[45]- "ڕاگەیاندننامە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان کوشتنی ڕۆژنامە نووسی کەرکووک مەحکووم دەکات، 12ی هەشتی 2008 www.krg.org

[46]- هی کەماڵ چۆمانی 28ی هەشتی 2008 kurdishMedua.com

[47]- لێژنەی پارێزگاریکردنی ڕۆژنامەنووسان: "نامەی لێژنەی پارێزگاریکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕێزدار فارووق جامی وەزیری دادپەروەریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان"، 11ی یازدەی 2008 (بە ئیمەیل).

[48]- لێبووردنی نێونەتەوەیی بە ڕاگەیاندنی ئاشکرا داوای ئازادیی خێرا و بێ مەرجی ئەوی کرد وەک زیندانیی بیروباوەڕ

---

[49]- ڕاپۆرتی نوێنەری تایبەت سەبارەت بە گەشەپێدان و پارێزگاریکردنی ماف بۆ ئازادیی بۆچوون و بەیان، E/CN.4/2000/63 18ی مانگی یەکەمی 2000، پەرەگرافی 52.

[50]- ڕۆیترز، 23ی مانگی نوێ 2008

## لە ئاژاوەیەکی زۆر جنگەی باس، یا لە قوژبنێکی لەبیرکراوی سەر گۆی زەوی بێت، **لێبووردنی نێونەتەوەیی** بۆ دادپەروەری و ئازادی هەمووان خەبات دەکات وخولیای ئەوەی هەیە کە لە پێناوی خوڵقاندنی جیهانێکی باشتردا، پشتگیریی گشتی ببزوێنێت.

### تۆ چیت لە دەست دێت؟

چالاکانی سەرانسەری جیهان دەریان خستووە کە دەگونجێت بەربەرەکانی ئەو هێزە مەترسیدارانە بکرێت کە مافەکانی مرۆڤ پشت گوێ دەخەن. ببە بە بەشێک بە لەو بزووتنەوەیە. بەربەرەکانی ئەوانە بکە کە چەرچی ترس و کینەن.

- لەگەل لێبووردنی نێونەتەوەیی بکەوە و ببە بە بەشێک لە بزووتنەوەی خەباتی جیهانی بۆ کۆتایی هێنان بە دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ. یارمەتیمان بدە بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی پێک بهێنین.
- یارمەتی دارایی ئاڕاستە بکە بۆ پشتگیری کردنی کاری لێبووردنی نێونەتەوەیی.

### پێکەوە دەتوانین کارێک بکەین دەنگمان ببیسترێت.

☐ پێم خۆشە زانیاریی زیاترم سەبارەت بە چۆنیەتی ئەندامبوون لە لێبووردنی نێونەتەوەیی پێ بگات.

ناو

ئەدرەس

ووڵات

ئیمەیل

☐ پێم خۆشە یارمەتییەکی دارایی ئاراستەی لێبووردنی نێونەتەوەیی بکەم
(یارمەتییەکان بە پاوەنی ئینگلیز، دۆلاری ئەمەریکی یا بە یورۆ وەردەگیرێت)

مەبلەغی

تکایە هەڵیبگرن لە ڤیزە ☐ ماسترکارد ☐

ژمارە

ڕێکەوتی کۆتایی بایەخی کارتەکە

ئیمزا

www.amnesty.org

تکایە ئەم فۆڕمە بنێرنەوە بۆ نووسینگەی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ووڵاتی خۆتاندا. بۆ نووسینگەی لێبووردنی نێونەتەوەیی جیهانی: www.amnesty.org/en/worldwide-sites

ئەگەر نووسینگەی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ووڵاتەکەتاندا نەبێ، تکایە ئەم فۆڕمە بنێرە بۆ:
**Amnesty International**, International Secretariat, Peter Benenson House,
1 Easton Street, London WC1X 0DW, United Kingdom



# هیوا و ترس

## مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عیراق

هەرێمی کوردستانی عیراق بە گشتی لەوتوندوتیژییە ڕۆژانەیە بە دوورە کە لەم سالانەی دواییدا بۆتە پێناسەی بەشی زۆری ناوچەکانی دیکەی وولات. هەرێمەکە، کەم و زۆر، تووشی پێشکەوتی ئابووریی و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی هاتووە، وحکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا پێشکەوتی بەرچاوی کردووە. سەرەڕای ئەوانەش، پێشێل کرانی جیددی مافەکانی مرۆڤ بەردەوامە.

هەزاران کەس بێهوودە گیراون و بە بێ تۆمەتبارکرانی یاسایی یا موحاکەمە کردن، لە دەستبەسەریدا ماونەتەوە و زۆرێکیان بۆ ماوەی چەند ساڵ. هەندێکیان ئەشکەنجە کراون یا خود بە باشی لەگەڵیاندا نەجووڵاونەتەوە؛ بەشێکیان بوونەتە قوربانیی ونبوونی بە دەستەقەسد. زۆریان لە لایەن ئاسایشەوە، کە ڕێکخراوەیەکی ئەمنییە، بە بێ قەراری قانوونی گیراون و نەیانهێشتووە پێش دادگاچوون چاویان بە پارێزەرێک بکەوێت، یا دەرەتانیان بێت دژ بە گیرانەکەیان بوەستن. لە ناو ئەوانەدا کە کراونەتە نیشانە، ناحەزانی سیاسی دەسەڵاتداریەتی کوردی، وەک کاربەدەستانی مێدیا و ئەندامانی گرووپە ئیسلامییەکان، بەرچاو دەکەون.

سەرەڕای ئەوەی هەنگاوی زۆری ئەرێ یی هەڵێنراوەتەوە و لەوانە، چاکسازیی قانوونی و دامەزرانی پەناگە بۆ ئەو ژنانەی وا لە چنگ دەستدرێژی هەڵاتوون، زەبروزەنگی هەمەگیر دژ بە ژنان هێشتا هەر درێژەی هەیە.

ئەم ڕاپۆرتە، لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو دانراوە کە لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە برا و گەلێک کێشەی تاکەکەسی دەگرێتە بەر. ڕاپۆرتەکە ئەو پێشکەوتانە بەرجەستە دەکاتەوە کە دەسەڵاتداریەتی کورد دەستی کەوتوون، وەک ئازاد کرانی زوربەی زیندانیانی سیاسی درێژماوە، بەڵام دەریدەخات کە پێویستە گەلێک هەنگاوی بە پەلەی ترهەڵێنرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێز و پارێزراویی مافەکانی مرۆڤی هەموو ئەوانەی وا لە هەرێمی کوردستاندا دەژین زامن بکرێت.


Amnesty International
International Secretariat
Peter Benenson House
1 Easton Street
London WC1X 0DW
United Kingdom

www.amnesty.org



Index: MDE 14/006/2009
مانگی ئەپریلی 2009


AMNESTY INTERNATIONAL